


# پاشکۆی شەهید شیفا گەردی

ڕووداو– هەولێر

شیفا گەردی، بەڕێوەبەری ئاوتپووت و بێژەر و پێشکەشکار لە تۆڕی میدیایی ڕووداو، لەکاتی ڕووماڵی شەڕی مووسڵ شەهیدبوو. لەگەڵ ئەم ژمارەیەی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا پاشکۆیەکی تایبەت بەو شەهیدە ڕۆژنامەڤانە پێشمەرگەیە وەربگرە و بخوێنەوە.


ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (447) دووشەممە 2017/2/27 - 8ی ڕەشەمێ 2716 (750) دینار


## دۆلاری ساختەی ئیسرائیلی لە باشووری کوردستان بڵاودەبێتەوە
2

## (ڕووداو) وردەکاریی گۆڕانکارییەکانی نێو یەکێتی بڵاودەکاتەوە
4



زریان ڕۆژهەڵاتی:

## یەپەگە و پەکەکە خاڵۆزان؟
14

لێژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وردەکاری نوێ بڵاودەکاتەوە:

# سلێمانی ئیستیجابەی بۆ چاکسازی کەمە



4

## فەرەنسا و بەریتانیا نێوانگیریی بارزانی و نەوشیروان مستەفا دەکەن
3

ژنان 10

## ژنێک لەسەر قەرز دەدرێتە بەر چەقۆ



وزە 7

## کوردستان پێویستی بە تورکیایە یان تورکیا پێویستی بە کوردستانە؟

ئابووری 6

## ئەسپە قەزەمەکانی فەرەنسا دەگەنە کوردستان



پاشکۆی پزیشکی تۆ

## وەرزش بکەی ڤیاگرات ناوێ



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (447) - دووشەممە 2017/2/27

## پۆلیس بەدوای ئەم گەنجەدا دەگەڕێت



رووداو- هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند گەنجێک ماوەی چوار رۆژە لە ماڵ چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە. لە راگەیەندراوێکدا پۆلیسی هەولێر وێنەی گەنجێکی بەناوی هەڵکەوت ئەسعەد تاهیر بڵاوکردەوە و داوای لە هاوڵاتیان کردووە هەر کەسێک زانیاریی لەبارەیەوە هەیە، پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێرەوە بکەن بە ژمارەکانی (0066104 — 066124 — 066144 — 07504460104).

بەپێی زانیاریی پۆلیس ئەو گەنجە قوتابی قۆناغی یەکەمی کۆلیژی شەریعەی زانکۆی سەلاحەدین بووە و دواتر وازی لە خوێندن هێناوە. گەنجەکە تەمەنی 22 ساڵە و دانیشتوی ناحیەی خەلیفانی سەر بە پارێزگای هەولێرە.

"کارمەندی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران دۆلاری ساختەیان پێیە"

# دۆلاری ساختەی ئیسرائیل لە بازاڕەکانی کوردستان بڵاودەبێتەوە



### پۆلیسی سۆران: ساڵی رابردوو دەستمان بەسەر 270 هەزار دۆلاری ساختەدا گرتووە

### بازرگانێکی دراو: دۆلارە ساختەکەی ئێستا زۆر پێشکەوتووە و ئامێرە بچووکەکان ئاشکرای ناکەن

مەهدی محەممەد رواندزی
رووداو — سۆران

ئەو کەسانەی ئاڵوگۆڕی دراو دەکەن، دۆلارەکانی نێو دەستیان بە بۆمبێکی تەوقیتکراو دەزانن و دەڵێن جۆرە دۆلارێکی ساختە دێتە بازاڕەکانی کوردستان کە بە دۆلاری ئیسرائیلی ناسراوە، زۆر بە زەحمەت بەو ئامێرانەی لە کوردستان هەن ئاشکرا دەکرێ.

هەبوونی دراوی ساختە لە قەزای سۆران خەریکە دەبێتە دیاردە و دۆلارفرۆشەکانی نیگەرانکردووە. بەپێی ئامارێکی پۆلیسی سۆران کە تایبەت دراوەتە رووداو، تەنیا لە ساڵی رابردوودا، 270 هەزار دۆلاری ساختە دەستی بەسەرداگیراوە.

تاهیر عوسمان مستەفا، خاوەنی نووسینگەی (دانیا) بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دراو لە بازاڕی سۆران، گلەیی لە دەزگا ئەمنییەکانی سۆران دەکات کە وەک پێویست نەیانتوانیوە هەماهەنگییەکی باش دروست بکەن لەگەڵ بازرگانانی ئاڵوگۆڕی دراو.

تاهیر دەڵێت: "زۆرجار لەترسی هێنان و بردنیان بۆ لێکۆڵینەوە و گوتەوەرگرتن، دۆلارفرۆشانی سۆران چاوپۆشی لەو کەسانە دەکەن کە بڕە پارەیەکی کەمی ساختەیان پێبووە". یەکێک لە خاوەنی نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراوەکانیش، کە حەزینەکرد ناوی ئاشکرا بکرێت، ئەو قسەیەی تاهیر پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "جارێک گەنجێک 200 دۆلاری هێنا بۆی بگۆڕمەوە، پێمگوت کوڕم دۆلارەکەت ساختەیە، بڕۆ نە سەر ئێشە بۆ من دروست بکە نە بۆ خۆشت". ئەو دۆلارفرۆشە هەروەها دەڵێت "ئەگەر هەواڵێک بدەیتە ئاسایش، زۆر ماندووت دەکەن و بۆ ماوەیەک لە کار و کاسبیت دەکەن، ئەوەندە هاتوچۆت پێ دەکەن".

سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو دۆلارە ساختانەی دێنە کوردستان، ئەو دۆلارفرۆشە گوتی: "تا دراوسێکەمان ئێران بێ، ماددەی هۆشبەر و دراوی ساختە لە کوردستان نابڕێ".

موشیر ئەحمەد، کە لەنێو دۆلارفرۆشانی سۆران بە مەلا موشیر ناسراوە، مێزێکی بچووکی لەبەردەم نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو داناوە. ئەو خاوەن مێزانە هەمیشە راوچییەکی چەورن بۆ ئەوانەی بیانەوێ دۆلارە ساختەکانیان ساخ بکەنەوە، بەڵام مەلا موشیر دەڵێت پارووییەکی هێندە ئاسانیش نین کە ساختەکاران بتوانن قووتیان بدەن.

مەلا موشیر دەڵێت "دووجار گورزم لە ساختەکاران وەشاندووە. جارێکیان بڕی 7500 دۆلار و جارێکیش 3900 دۆلاری ساختەم لێگرتوون". بە گوتەی مەلا موشیر "ئەوەی یەکەمیان گرووپێکی گەورە بوون، 15 کەسیان لێ دەستگیرکران، چەند کەسێکیان کارمەندی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان بوون، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان بە کەفالەت ئازادکران". مەلا موشیر پێیوایە ئەوە دەبێتە جۆرێک لە هاندان و رێگاخۆشکردن بۆ ئەو کەسانەی ساختەکاری دەکەن.

مەلا موشیر باسی ئەو کاتانە دەکات کە ساختەکاران دۆلارەکانیان دەگۆڕنەوە "زۆربەیان بەرەو ئێوارە دێن، دەیانەوێ خێرا دۆلارەکەیان ساخ بکەنەوە و بڕۆن، بۆیە ئەگەر زۆر ئاگاداری خۆمان نەبین پێوەدەبین".

سەبارەت بە سەرچاوەی دۆلاری ساختە مەلا موشیر گوتی "زۆربەی دۆلاری ساختە لە ئێرانەوە دێت، بەشێکی کەمی لە تورکیاوە دێت. لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن دێت. جگە لەوەش خەڵکی خۆشمان هەیە کە دانیشتووی دەڤەری سۆرانە، کار بەو دراوە ساختەیە دەکات. ئافرەتم بینیوە پارەی ساختەی پێ بووە و ویستوویەتی بیگۆڕێتەوە".

تاهیر عوسمان، دۆلار ساختەی ئێستا بە "بۆمبی تەوقیتکراو" وەسفدەکات و دەڵێت "ئەو دۆلارە ساختەیەی ئێستا کەوتووەتە بازار، کێشەی زۆری بۆ دروستکردووین، زۆر بە وردی کاری لەسەر کراوە، زۆر بە ئاسانی بە ئامێری بچووک تێدەپەڕێ و نایخوێنێتەوە. تەنیا چەند ئامێری گەورە دەیخوێنێتەوە، نرخی ئەو ئامێرەش گرانە و بە 1300 دۆلارە، تەنیا چەند نووسینگەیەک ئەو جۆرە ئامێرانەیان هەیە". تاهیر عوسمان چەند 100 دۆلارێکی وەرگرتووە و نەیزانیوە ساختەیە، ئێستا بۆ جوانی بە دیواری نووسینگەکەی هەڵواسیوە.

بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران تایبەت دراوەتە (رووداو) تەنیا ساڵی رابردوو 29 پەڕاوی تایبەت بە دراوی ساختە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کراوەتەوە و 30 کەس بە تۆمەتی تەزویرکردنی دراو دەستگیرکراون. هەروەها بڕی 270 هەزار دۆلاری ساختەش دەستی بەسەرداگیراوە.

نەقیب هاوار ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی گوت "ئەو کەسانەی لەسەر دراوی ساختە گیراون، کورد و عەرەب و فارسیان تێدایە. هەندێکیان دادگایی کراون و حوکم دراون".

نەقیب هاوار ئاماژەی بەوەدا کە ساختەکاران زۆرترین هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی دراوە ساختەکانیان لە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو لە سۆران ساخ بکەنەوە، بەڵام بە دەگمەن لە داوی هێزە ئەمنییەکان رزگاریان دەبێ.

ئەرگۆشی باسی زۆرترین دراوی ساختە دەکات کە دەستیان بەسەرداگرتبێ و دەڵێت "ساڵی رابردوو باندێک بە یەکجار 150 هەزار دۆلاریان هێنابووە بازاڕی سۆران، باندەکە 16 کەس بوون، 11یان دەستگیرکران، بەڵام پێنجیان تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراون".

سەبارەت بە سەرچاوەی دراوی ساختەش، نەقیب هاوار گوتی "ئەو دراوە ساختانە کە زۆربەی دۆلارە، سەرچاوەکەیان بەغدا و ئێران و تورکیایە".

### بازرگانێکی دراو: تاوەکو دراوسێمان ئێران بێ، ماددەی هۆشبەر و دراوی ساختەمان لێ نابڕێ

### بازرگانێکی دراو: گرووپێکی گەورەی بازرگانیکردن بە دراوی ساختەم ئاشکراکرد، هەندێکیان کارمەندی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان بوون



زیاتر لە 600 گۆڕ دەبن

# گۆڕی کوردە راگوێزراوەکان دەکرێنە پڕۆژەی بازرگانی

### پەرلەمانتارێک: وەزیری کشتوکاڵی عێراق بەڵێنی داوە بەشێوەیەکی کاتی پرۆژەکە رابگرێ

### بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق: زەویی گۆڕستانەکە زۆر لەبارە بۆ پرۆژە

سیروان عەباس
رووداو- هەولێر

لە سنووری پارێزگای دیوانییە لە باشووری عێراق، گۆڕستانی تایبەت بەو کوردانەی لە سەردەمی بەعسدا بۆ ئەو شارە راگوێزران لەگەڵ زەوی تەخت دەکرێ و زەوییەکەی دەدرێتە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی پرۆژەی لەسەر بکەن.

خۆشەوی خەلیل بارزانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، زانیاری لەبارەی ئەو گۆڕانە دایە (رووداو) و گوتی "ئەو گۆڕستانانە گۆڕی بەکۆمەڵ نین، بەڵکو گۆڕی ئەو کوردە راگوێزراوانەی سنووری بارزانن کە لەدوای ساڵی 1975ەوە بەزۆرەملێ نێردران بۆ باشووری عێراق".

هەر لە سەردەمی بەعسەوە پلانی تێکدانی ئەو گۆڕستانە هەبووە، بەڵام حکومەتی ئێستای عێراق پلانێکی دیکەی هەیە بۆ تێکدانی ئەو گۆڕستانە. خۆشەوی بارزانی دەڵێت "پێش ساڵی 2003 حکومەتی سەدام حوسێن، بڕیاریدا ئەو گۆڕستانانە کە ژمارەیان چوار گۆڕستانە بکرێنە دارستان، ئێستاش حکومەتی عێراق بەنیازە زەوییەکەی تەخت بکات و بۆ پرۆژە بەکاری بهێنێ".

خۆشەوی و چەند پەرلەمانتارێکی دیکە ئێستا خەریکن بەر بە تێکدانی ئەو گۆڕستانە بگرن. خۆشەوی گوتی "سەردانی وەزیری کشتوکاڵی عێراقمان کردووە. لەسەر داوای ئێمە بەشێوەیەکی کاتی پرۆژەکە راگیراوە".

خۆشەوی بە زەحمەتی دەزانێت ئەو گۆڕانە بگوازرێنەوە کوردستان، بەڵام دەڵێت بەڵێنیان لە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق وەرگرتووە کە شوێنی گۆڕەکان دیاری بکرێن "بەڵام ئەوە بەس نییە، دەبێت چوار دەوری گۆڕستانەکان پەرژین بکرێ و وەکو سیمبولی قوربانیدانی کورد بمێنێتەوە".

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق رەتیدەکاتەوە ئەو شوێنە گۆڕستان بێت و دەڵێت: ئەو زەوییانە سەوزایی و دارستانن، ئەگەریش گۆڕستان بووبێت پێشتر تەختکراوە، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەڵێت گۆڕەکان دیارن هی کێن و خانەوادەکانیشیان دەزانن. بڕیاری تێکدانیشیان پەیوەندی بە ململانێی بەرژەوەندخوازی نێوان ئەنجوومەنی پارێزگای دیوانییە و چەند پەرلەمانتارێکەوە هەیە.

سەرچاوەیەکی باڵا لە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت: "ئەو زەوییانە ئاسەواری گۆڕستانیان لەدەستداوە، بەو پێیەی خاکێکی لەبارە و شوێنێکی گونجاویشی هەیە، ئەگەر بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاریی بەکاربهێنرێ باشترە، ناکرێت هەر پارچە زەوییەک و بەبیانوویەک دەستی بەسەردا بگیرێت".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق ئاماژە بەوەش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتەکەیان بەدواداچوونی ورد دەکات، ئەگەر دڵنیابوونەوە لەوەی گۆڕ لەژێر ئەو خاکەدا هەیە، لە لەناوچوون دەیپارێزن.

بەرەڤان حەمدی، بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ناتوانین ئەو رووفاتانە بهێنینەوە، ئەوان بەپێی شەریعەتی ئیسلام نێژراون و هەر یەکەشیان گۆڕی خۆی هەیە، بۆیە دەرهێنانی رووفاتەکان کارێکی ئەستەم دەبێت. لە هەمانکاتیشدا خەڵکی سنوورەکە بە هەڵدانەوەی گۆڕەکان رازی نابن، چونکە ئەو گۆڕستانانە تایبەت نین بە بارزانییەکان و گۆڕی چەندین مردووی دیکەی خەڵکی ناوچەکەی تێدایە".

شاڵاوەکانی ئەنفال کە ئێستا لەلایەن عێراق و ژمارەیەک وڵاتانی جیهانی بە جینۆساید ناسێندراوە، بە هەشت قۆناخ جێبەجێ کرا. کاتێک نیوە شەوی 1983/9/30 هەشت هەزار بارزانی ئەنفالکران، بە قۆناخی یەکەمی ئەنفال دانراوە، دوای ئەوەش حەوت قۆناغەکەی دیکە لە 1988/4/14 دەستیان پێکرد و لە 2016/10/26 کۆتاییان هات. بەگوێرەی ئامارە نافەرمییەکان 182 هەزار ئەنفالکراون. بەڵام چەند ساڵێک بەر لەو شاڵاوانەی ئەنفال، پرۆسەی راگواستنی زۆرەملێ بۆ باشووری عێراق بەڕێوەچوو کە تاوەکو کۆتایی هەشتاکانی خایاند. لەو ماوەیەدا جگە لە کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی سەتان هەزار کەس، هەزاران کوردی دیکەش دوور لە خاکی خۆیان بەهۆی برسێتی، نەخۆشی، پیری و هۆکارەکانی دیکە گیانیان لەدەستدا، زۆربەیان لە باشووری عێراق گۆڕ غەریب بوون.



# بانگدانی ئەلیکترۆنی پێویستی بە فتوایە

سیروان عەباس
رووداو- هەولێر

کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت پرۆژەی بانگدانی ئەلیکترۆنی ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، وەزارەتیش پرۆژەکەی "وەکو خۆی" پەسەند کردووە، ئێستا چاوەڕێی ئۆکەی لێژنەی باڵای فتوا لە هەرێمی کوردستان دەکات بۆئەوەی پرۆژەکە جێبەجێ بکەن.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت پرۆژەیەکی بۆ بە ئەلکترۆنیکردنی بانگدانی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان، پێشکەشی وەزارەت کردووە.

بە بڕوای نەقشبەندی لایەنی باشی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە کە گرفتی تەکنیکی وەکو نەبوونی کارەبای بۆ دروست نابێ "ئەو ئامێرەی بۆ بانگدان دادەنرێ خۆی بارگاوی دەکاتەوە، بەبێ کارەباش کار دەکات".

خاوەنی پرۆژەکە کۆمپانیای مایکرۆئۆدۆر، بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنییە. دانیار میرە، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە، بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ئەو پرۆژەیە پەسند بکات، یەک کەسی دەنگخۆش لە شارێکدا بۆ بانگدان دەنگی تۆمار دەکرێت. ئیدی لە هەموو مزگەوتەکانی ئەو شارەدا بە دەنگی ئەو کەسە بانگ دەدرێت.

گەورەترین گرفتی بانگدان لە کوردستان جگە لەوە گلەیی لە دەنگی هەندێک لەو بانگدەرانە دەکرێ، کاتەکانی بانگدانیش لە مزگەوتێکەوە بۆ مزگەوتێکی دیکە جیاوازە. خاوەنی پرۆژەکە دەڵێت "ئەو پرۆژەیە کاتەکانی بانگدان یەکدەخات، ئەوەش زۆر گرنگە بۆ موسڵمانان بەتایبەتی لە مانگی رەمەزاندا".

دانیار میرە هەروەها دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان گلەییەکی زۆر لە کاتە جیاوازەکانی بانگ و دەنگناخۆشیی بانگدەر دەکرێ، ئێمەش بیرمان لە چارەسەرێک بۆ ئەو بابەتە کردووەتەوە. بۆ ئەوەش ئامێرێک دروست دەکەین کە بەبێ کارەبا کاردەکات و توانای ئەوەی هەیە خۆی بارگاوی بکاتەوە، پێش کاتی بانگەکان بە دوو خولەک، ئامێرەکە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی هەڵدەبێت و لەکاتی خۆیدا بانگ دەدات".

سەبارەت بە چۆنیەتی رێکخستنی کاتی بانگەکانیش لەنێو یادگەی ئەو ئامێرەدا دانیار گوتی "بەگوێرەی ئەو کاتانەی کە وەزارەتی ئەوقاف دیاریان دەکات، ئامێرەکە بۆ ماوەی ساڵێک تەوقیت دەکرێت و خۆکارانە لە کاتەکانی خۆیدا بانگدەدات".

بە گوتەی دانیار دروستکردنی ئامێرەکە بیرۆکەی خۆیان بووە و هەر خۆشیان دروستیان کردووە. دانیار گوتی "ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی فتوا رەزامەندی لەسەر پرۆژەکە بدەن، لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئێرانی لە گفتوگۆداین و ئەوکاتە لەگەڵیان رێکدەکەوین بۆ دروستکردنی ئامێرەکە" بۆ نرخەکەشی دەڵێت "نرخی ئامێرەکە گونجاو دەبێت و رەچاوی دۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە".

هەرچەندە هیچ راپرسییەکی پێشوەختەیان لەسەر پێشوازی خەڵک لەو ئامێرە نەکردووە، بەڵام بەبڕوای دانیار میرە، موسوڵمانانی هەرێمی کوردستان پێشوازییەکی گەرمی لێدەکەن، چونکە بۆ بانگدانەکەش دەنگێک هەڵدەبژێرین کە زۆربەی دانیشتووان پێیان خۆشبێت.

رۆژی 2017/2/26 وەزارەتی ئەوقاف لەبارەی پرۆژەکە کۆبووەوە، ناوەڕۆکی پڕۆژەکەی ئەو کۆمپانیایەی وەکو خۆی پەسەندکرد و ناردی بۆ لێژنەی باڵای فتوا لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی رای شەرعی خۆی لەسەر بدات، هەروەها لێژنەکەی سەرپشککردووە لە پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی پرۆژەکە.

مەلا محەممەد ئێنەیی، ئەندامی لیژنەی باڵای فتوای هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "پەسندکردن یان رەتکردنەوەی پڕۆژەیەکی لەو جۆرە، پێویستی بە کۆبوونەوەی لیژنەکەمان هەیە، دەبێ بە وردی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەستنیشان بکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ".

سەبارەت بە رای فتوا بۆ پرۆژەکە. مەلا ئێنەیی گوتی "بۆ مەسەلەی فتوا دەبێ لەوە بکۆڵینەوە بزانین کە ئایا پێش ئێمە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی کاری بەو ئامێرە کردووە یان نا، بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرین و فتوادانەکەشمان ئاسانتربێ".

### گوتەبێژی وەزارەت: زەحمەتە پرۆژەکە جێبەجێ بکرێ

### لێژنەی فتوا: بۆ فتوا چاو لە وڵاتانی ئیسلامی دەکەین

### 465 بانگدەر لە کوردستان هەن

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان 5 هەزار و 477 مزگەوت لە کوردستان هەن، بەڵام تەنیا 465 بانگدەریان هەیە. لە زۆربەی مزگەوتەکاندا هاووڵاتیان لە پێناوی خودا بانگ دەدەن. نەبەز کەمال، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە (رووداو)ی گوت "زەحمەتە پڕۆژەکە جێبەجێ بکرێ، چونکە بەو قەیرانە داراییە، دابینکردنی پارە بۆ ئەو پڕۆژەیە ئەستەمە". سەبارەت بە چارەنووسی بانگدەرەکانیش لە ئەگەری جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا. نەبەز کەمال گوتی "ئەو بانگدەرانە فەرمانبەری رەسمی حکومەتن و لە شوێنەکەی خۆیان دەمێننەوە".



## بارزانی: کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەردۆغان زۆر باشبوو

رووداو- ئەنقەرە

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان زۆر باش بووە و گفتوگۆیان لەبارەی هەموو پرسێک کردووە. ئێوارەی یەکشەممە 2017/2/26 سەرۆککۆماری تورکیا لە کۆشکی سەرۆکایەتی پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد. کاژێر 8:40خولەکی ئێوارەی یەکشەممە سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە. بڕیارە رۆژی دووشەممە 27-2-2017 لەگەڵ بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا کۆببێتەوە. رۆژی یەکشەممە 2017/2/26 سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە ئیستەنبوڵ و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەتاتورک بۆ پێشوازیکردن لێی ئاڵای کوردستان هەڵدرا.

### رووداو وردەکاریی نوێ لەسەر ژیانی نەوشیروان مستەفا لە لەندەن بڵاودەکاتەوە

# هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ دیداری بارزانی و نەوشیروان مستەفا سەرکەوتوو نەبوو

**عەدنان عوسمان:** دووریی نەوشیروان مستەفا کاریگەریی لەسەر دوورکەوتنەوەی هەندێک لایەن لە گۆڕان هەبووە

**یەکێتی:** نەوشیروان مستەفا بگەڕێتەوە یان نا ئێمە رێککەوتنەکە جێبەجێ دەکەین

نەوشیروان مستەفا لە لەندەن سەرقاڵی نووسینەوەی یاداشتەکانیەتی



مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان باسی باشبوونی تەندروستیی نەوشیروان مستەفا دەکەن. سکرتێری جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات کە لەناکاو دەگەڕێتەوە کوردستان. بەپێی زانیارییەکانی رووداویش هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ رێکخستنی دیداری نێوان بارزانی و نەوشیروان مستەفا لە دەرەوەی وڵات شکستیهێناوە.

### نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە؟

رەئووف عوسمان، سکرتێری جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، بە (رووداو)ی راگەیاند :"پزیشکەکانی کاک نەوشیروان لارییان نییە گەشت بکات، سوپاس بۆ خوا تەندروستیی زۆرباشە، بۆیە لەوانەیە لەناکاو بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام کات و ساتی گەڕانەوەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە". سەبارەت بە بەڕێوەچوونی ئیشەکانی گۆڕان لە غیابی نەوشیروان مستەفادا، رەئووف عوسمان گوتی "ئیشوکارەکانی گۆڕان زۆر باش بەڕێوەچووە، بەڵام ئامادەبوونی کاک نەوشیروان مستەفا، وەک سەرکردەیەکی کاریزما کاریگەریی مەعنەویی باشی دەبێ بۆ بزووتنەوەی گۆڕان و هەرێمی کوردستان، چونکە کاک نەوشیروان لەپاڵ ئەوەی کە سەرکردەیەکی سیاسی و مێژووییە، کەسێکی کۆمەڵایەتی و رووناکبیرێکی گەلەکەمانە، بەدڵنیاییەوە وجودی ئەو کاریگەریی خۆی هەیە".

### عومەر سەید عەلی وەکیلیەتی

(رووداو) زانیویەتی کە نەوشیروان مستەفا بریکارنامەی تایبەتی بۆ عومەر سەید عەلی بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارە یاساییەکان کردووە، لە ماوەی رابردووشدا هەریەکە لە (عومەر سەید عەلی، قادر حاجی عەلی و عوسمان حاجی مەحموود) سەرپەرشتیی تەواوی ئۆرگانەکانی گۆڕانیان کردووە. لەڕێگەی پەیوەندیی ئەلکترۆنی و رێگەکانی دیکەشەوە راوێژ و بۆچوونی نەوشیروان مستەفایان وەرگرتووە.

عەدنان عوسمان، هەڵسوڕاوی باڵای گۆڕان، بە (رووداو)ی راگەیاند: "تاوەکو ئێستاش هەر کاک نەوشیروان کەسی یەکەمی گۆڕانە. بۆ بەڕێوەچوونی رێکارە یاساییەکانی هەڵبژاردن و کۆمیسیۆن بریکارنامەیەکی تایبەتی بۆ کاک عومەر کردووە، پێشتریش بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بریکارنامەی بۆ کاک ئارامی شێخ محەممەد کردبوو".

### دابەزین لە فڕۆکەخانەی هەولێر

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) نەگەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا پەیوەندیی بە تەندروستییەوە نییە، بەڵکو پتر پەیوەندیی بە دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەوە هەیە. لە ماوەی رابردووشدا زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بە هەموو باڵەکانەوە سەردانیان کردووە.

بەرپرسێکی گۆڕان، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی راگەیاند "کاک نەوشیروان جارێ نایەتەوە تا پێشهات و رووداوی سیاسی نەیەتەپێش، جاری پێشوو کە گەڕایەوە رێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی لێکەوتەوە، بۆیە ئەمجارە چاوەڕێی کۆتاییهاتنی شەڕی مووسڵ و خولی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە مانگی هەشتی ئەمساڵدا دەکات، ئەوکات بەدووری مەزانن کە کاک نەوشیروان لە فڕۆکەخانەی هەولێر بێتەخوارەوە، نەک فڕۆکەخانەی سلێمانی".

### هەوڵێکی نێودەوڵەتی شکستی هێنا

ئەو بەرپرسەی گۆڕان ئاماژە بە شکستی هەوڵێکی گەورە بەرپرسانی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ رەخساندنی دیدارێک لەنێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات و دەڵێت: "وڵاتانی دۆست هەوڵیانداوە کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی کوردستان لەنێوان کاک نەوشیروان و کاک مەسعوددا رێکبخەن. کاک نەوشیروان بەو نێوەندگیرانەی راگەیاندووە کە ئەو لاریی لە کۆبوونەوە و دیدار نییە و رەتیناکاتەوە، بەڵام گوتوویەتی پێویستی بە زەمینەسازی و کات هەیە، دیاریکردنی ئایندەی مووسڵیش یەکێک لەو وێستگانە دەبێ کە دەبێ کاک مەسعود و کاک نەوشیروان خیتابی کورد یەکبخەن".

عەدنان عوسمان لەبارەی دیداری بارزانی و نەوشیروان مستەفا گوتی "کۆبوونەوەی کاک نەوشیروان و کاک مەسعود مەحاڵ نییە. مام جەلال و کاک مەسعود دوای شەڕێکی خوێناوی کۆبوونەوە. بۆیە ئەگەر بۆچوونەکان لە یەکدی نزیکبن، ئاساییە کۆببنەوە". بەڵام عەدنان عوسمان دەڵێت لە گەڕانەوەی کاک نەوشیروان، نابێ چاوەڕێی موفاجەئەی گەورە بکەین: "کاک نەوشیروان کاریگەریی خۆی لەسەر خێرایی و یەکلاکەرەوەیی بڕیاری سیاسی هەیە، بەحوکمی کارێزمایی و کاریگەریی ئەو لەسەر گۆڕان و تەواوی هەرێمی کوردستان، بەڵام نابێ چاوەڕێی موفاجەئەی گەورە بکەین. لەوانەیە ئەو قەیران و چەقبەستووییە بەردەوام بێت، مەگەر بەرژەوەندییە سیاسییەکان و ناچاریی سیاسیی لایەنەکان لەیەکدی نزیک بکاتەوە".

ئەو هەڵسووڕاوەی گۆڕان پێیوایە دووریی نەوشیروان مستەفا کاریگەریی خۆی لەسەر گۆڕان هەبووە و دەڵێ "دووریی ئەو وایکرد کە هەندێک لایەن لە گۆڕان دووربکەونەوە، کاک نەوشیروان کاریگەری و پەیوەندیی سیاسیی باشی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان هەیە. هەر ئەمەش وایکردبوو لایەنەکان لە گۆڕان نزیک بن.

### یەکێتی بەبێ نەوشیروانیش پابەند دەبێ

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) نەوشیروان مستەفا لە سستیی جێبەجێکردنی رێککەوتنی 17ی نیسانی 2016ی نێوان گۆڕان و یەکێتی نیگەران بووە. بە هاوڕێکانی خۆی گوتووە: "ئەگەر شتێکی تازە نەبێت بۆچی بگەڕێمەوە ؟"

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بە پێویست دەزانێ و بە (رووداو)ی راگەیاند :"بێگومان کاک نەوشیروان لێرە بێت، گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی لایەنە سیاسییەکان باشتر بەڕێوەدەچێت، وەک یەکێتی رێککەوتنمان لەگەڵ گۆڕان قووڵتر دەکەینەوە. بەردەوام دەبین، کاک نەوشیروان بگەڕێتەوە یان نا".

### دەبێ 14 کاژێر پشووبدات

لە دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی ئەو بزووتنەوەیە دووجار بە ماوەیەکی زۆر هەرێمی کوردستانی جێهێشتووە. جاری یەکەم ماوەی 7 مانگ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا مایەوە. رۆژی 2016/4/28 گەڕایەوە سلێمانی، کە بۆ چارەسەری پزیشکی سەردانی ئەو وڵاتەی کردبوو، بۆ جارێکی دیکە لە رۆژی 9،2016/3 کوردستانی جێهێشتووە، تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە.

(رووداو) زانیویەتی پزیشکەکان رێنمایی نەوشیروان مستەفایان کردووە کە لە رۆژ و شەوێکدا دەبێ 14 کاژێر پشوو بدات بە نانخواردن و نووستن و دانیشتن. کاتەکانی دیکەش دەخوێنێتەوە و دەنووسێت. جگە لە ئازاری بڕبڕەی پشتی، کە لە سەردەمی شاخەوە هەیەتی، تەندروستیی جێگیرە. ئێستاش لە نووسینی کتێبێک بووەتەوە.

### کتێبە نوێیەکەی باسی رۆژنامەگەرییە

مەجید ساڵح، سەرپەشتیاری چاپکردنی کتێبەکانی نەوشیروان مستەفا، بە (رووداو) ی راگەیاند :"کاک نەوشیروان لەو ماوەیەدا لە لەندەن بووە کتێبێکی دیکەی نووسیوە، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ بکرێت. جگە لەوە رۆژانە سەرقاڵی نووسینەوەی یادداشتەکانی خۆیەتی".

مەجید ساڵح ئاماژەی بە نێوەڕۆکی کتێبەکەی کرد و گوتی "کتێبەکەی کاک نەوشیروان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەمی باسی پروپاگەندەی ئینگلیز لە باشووری کوردستان دەکات، رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی بە نموونە هێناوەتەوە کە ئەوکات ئینگلیزەکان لە سلێمانی دەریانکردووە. بەشی دووەمیش باسی کورد لە رۆژنامەگەریی عەرەبیدا (گۆڤاری اللغە)ی بە نموونە هێناوەتەوە. هەروەها لەو کتێبەدا باسی رۆڵی و پێگەی شوکری فەزڵی دەکات".

### باڵەکانی نێو یەکێتی هەڵوەشاونەتەوە؟

# " یەکێتی تاسەر چاوەڕێی لایەنەکان ناکات"

**ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی:** لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا باسی هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانمان کردووە

**بۆچوونێکی یەکێتی:** ئەنجوومەنێک شوێنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی جارێکی دیکە بۆ تاوتوێکردنی نەخشەڕێگەکەی کۆدەبێتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەش دەڵێ "یەکێتی ناکرێ چاوەڕێ بکات، دەبێ بڕیارێکی بوێرانە بدات".

### سەرەتا پارتی دواتر گۆڕان

لە کۆتایی هەفتەی رابردوو و سەرەتای ئەم هەفتەیە سەرکردایەتیی یەکێتی دوو کۆبوونەوەی چڕوپڕی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر نەخشەڕێگەیەکی هەشت خاڵی کرد. (رووداو) زانیویەتی کە سەرکردایەتیی یەکێتی لەسەر رێککەوتن لەگەڵ پارتی و گۆڕان بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون. بۆچوونێک پێیانوابووە کە دەبێ یەکێتی بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی لە حوکمڕانی و هاوبەشیکردن لە دەسەڵات، سەرەتا لەگەڵ پارتی رێکبکەوێت، دواتر هەوڵبدرێ گۆڕانیش بهێندرێتەوە نێو هاوکێشەکە. ئەمەش بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەستپێدەکات. بۆچوونی دووەمیش ئەوە بووە کە بەبێ بزووتنەوەی گۆڕان ناکرێ هیچ رێککەوتنێک بکرێت. دەبێ یەکێتی پابەند بێ بە رێککەوتنەکەی لەگەڵ گۆڕان.

### هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

دوای دوو رۆژ گفتوگۆکردن، چاوەڕێ دەکرا نەخشەڕێگە هەشت خاڵییەکەی یەکێتی لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتییەوە پەسندبکرێ، بەڵام بڕیاردراوە کۆبوونەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێ. ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، بە (رووداو)ی راگەیاند: "نەخشەڕێگەکە بە شێوەی مەبدەئی پەسندکراوە، هەڤاڵانی سەرکردایەتی هەندێک تێبینی و سەرنجیان هەبوو، ئەو سەرنج و تێبینیانەش رادەستی لیژنەیەک کراوە بۆئەوەی بخرێنە نێو نەخشەڕێگەکەوە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە رەوشی سیاسی ئاسایی بکەینەوە و قەیرانە داراییەکان و کێشەی مووچە و قووتی خەڵک چارەسەر بکەین".

سەبارەت بە رێککەوتنی یەکێتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، ئارێز عەبدوڵڵا گوتی: "ئێمە سەرپشک نین لەنێوان گۆڕان و پارتیدا لایەنێکیان هەڵبژێرین، بەڵکو پارتی و گۆڕانمان بەیەکەوە هەڵبژاردووە. هەندێک کێشەش لەم وڵاتەدا روویانداوە کە پەیوەندییان بە یەکێتییەوە نییە. بۆیە دەبێ سەرەتا ئەو کێشانە چارەسەربکەین، ئینجا باسی رێککەوتنی نێوان لایەنەکان بکەین. بۆنموونە پەکخستنی پەرلەمان پەیوەندیی بە کێشەی یەکێتییەوە نەبووە. بۆیە مەبەستمانە سەرەتا دۆخەکە ئاسایی بکەینەوە، پاشان بیر لەو سیناریۆیانە بکەینەوە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان گونجاون و لایەنەکان لەسەری رێکبکەون".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی یەکێتی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و سیناریۆکانی یەکێتی دەڵێ: "چەند سیناریۆیەک باسی لێکراوە، چ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی یان هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی سیاسیی باڵا لە کەسی یەکەمی حیزبەکان، یان دەستنیشانکردنی کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەوانە سیناریۆ و بژارەن، یەکێتی لەگەڵ لایەنەکان گفتوگۆی لەسەر دەکات".

ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی گفتوگۆییەکی چڕوپڕیان لە بارەی نەخشە رێگاکە کردووە بەپێی راگەیەندراوی دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئێوارەی 2017/2/25 بڵاوکرایەوە باسی پەسەندکردنی نەخشەڕێگاکە نەکراوە بەڵکو ئاماژە بەوەکراوە "نەخشەڕێگەکە دەوڵەمەند بکرێ و فۆرمیلە بکرێتەوە". لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە پێکهاتووە، کە پێکدێن لە فەرید ئەسەسەرد و پەروین کاکە حەمە، ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی".

### یەکێتی دەبێ بڕیار بدات

مستەفا چاورەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت :"سەرکردایەتیی یەکێتی لەو کۆبوونەوە و نەخشەڕێگەیە تەفزیلی هیچ لایەنێکی بەسەر لایەنێکی دیکەدا نەکردووە. هیچ لایەنێکیشی پەراوێز نەخستووە جەختیش لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی گۆڕان و پارتی کراوەتەوە. ئومێددەکەین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە گفتوگۆ لەبارەی ئەو نەخشەڕێگەیە بکەین و بگەینە ئەنجام". مستەفا چاوڕەش گوتیشی "یەکێتی تا سەر چاوەڕێی لایەنەکان ناکات. دەبێ سەرکردایەتیی ئێمە و حیزبەکانی دیکەش جورئەتی بڕیاردانیان هەبێ. ئەو وەزعە بەوشێوەیە بەردەوام نابێ. ناکرێ هەر خەریکی کۆبوونەوە بین. بەڵکو دەبێ بڕیارێکی بوێرانە بدەین و رەوشی میللەتەکەمان چاک بکەین".

### هەڵوەشاندنەوەی ناوەندی بڕیار و زۆرینە

دوای راگەیاندنی ناوەندی بڕیار لە رۆژی 2016/9/1 لە لایەن کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی و پاشان راگەیاندنی باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی، رۆژی 2017/2/22 بۆ یەکەمجار ئەندامانی سەرکردایەتی هەر دوو باڵەکە بە سەرپەرشتی کۆسرەت رەسول عەلی لە سلێمانی کۆبوونەوە. بە فەرمی سەعدی پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڵوەشاندنەوەی باڵەکانی یەکێتی راگەیاند. بەڵام بەرهەم ساڵح تاوەکو ئێستا لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی (مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی) نابینرێت. مستەفا چاوڕەش گوتی: "ئەو باڵانە ئێستا نەماون و سەرکردایەتی یەکێتی لە هەفتەی داهاتوو جگە لە کۆبوونەوەکانی بۆ تاوتوێکردنی کێشە و بابەتە سیاسییەکان، کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە دۆخی ناوخۆی یەکێتی دەکات لەوێ بە رۆحێکی هەڤاڵانە، قسەی خۆمان دەکەین".

### ئێران داوای جێبەجێکردنی دەکات

ئێوارەی رۆژی 2017/2/26 مورتەزا عەبادی، سەرکونسولی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەردانی مەڵبەندی سێی هەولێری یەکێتی کردووە، لەگەڵ رزگار عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەند کۆبووەوە.

بەپێی میدیاکانی ئەو حیزبە سەرکونسوڵی ئێران رایگەیاندووە "وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەمیشە لە خەمی ئارامی ناوچەکەدایە. هیواداریین ئەو نەخشە رێگایەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جێی خۆی بگرێ و کاری پێبکرێ، بۆ دروستبوونی ئاشتەوایی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان".

ڕووداو
ژمارە (447) - دووشەممە 2017/2/27

## میر گەڕایەوە

**ڕووداو– هەولێر**

دوای سێ ساڵ مانەوەی لە ئەڵمانیا، کاژێر 16:00ی ڕۆژی یەکشەممە 2/26/ 2017 میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیانی جیهان لەڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە ئەڵمانیاوە گەڕایەوە هەرێمی کوردستان. خەیری بوزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کوردانی ئێزدی لە وەزارەتی ئەوقافی کاروباری هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ماوەی سێ ساڵە میر تەحسین نەگەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان، گەڕانەوەشی لەپاش ئەو ماوە زۆرە بۆ هەرێمی کوردستان لەلای ئێزدییەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە". گەڕانەوەی میر تەحسین بەگ لە کاتێکدایە، ڕۆژی 2017/2/22 خاتوو ترکو شێخ جندی، هاوژینی یەکەمی ، بەهۆی نەخۆشییەوە لە قەزای شێخان کۆچی دواییکرد.



## د. محەممەد شوکری، ئەندامی لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# سلێمانی ئیستیجابەی بۆ چاکسازییەکانی بارزانی کەمە



**د.محەممەد شوکری، ئەندامی لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هەنگاوەکانی چاکسازییەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا، قۆناغی دووەمی ئەنجامی چاکسازییەکان ڕادەگەیەنرێ، کە بریتین لە چەند بڕیارێک لەبارەی سێکتەری دەرمان و زەویوزار. هەروەها دەڵێت "بەهۆی ململانێی حیزبایەتی، ئیستیجابە بۆ چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی کەمە".**

**هەڤپەیڤین: محەممەد هادی**
**ڕووداو – هەولێر**

### بارزانی خۆی بۆ سێکتەری دەرمان لەسەر خەتە

### لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا چەندین بڕیاری گرنگ دەدرێن

ڕووداو: هەنگاوەکانی پرۆسەی چاکسازی بە **کوێ گەیشتووە و لە چ قۆناخێکدایە؟**

**د.محەممەد شوکری:** هەنگاوەکان بەردەوامن ئەوەی کە لە 15ی شوباتی 2017 بڵاوکرایەوە بەناوی پرۆسەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بەشداری حکومەت، حکومەت ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لەو ڕاگەیەندراوەی کە دروستبوو، زۆربەی هەنگاوەکانیش بە بەشداریی حکومەت بوو، ئێستا لیژنە فەرعییەکان بە هاوکاریی حکومەت بەردەوامن لە کارەکان. کارەکانیش بە باشی بەڕێوەدەچن، بەتایبەتی لەسەر چەند تەوەرێک کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسکرابوو و پێشکەوتنیش هەیە لەو تەوەرانە. گەندەڵی لە هەندێک سێکتەر کراوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەستەمە تۆ بتوانی بە ساڵێک هەمووی کۆنترۆڵ بکەیت، بەڵام دەکرێ ڕێگەچارە دابندرێت بۆ ئەوەی دووبارەنەبنەوە، بەتایبەت لە سێکتەری زەویوزار و موساتەحە و وەبەرهێنان، ئەوانە دەتواندرێ ڕێگەی لێبگیرێ.

**ڕووداو: ئەی سێکتەری تەندروستی و دەرمان لە کوێی ئەو پرۆسەیەدان؟**

**د.محەممەد شوکری:** تەوەرێکی هەستیار کە خۆم لەنێو لیژنەی چاکسازیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیی دەکەم، سێکتەری دەرمان و تەندروستیی خەڵکە. جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی بەو بابەتە دەدات و خۆی لەسەر خەتە. بەردەوام دەڵێت شەڕی دەرمانی تەزویر و خراپ هیچی کەمتر نییە لە شەڕی تیرۆر.

**ڕووداو: کەی ئەنجامی قۆناخی دووەمی ئەو چاکسازیانە ڕادەگەیەنرێت؟**

**د.محەممەد شوکری:** لە ڕاپۆرتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا شتێکی باش باسکراوە، لەسەر ئەرزی واقیعیش شتی باشکراوە، ئەوەی ماوە لە داهاتوودا ڕادەگەیەنرێ، کۆمەڵێک بڕیاری گرنگن، ڕەنگە لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا بێ.

**ڕووداو: بڕیارەکان چین و لە چ ئاستێکدا دەبن؟**

**د.محەممەد شوکری:** کۆمەڵێک بڕیار دەردەچن بۆ ڕاگرتنی گەندەڵی لە هەندێک بوار، وەک زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی، تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان کە ڕاگیراون، لە سێکتەری دەرمانیش

### 87 هەزار باخ لە کوردستان هەن، زۆربەیان بە زێدەڕۆیی دروستکراون

### زۆرترین گەندەڵی لە کەرتی زەویوزار کراوە

کۆمەڵێک بڕیاری دیکە دەدرێن کە هەموویان لە بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا دەبن.

**ڕووداو: زۆرترین ئەو سێکتەرانەی کاریان تێدا کراوە چ سێکتەرێک بوون، زۆرترین گەندەڵی لە کامیاندا بووە؟**

**د.محەممەد:** من لە 2011ەوە لە لیژنەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووم. ئەوەی تێبینیم کردووە زۆرترین گەندەڵی کە کرابێت لە زەوییە، لەبەرئەوەی لایەنی پەیوەندیدار لەسەر چاودێریکردنی ئەو بابەتە کەمتەرخەم بوون. نزیکەی 87 هەزار باخ لە کوردستان هەن و زۆربەیان بە زێدەڕۆیی دروستکراون. ئەو باخانە ڕێگەوبانیان بۆ چووە، کارەبایان بۆ چووە. بیری ئیرتیوازی و بیری دیکەی تێدا لێدراوە، کە هەموویان بوونەتە کێشە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و ئابووریی گشتی و ئاوی ژێرزەوی. گوشارێکی زۆریان لەسەر کارەبا دروستکردووە و زۆربەشیان پارەی کارەبا نادەن.

**ڕووداو: خەڵک گلەیی دەکات کە چاکسازییەکان لەسەر ئاستی باڵا نین و لێپرسینەوە لەگەڵ گەورە بەرپرسان ناکرێت؟**

**د.محەممەد شوکری:** جەنابی سەرۆک قسەیەکی کردووە دەڵێت: لە منەوە دەستپێبکەن. کە جەنابی سەرۆک خۆی ئامادەبێت، باوەڕناکەم کەسێکی دیکە هەبێت ئیستیسنا بێت.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا چەند بەرپرس دادگاییکراون یان مەلەفی دادگایان بۆ کراوەتەوە و لەسەر چ ئاستێک بوونە؟**

**د.محەممەد شوکری:** ئەو مەلەفانەی دراونەتە دەستەی نەزاهە، زۆرن. بەشێکیان لەڕێگەی ئێمەوە بوون. بەشێکی دیکەیان بە ڕێگەی دیکە بوون. جەنابی سەرۆک سەرەتا سێ لیژنەی لاوەکیی دروستکرد، لەوانەش لیژنەی دەرمان و پێشمەرگە کە کۆمەڵێک کەیسیان داوەتە دەستەی نەزاهە. هەروەها لیژنەی زەوی و زار، کە کۆمەڵێک کەیسی داوەتە داواکاری گشتی. ئەوان وەک داواکاری گشتی نزیکەی 1000 کەیسیان داوەتە دادگا. ئەگەر چاو لە لیستی تەجاوزات بکەی لە هەموو ئاستێکی تێدایە. لە دەستەی نەزاهە نزیکەی 352 کەس مەلەفی دادگایان بۆ کراوەتەوە لە هەموو هەرێمی کوردستان. مەرجیش نییە ئەو کەسانە بەرپرس بن.

**ڕووداو: ئەو کەسانەی مەلەفیان لە دادگایە، وەزیریان تێدایە؟**

**د.محەممەد شوکری:** نەگەیشتووەتە ئاستی وەزیر.

**ڕووداو: پێشتر خەرجیی بەکاربردن لە کوردستان زۆر بوو، ئەو چاکسازییانە چەند لەو خەرجییانە کەمدەکەنەوە؟**

**د.محەممەد:** کێشەی سەرەکیی کوردستان ئەو خەرجییە زۆرانە بوو کە حکومەت هەندێک کاری کرد کە پێشتر نەکراوە، ئاسانکاریی زۆر کرا بۆ خەڵک، بەڵام حکومەت نەیتوانی بە باشی سوود لەو داهاتانە وەربگرێت کە لەدەستیدا بوو، ئێستا حکومەت 70%ی خەرجییەکانی کەمکردووەتەوە و بەو حاڵەش بەڕێوەدەچێ.

**ڕووداو: چاکسازییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ بەرپرسیکی لایەنەکانی دیکەی گرتووەتەوە یان تەنیا بەرپرسانی پارتین؟**

**د.محەممەد شوکری:** خۆ ئەو هەموو گەندەڵییە تەنیا لە هەولێر و دهۆک نییە، هەندێک مەلەفی دەستەی نەزاهە لە سنووری سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین و هەڵەبجە هەیە، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە کە پێویستە لەوێ جووڵە بکرێ.

**ڕووداو: باسی سلێمانیت کرد، لە ڕاپۆرتەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان زیاتر ئاماژە بە ئەنجامدانی چاکسازی لە هەولێر و دهۆک کرابوو نەک سلیمانی. ئایا لە سلێمانی گەندەڵی نییە یان هەنگاوەکان بەساردی بەرەو پێشەوە دەچن؟**

**د.محەممەد شوکری:** لەوێ ئیستیجابە کەمە. بەهۆی ئەوەی پەرش و بڵاوی هەیە لەنێوان حیزبەکان، نەبوونی بڕیارێکی جێگیر لەوێ و ئەو پەرش و بڵاوییەی کە یەکێتی خۆی هەیەتی و لەگەڵ گۆڕان و حیزبەکانی دیکە، وایکردووە ئیستیجابە بۆ ئەو چاکسازییە کەمبێت، هاوکات لە زۆر شوێن خەڵکێک هەیە کە خۆی بە کوێخای ئەو ناوچەیە دەزانێت، ململانێی حیزبەکان لەو ناوچانە کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر پرۆسەی چاکسازی، بەڵام لە هەولێر و دهۆک هەر گۆڕانکارییەک پێویست بێت دەکرێت. ئێمە بڕوایەکمان هەیە، چاکسازی بە خەڵکی باش دەکرێ.

**ڕووداو: دەگوترێت بەشێک لە بەرپرسانی کورد لە بەغدا تۆمەتبارن بە گەندەڵی، ئەو بەرپرسانە کێن؟**

**د.محەممەد شوکری:** من هیچ ناوێک ناڵێم، بەڵام حکومەتی عێراق و عێراقیش بەگشتی لە فەوزایەکی زۆری گەندەڵیدایە و پارەیەکی زۆر بەهەدەردراوە. بەرپرسانی ئێمەش لەوێ بێبەش نین لەو گەندەڵییانە. واتە هەندێک لەو بەرپرسانە پێیان غەزایە ئەگەر پارەی عێراق بدزن. هەندێک لەو بەرپرسانە، کە ڕەنگە لە ئاستی زۆر بەرزدا بن لە گەندەڵییەوە گلاون، بەڵام بێگومان کەس

### دەستەی نەزاهە 352 دۆسیەی لە دادگا کردووەتەوە

### هیچ وەزیرێک لەسەر گەندەڵی نەدراوەتە دادگا

ئێستیسنا ناکرێت لە چاکسازی، ژمارەشیان زیاترە لە پەنجەکانی دەست.

**ڕووداو: عومەر کۆچەر سەرۆکی لیژنەی چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت کە وەزیر هەیە لەم کابینەی حکومەت تۆمەتبارە بە گەندەڵی، هیچ وەزیرێک لەم کابینەیە مەلەفی گەندەڵی بۆ کراوەتەوە؟**

**د.محەممەد شوکری:** ئەگەر عومەر کۆچەر مەلەفی لەلایە و بیداتە ئێمە، بە خۆشحاڵییەوە کاری لەسەر دەکەین.

**ڕووداو: واتە تاوەکو ئێستا هیچ مەلەفێک دژی هیچ وەزیرێک نەکراوەتەوە؟**

**د.محەممەد شوکری:** نازانم.

**ڕووداو: لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان لە ڕابردوودا 400 مەلەفی گەندەڵی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نارد، ئەو مەلەفانە بە کوێ گەیشتن و چەند کەس تێوەگلاون؟**

**د.محەممەد:** مەسەلەی مەلەف ناردن زۆر ئاسانە بۆ هەر لایەنێک، بەڵام ئەو مەلەفانە دەبێت

### بەرپرسی باڵای کورد لە بەغدا لە گەندەڵییەوە گلاون

لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، مەلەف زۆرن، بەڵام کە لێکۆڵینەوە دەکەی زۆربەی لە قۆناخی یەکەم بە درۆ دەردەچێ. بەشەکەی دیکەش دەبێت بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

**ڕووداو: چەند بەرپرس گیراون؟**

**د.محەممەد شوکری:** تاک و تەرا گیراون، بەڵام لە ئاستی زۆر باڵادا نین. بۆ خەڵکیش ئاشکرا دەکرێت چی کراوە؟ کێ گیراوە؟ کێ ڕێگریی سەفەری لێکراوە؟ ئەو پرۆسەیە بەردەوامە. هەر کەسێک دەستی هەبووبێت لە دزینی پارەی خەڵک لە کەرتی گشتی یان سەربازی یان تایبەت و بە ئەنقەست بێت، ئەوە حیسابی لەگەڵ دەکرێت و دەبێ پارەکەش بگەڕێنێتەوە.

**ڕووداو: لە سێکتەری نەوت و گاز و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گەندەڵی هەیە؟**

**د.محەممەد شوکری:** بێگومان هەیە. ڕەنگە لە هەندێک شوێن کەمتەرخەمی هەبێت و گرێبەستی ناڕێک کرابێت. خەڵکێک لە بازرگانیی نەوت لە نێوخۆ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەوڵەمەند بوون. ڕەنگە ئەوەش بۆ لاوازیی سیستم بگەڕێتەوە، بەڵام گرێبەستەکانی حکومەت لەگەڵ ئەو دوو کۆمپانیایەی کە وردبینی بۆ کەرتی نەوت و گاز دەکەن، پێشبینی دەکەم ئەنجامی زۆر باشی هەبێت.

**ڕووداو: وەکو لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چ داواکارییەکتان هەیە لە خەڵک و لایەنەکانی دیکە؟**

**د.محەممەد شوکری:** داوا دەکەین ڕاگەیاندنەکان پشتگیری ئەو پرۆسەیە بکەن، سوپاسی ڕووداو دەکەین بەجدی هاوکاریی کردووین و بەڕاستی پاڵپشتی پرۆسەی چاکسازی کردووە، هەندێک خەڵک هەیە تەنیا لە ڕاگەیاندنەکانەوە چاکسازن و داوادەکەم لە ئەرزی واقیعیشدا چاکسازی بکەن. داوا لە خەڵک دەکەین شتی ڕاست بداتە لیژنەکان بۆئەوەی بتوانین چاکسازییەکی واقیعی بکەین و سیستمێک دابنێین بۆئەوەی لە داهاتوودا گەندەڵی نەمێنێ.

## لیژنەکەی پێشوو بەهۆی باڵی ناوەندی بڕیارەوە هەڵدەوەشێتەوە

# گۆڕانکارییەکانی یەکێتی بە ڕێکەوتنی دوو باڵەکە دەبێ

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕەکانی پۆستەکانی یەکێتی لە حیزب و حکومەت، لەسەر دەستبەکاربوونی لیژنەیەک وەستاوە کە بڕیارێکی مەکتەبی سیاسیی پێویستە. هەروەها دەڵێت گۆڕانکارییەکان لە حکومەت تاوەکو ئاستی وەزیر دەڕوات.

پەروین کاکە حەمە، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، کە ئەندامی ئەو لیژنەیەشە کە یەکێتی بۆ گۆڕانکاری لە پۆستە حیزبی و حکومییەکانی پێکیهێناوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆڕانکاری لە پۆستەکانی یەکێتی لە حیزب و حکومەتدا هەر دەکرێ، هیچ پاشگەزبوونەوەیەکی بۆ نییە. پێشتریش لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە هەبوو، بەڵام ئەو لیژنەیە ئێستا نەماوە. من و ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی ئەندامی ئەو لیژنەیە ماوین، بۆ دەستبەکاربوونی لیژنەیەکی دیکە و دیاریکردنی ئەندامی نوێ، دەبێ بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی دەربچێت".

وا چاوەڕوان دەکرا لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی، باسی گۆڕانکارییەکانی نێو یەکێتی بکرێ. بەڵام پەروین کاکە حەمە. دەڵێت "بەهۆی زۆری گفتوگۆکان، لەسەر نەخشە ڕێگاکەی یەکێتی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەرفەتی ئەوەیان نەبووە، باس لە پرسی ئاڵوگۆڕی پۆستەکان بکەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە گۆڕانکاریی ناکرێت، بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری لە بەشێک لە پۆستەکان هەر دەکرێت، بەڵام چۆن و چەندێک ئەوە تاوەکو ئێستا دیار نییە".

پەروین کاکە حەمە ئاماژەی بەوەشدا کە سیڤییەکی زۆری ئەندامانی یەکێتی بۆ گۆڕانکارییەکان بۆ هاتووە "گۆڕانکارییەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و سیڤی دەبێت، بەدوور دەبێت لە هەر دەستتێوەردانێکی کەسی".

سەبارەت بەوەش کە گۆڕانکارییەکان تاوەکو چ ئاستێک دەگرێتەوە، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی یەکێتی گوتی "هیچ ئاستێک دیارینەکراوە بۆ گۆڕانکارییەکان، بۆیە دەکرێ ئاڵوگۆڕەکان هەموو جۆرە پۆستێک بگرێتەوە لە حکومەتدا و دەکرێ پۆستی وەزیریش بگرێتەوە".

ئێستا باس لە ژمارەی جیاواز دەکرێت بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستەکانی یەکێتی، بەڵام پەروین کاکە حەمە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هیچ ژمارەیەک دیاریکرابێت، ناوبراو گوتی "تاوەکو مەکتەبی سیاسی بڕیارنەدات و لیژنەکە دەستبەکارنەبێت، نازانین ژمارەی ئەو پۆستانەی گۆڕانکارییان تێدا دەکرێ چەندە".

پێشتر مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لیژنەیەکی بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستەکانی یەکێتی لە حیزب و حکومەت دروستکرد، لیژنەکەش بە سەرۆکایەتی عومەر فەتاح، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامێتی هەریەک لە ئەندامانی سەرکرایەتی د.خەسرو گوڵ محەممەد و پەروین کاکە حەمە و خالید شوانی بوو، بەڵام وەک پەروین کاکە حەمە ڕوونیکردەوە ئەو لیژنەبە نەماوە "بەڵام لەو لیژنە نوێیە کە بۆ ئەوە مەبەستە دروست دەکرێت، جگە لە خۆم. د.خەسرەو گوڵ محەممەدیشی تێدا دەبێ".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) گۆڕانکارییەکان بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو باڵی "ناوەندی بڕیار و زۆرینە"ی یەکێتی دەکرێت و هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکەی پێشووتریش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی ئەندامی ناوەندی بڕیاریشی بۆ زیاد بکرێت.

مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەر چەندە ئێستا لەناو یەکێتی هەمووان وەک یەک تیم کار دەکەن، بەڵام لە دروستکردنی ئەو لیژنەیەشدا موراعاتی ئەوە دەکرێت، بۆچوونە جیاوازەکانی یەکێتی تێدا ئەندام بن. گوتیشی "ئەو لیژنەیە هەموو دەسەڵاتێکیان دەبێت و ناوی هیچ شوێنێکیش بە دیاری کراوی نەهاتووە کە دەبێت گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، گۆڕانکارییەکان لە هەر شوێنێک دەکرێت کە پێویست بێت".

# کەنداوییەکان
# لە دەرگای کوردستانەوە دێنەوە عێراق



رووداو- هەولێر

لەدوای رووخانی رژێمی بەعس، پەیوەندیی عێراق و وڵاتانی کەنداو (بەتایبەتیش سعودیە) یەکجار کاڵ بووەتەوە، بەڵام هەموو وڵاتانی ئەو ناوچەیە یەک سیاسەت و روانگەیان بەرامبەر بە بەغدا نییە. راپۆرتێکی نوێی ناوەندی ئەمریکیی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی CSIS لە هۆکارەکانی ئەو هەڵوێستە و جیاوازی هەڵوێستەکانی ئەم وڵاتانە بەرامبەر عێراق دەکۆڵێتەوە.

## پەیوەندییەکانی سعودیە و عێراق

پێش رووخانی رژێمی بەعس، پەیوەندییەکانی سعودیە و عێراق بەرزی و نزمیی زۆری تێدابوو. سعودیە یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە دژی رووخاندنی رژێمی سەدام بوو، چونکە بەعس چیدی مەترسی نەبوو لەسەر سعودیە. هەروەها حکومەتی عێراق ئەوکات بەربەستێکی گەورە بوو بۆ رێگری لە فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی CSIS"لە ساڵی 2003ەوە سعودیە ئەوەندەی بایەخی بە کاریگەری و رەنگدانەوەی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان لە عێراق داوە، ئەوەندە گرنگی بەوە نەداوە حکومەتی عێراق خۆی چۆن مامەڵە دەکات"، ئەمەش وایکردووە "ریاز بەردەوام لە پێگەی کاردانەوەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی عێراقدا بکات".

مارگۆ بالبۆنی، ئامادەکاری راپۆرتەکە، کۆمەڵێک هۆکار بۆ ئەو هەڵوێستەی سعودیە بەرامبەر عێراق دەخاتەڕوو، کە یەکەمیان پەیوەندیی بە شوناسی عێراقەوە هەیە. بە بۆچوونی بالبۆنی "سعودیە خۆی وەکو سەرکردەی عەرەب و سوننەکان دەبینێ، بۆیەش خۆی بە پارێزەری عروبەی عێراق دەزانێت لە بەرامبەر پلانەکانی ئێراندا". بەڵام کێشەی ئەو تێڕوانینەی سعودیە لەوەدایە کە جگە لە ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننەکان، "ناکۆکیی قووڵیش لەنێوان سوننەکانی عێراقدا هەیە".

بەگوێرەی راپۆرتەکە هۆکارێکی دیکەی دوورەپەرێزیی سعودیە لە عێراق ئەوەیە کە کێشەی عێراق و داهاتووی ئەو کێشەیە سیاسییە نەک سەربازی "لەو کێشە سیاسییەشدا وڵات و لایەنی دیکە رێساکان دادەنێن نەک سعودییەکان". لە سووریا و یەمەن، سعودیە هەوڵدەدات لەرێگەی گوشاری سەربازییەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی پەرەپێبدات، بەڵام عێراق نە یەمەنە، کە حکومەتەکەی لایەنگری دەستتێوەردانی ئالی سعودە و نە سووریاشە، کە حکومەتەکەی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە متمانەی خۆی لەدەستداوە. بە بۆچوونی بالبۆنی ئەو دوو هۆکارە دەستی سعودیەیان لە هەنگاوی سیاسی و دیپلۆماسی لە عێراقدا بەستووەتەوە.

ئامادەکاری راپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات کە جەنگی سووریا سەرهەڵدانی داعش و بەشداریی میلیشیا شیعەکان لە ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنەوەی ناوچە سوننەنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش وایکرد ئەو پەیوەندییە گەرمەی خەریک بوو لە سەرەتای دەستبەکاربوونی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دروست دەبوو، جارێکی دیکە شکست بهێنێ. بالبۆنی دەڵێت لە کاتێکدا سوننەی عێراق ناکۆکن و توانای کۆکردنەوەی خۆیان لە ژێر یەک ئەجێندادا نییە، سعودیە بیری لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، بۆیەش لە دیسەمبری 2015 مەلیک سەلمان پێشوازییەکی شایستەی لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کرد، دواتریش لە سەرەتاکانی 2016 کۆنسوڵخانەی گشتیی سعودیەی لە هەولێر کردەوە.

## قەتەر و ئیمارات:

رۆڵی حکومەتی قەتەر و ئیمارات لە عێراق بەرفراوانتر بووە لەوەی سعودیە، بەڵام ئەوانیش مەودای خۆیان لەگەڵ بەغدایان پاراستووە. قەتەر هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی پشتگیری لە سوننەکانی عێراق پەیڕەو کردووە. قەتەر لە کانوونی یەکەمی 2015 باڵیۆزێکی بۆ عێراق دەستنیشانکرد، بەڵام ئەم هەنگاوە نەک پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی بەغدا و دەوحەی ئاڵۆزتر کرد، لەبەر ئەوەی چەند رۆژێک پێش ناردنی ئەو باڵیۆزە کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە دەوحە بەڕێوەچوو، کە تێیدا ژمارەیەک کەسایەتی عێراقی خاوەنی کەیسی دادگا بەشدار بوون.

بەپێی راپۆرتەکە سەرەڕای ئەو پەیوەندییە گرژەی نێوان بەغدا و دەوحە، حکومەتی قەتەر بەردەوام هەوڵی داوە کەناڵی نوێ بۆ چوونە نێو کاروباری عێراق بدۆزێتەوە، وەکوو "دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورد. پەیوەندیکردن بە سەرکردەی شیعەی وەکوو عەممار حەکیم، کە لە 2013ەوە چەندینجار چاوی بە شێخ حەمەد ئەلپانی، سەرۆکی ئێستای قەتەر، کەوتووە". جگە لەمەش پەیوەندی لاوازیی سیاسی "رێگر نەبووە لەوەی قەتەر بەدوای پەیوەندی ئابووری دا بگەڕێت"، لەوانەش یارمەتیدانی عێراق بۆ ئەوەی ژێرخانی دامەزراوە نەوتییەکانی ببووژێنێتەوە و سیستەمی بانکداری چاک بکاتەوە.

ئیمارات لە روانگەیەکی پراگماتیکی (واقیعگەرایانە)وە مامەڵەی لەگەڵ عێراق کردووە. راپۆرتەکەی (CSIS) ئاماژە بەوە دەکات "ئەگەرچی ئیمارات لە رۆڵی ئێران لە عێراق نیگەرانە و بۆیەش پەیوەندییەکی ستراتیژی لەگەڵ عێراق دروستنەکردووە، بەڵام لە قۆناغی دوای سەدام پەیوەندییەکانی خۆیان و عێراقیان لە چوارچێوەی پەیوەندی بازرگانیدا چڕکردووەتەوە". بەگوێرەی راپۆرتەکە ئیمارات یەکێک لە گەورەترین وەبەرهێنەرانی عێراقی پاش جەنگە، زۆربەی وەبەرهێنانەکانیشی لە هەرێمی کوردستان بووە.

راپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە ئاشکرای دەکات قەبارەت وەبەرهێنانی ئیمارات لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەتا 2.5 ملیار دۆلار چووە، لەساڵی 2014دا 130 کۆمپانیای ئیماراتی لە هەرێمی کوردستان ناویان تۆمارکردبوو. ئیماراتی عەرەبی یەکەم وڵاتی کەنداو بوو کە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە بەغدا بکاتەوە (لە ساڵی 2008)، هەروەها یەکەم وڵاتیش بوو کە کۆنسوڵخانەکەی لە هەولێر بکاتەوە (ساڵی 2012)، بەڵام هەموو ئەو هەوڵە دیپلۆماتیک و ئابوورییانە نەتوانراوە بۆ نفوورێکی سیاسی لەسەر عێراق بگۆڕدرێن.

بەپێی راپۆرتەکەی (CSIS) سەقفی وەبەرهێنانی ئیمارات لە عێراق و کوردستان لە نێوەڕاستی 2014ەوە کەم بووەتەوە، یەکێک لە هۆکارەکانیش جەنگی داعشە، هۆکاری دووەمیش کە زیاتر هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە لە هەندێک حاڵەتدا تایبەتمەندی جیۆلۆجی کوردستانە و لە هەندێک حاڵەتیشدا کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێرە کە جۆرێک لە نادڵنیایی لە لای وەبەرهێنەران دروستدەکات.

## کوێت حاڵەتێکی ناوازەیە

ساڵی1991 کوەیت کەوتە بەر هێرشی سوپای عێراق. 26 ساڵ دواتر کوێت لە نێوان هەموو وڵاتانی کەنداودا نزیکترین پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە. کوێت لە ساڵی 2008ەوە باڵیۆزخانەی لە عێراق کردووەتەوە. پارادۆکسەکەش لەوەدایە کە بەشێکی زۆری نزیکبوونەوەی نێوان کوێت و عێراق لە سەردەمی نووری ئەلمالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، روویداوە. میرنشینی کوێت لە ساڵی 2013 پشتگیری لە لادانی ئەو سزایانە کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقیاندا سەپاندبوو.

بەگوێرەی راپۆرتەکە حکومەتی کوێت لە ترسی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی 1991 لەگەڵ عێراق، سیاسەتێکیان دارشتووە کە تێیدا گریمانەی ئەوە کراوە "عێراقێکی سەقامگیر و تێکەڵاو بە پەیوەندییە ناوچەییەکان و هەڕەشەیەکی کەمتر لەسەر وڵاتانی دراوسێ دروستدەکات".

بە گوێرەی راپۆرتەکە کوێت لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵی داوە باڵانسی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کورد، عەرەبی سوننە و شیعەدا بپارێزێت، بۆیەش هاوکارییە مرۆییەکانی وەکوو چۆن بۆ عەرەبی سوننە و کورد بووە، بە هەمانشێوە بۆ عەرەبی شیعەش بووە.

## عێراق بە داردەستی ئێران دەزانن

**ناوەندی ئەمریکیی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) پێشبینی دەکات دوای نەمانی داعیشیش لە عێراق، پەیوەندی نێوان عێراق و وڵاتانی کەنداو هەر بە ئاڵۆزی بمێنێتەوە. لە راپۆرتەکەی (CSIS) هاتووە "پەیوەندییەکانی بەغدا و وڵاتانی کەنداو بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە، چونکە ئاسان نییە لە عێراقی پاش داعشیش تێڕوانینی وڵاتانی کەنداو بەرامبەر بە وڵاتێک بگۆڕێ کە بە داردەستی وڵاتێکی غەیرە عەرەبی دژی وڵاتان کەنداو دەبینرێ".**

## هێشتنەوەی برێت مەکگۆرک لە پۆستەکەی بەڵگەیە
# ترەمپ لەسەر پلانەکەی ئۆباما دەڕوات

رووداو- هەولێر

بەرپرسانی ئەمریکا رایانگەیاندووە کۆشکی سپی بەنیازە هێزی سەربازیی زیاتر بۆ عێراق و سووریا بنێرێ، ئەمەش لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێی کۆشکی سپی بۆ تێکشاندنی داعش، کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بە دوژمنی ژمارە یەکی وڵاتەکەی دەزانێت.

چاوەڕێ دەکرێ لە چەند رۆژی داهاتوودا جیم ماتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، کۆمەڵێک پێشنیاز بۆ پلانی جەنگی دژی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان، لەوانەش داعش و ئەلقاعیدە، بخاتە بەردەستی سەرۆکی ئەمریکا. ترەمپ رۆژی 28ی کانوونی دووەم فەرمانێکی ئاراستەی پنتاگۆن کرد کە تێیدا داوایکردووە لە ماوەی 30 رۆژدا وەزارەتی بەرگری رەشنووسی پلانێکی جەنگی دژی داعشی بۆ ئامادە بکەن.

رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی لەسەر زاری بەرپرسانی کۆشکی سپی ئاشکرایکردووە "دۆناڵد ترەمپ کۆمەڵێک بژارەی لەبەردەستە بۆ ئەوەی بیریان لێبکاتەوە، یەکێک لەو بژارانەش ناردنی سەربازی زیاترە بۆ سووریا و عێراق". بەگوێرەی راپۆرتەکەی (جورناڵ) "پێدەچێت ژمارەی سەربازەکان سنووردار بێت".

دیپلۆماتێکی ئەورووپی بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە ئەگەر ئەمریکا هەوڵە سەربازییەکانی بۆ گرتنەوەی رەققە زیاتر بکات، فەرەنسییەکانیش ئامادەن پەرە بە هەوڵەکانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە بدەن. دیپلۆماتەکە ئاشکراشی کردووە کە ئەو پرسە لە کۆبوونەوەی نێوان بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا و فەرەنسا باسکراوە و فەرەنسییەکان رایانگەیاندووە "پێویست ناکات گۆڕانێکی ستراتیژی لە هەوڵەکاندا بکرێت، تەنیا ئەوەندە بەسە هەوڵەکان زیاتر بکرێن". بەگوتەی ئەو دیپلۆماتە، فەرەنسییەکان تاوەکو ئێستا بڕیاری زیادکردنی ژمارەی سەربازەکانی خۆیان نەداوە و چاوەڕێی بڕیاری کۆشکی سپی دەکەن. ئێستا ئەمریکا نزیک 500 سەربازی هێزی تایبەت و راوێژکاری لە سووریا هەیە.

بەگوتەی بەرپرسانی ئەمریکی، ئیدارەی کۆشکی سپی دوو بژارەی دیکەشی لەبەردەستە. یەکەمیان سووککردنی رێساکان و بەربەستەکانی مەیدانی جەنگە، لەوانەش پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە فەرماندەکانی نێو مەیدانی جەنگ بۆئەوەی خۆیان هەندێک بڕیار بدەن و لەکاتی پێویستدا داوای هێرشی ئاسمانی بکەن. بژارەی دووەمیشیان ئاسانترکردنی ئەو رێسایانەی بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکانی جەنگ دانراوە.

ژەنەراڵ جۆ دۆنفۆرد، سوپاسالاری هێزەکانی ئەمریکا، یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، رۆڵی سەرەکیی بینی لەوەی پلانی پڕچەککردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و هێزەکانی سووریای دیموکرات (HSD) بخرێتە نێو پلانی گشتیی گرتنەوەی رەققە و ناوچەکانی دەوروبەری. ئێستا دۆنفۆرد هاوشانی ماتیس ئەندامی تیمی ئامادەکاری رەشنووسی ئەو پلانەیە کە ترەمپ داوایکردووە. دۆنفۆرد لەبارەی پلانەکەوە رایگەیاند "ئێمە لەهەوڵداین بژارەکان و تێچوو و مەترسییەکانی هەرکام لە بژارەکان پۆلێن بکەین". دۆنفۆرد ئامادە نەبووە ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی نێو پلانەکەی ئیدارەی پێشوو بدات.

ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکی کە نەیانویستووە ناویان ئاشکرا بکرێت بە (جورناڵ)یان راگەیاندووە کە ئەگەری کەمە ترەمپ بتوانێ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پلانەکەی سەردەمی ئۆبامادا بکات، کە تێیدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە هێزە خۆ جێیە کا ن دەبەستڕێت و ژمارەیەکی کەمیش لە سەربازانی ئەمریکی وەکو هێزی پشتیوانی و راوێژکار پشتگیرییان دەکەن.

دیپلۆماتە ئەمریکی و غەیرە ئەمریکییەکان پێیانوایە هێشتنەوەی برێت مەکگۆرک لە پۆستی نوێنەری کۆشکی سپی لە هاوپەیمانێتی نیودەوڵەتی دژی داعش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ بەنیاز نییە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پلانەکەی پشوودا بکات.

کاتلین هیکس، شارەزای ئاسایشی نێودەوڵەتی لە نێوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی، پێیوانییە کۆشکی سپی "گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پلانەکەی ئۆبامادا بکات"، لەبەرئەوەی "پلانەکەی ئیدارەی پێشوو، کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت، پیشانیداوە سەرکەوتووە". بە بۆچوونی هیکس "رەنگە هەندێک هەموار لە رێساکانی بەشداری هێزی ئەمریکا، ژمارەی راوێژکار و هێزە تایبەتەکاندا بکرێت".

دانفۆرد وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی هیکس ئەوەی خستەڕوو کە لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا هەندێک گۆڕانکاری لە شێوازی بەشداریی هێزە ئەمریکییەکاندا کراوە، جەختیشی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە "نامانەوێت کۆمەڵێک بژارە بخەینە بەردەستی سەرۆک ترەمپ کە کێشەیەک چارەسەر بکات، بەڵام کێشەیەکی دیکەی لێبکەوێتەوە".

یەکێک لەو بژارانە پەیوەندی بە پڕچەککردنی راستەوخۆی یەپەگە و هەسەدەوە هەیە. لە سەردەمی ئۆبامادا دانفۆرد پشتگیریی تەواوی لە بیرۆکەی پڕچەککردنی (یەپەگە) دەکرد، چونکە پێیوابوو ئەم هەنگاوە رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە تێکشکاندنی داعش و کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە، ئەگەرچی تورکیا توورە دەکات. بەگوتەی بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی تورکەکان ئامادەییان دەربڕیوە لە ئۆپەراسیۆنی رەققەدا بەشداریی کارایان هەبێت، بەمەرجێک کورد بەشدار نەبێت، کوردەکانیش هەمان مەرجیان بۆ بەشداریی سوپای تورکیا داناوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی بەرپرسانی تورکیا راشکاوانە بە ماتیس و دانفۆردیان راگەیاندووە مەسەلەکە لای ئەوان زۆر هەستیارە. (پۆست) ئاشکراشیکردووە کە لە کۆبوونەوەکەی نێوان مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا و بینالی یلدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا، لایەنی ئەمریکی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەوان خوازیاری "دەستپێکی نوێ" لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتنن. تورکیا کۆمەڵێک پێشنیازیشی رادەستی کۆشکی سپی کردووە، لە هەمووشیاندا جەخت لەسەر بەشدارینەکردنی هێزە کوردییەکان لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی رەققەدا دەکەن.

یەکێک لە پێشنیازەکانیش کردنەوەی ناوچەی ئارامە، لەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنوورەکانی نێوان باشووری تورکیا و باکووری سووریا. بەپێی راپۆرتەکەی (پۆست) ئیدارەی ترەمپ بە جیدی بیر لەو پێشنیازەی تورکیا دەکاتەوە، بەڵام بەرپرسانی سەربازی ئەمریکی نیگەرانی ئەوەن کە هێزە لۆکاڵییەکان لە سووریا توانای جموجۆڵ و تەقەمەنی پێویست بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققەیان لەبەردەست نەبێت، ئەمەش بەپێچەوانەی سوپای عێراق کە چەکی قورس و هاوکاری راستەوخۆی هاوپەیمانانی لەگەڵە.

ژەنەراڵ جۆزێف ڤۆتیل، بەرپرسی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا (ناسراو بە CENTCOM) رایگەیاندووە ئەو کەموکورییەی هێزە لۆکاڵییەکانی سووریا دەشێت ئەمریکا ناچار بکات بۆشاییەکان بە هێزی ئەمریکی پڕبکاتەوە. جگە لەمە، بەرپرسانی پنتاگۆن متمانەیەکی تەواویان بەو هێزانە نییە کە تورکیا هاوکارییان دەکات، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەم هێزانە یان ئەوەتا لە ناوچەکانی نزیک لە گروپەکانی سەر بە قاعیدە چالاکی دەکەن یان خۆیان پەیوەندی پتەویان لەگەڵ ئەو گروپانەدا هەیە.

تاوەکوو ئێستا تورکیا و هێزەکانی لایەنگری ئەم وڵاتە دەستیان بەسەر 650 میل چوارگۆشەی خاکی سووریادا گرتووە. پێشتر رەجەب تەیب ئەردۆغان بەڵێنی دابوو ناوچەیەکی ئارام بە رووبەری 2000 میلی چوارگۆشە لە خاکی سووریا دروست بکەن کە بە گوتەی حکومەتی تورکیا دەبێت بە شوێنی حەوانەوەی ئاوارە سوورییەکان.



## حکومەت نەوتەکەی سووک دەکات

رووداو- هەولێر

کۆمپانیای نەوتی گۆڵف کێستۆن کە لە کێڵگەی شێخان لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیای سەرکارە رایگەیاند: "لە کۆتایی ئەم مانگەوە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانی نەوتی کێڵگەی شێخان بە تەنکەر هەناردەی تورکیا دەکات". گۆڵف کێستۆن رایگەیاندووە "هەناردەکردنی نەوتی شێخان بە تەنکەر لە جیاتی ئەوەی تێکەڵ بە بۆری نەوتی کوردستان بکرێت، بەشێکە لە سیاسەتی نوێی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە کۆنترۆڵکردنی کوالێتی نەوتی هەناردەکراو". نەوتی شێخان نەوتی قورسە و بەتێکەڵکردنی لەگەڵ نەوتی کێڵگەکانی دیکە کە بە بۆری هەناردە دەکرێت کوالێتی نەوتی هەرێمی کوردستان دادەبەزێنێ، بۆیە بڕیاردراوە بە جیا هەناردەبکرێت.



ئابووری
رووداو
ژمارە ( 447 ) - دووشەممە 2017/2/27

ئەسپێکی هێمنە

# ئەسپە قەزەمەکانی فەرەنسا گەیشتنە کوردستان



رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بازرگانێکی هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەری جوانی دەڵێت لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق خواستێکی زۆر لەسەر بەخێوکردنی جۆرە ئەسپێکی بچووک هەیە کە پێیدەگوترێ پۆنی. ئەمەش وایکردووە سەرەڕای قەیرانی دارایی، بە بەراورد بە ئاژەڵەکانی دیکە، نرخی دانەبەزێت و هاوردەکردنیشی بەردەوام بێت.

ئەسپی پۆنی Pony Horse لە خێزانی ئاژەڵە شیردەرەکانە، توانایەکی زۆرباشی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی ناوچە جیاوازەکاندا هەیە، بەهۆی جوانییەکەشی ئێستا بە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاوبووەتەوە. لە هەرێمی کوردستانیش بەهۆی جوانییەکەی خواست لەسەر بەخێوکردنی هەیە، بۆیە هاوردەکردنی لەو چەند ساڵانەی دواییدا زیادیکردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کەرەنتینەی ڤێتێرنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو 90 ئەسپی پۆنی لە ئەورووپاوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، ئەمساڵیش بازرگانان مۆڵەتی هاوردەکردنی 50 پۆنی دیکەیان وەرگرتووە.

غازی ئیسماعیل، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای رۆمان بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەری جوانی، کە ساڵی رابردوو 20 پۆنی لە بەلجیکاوە هاوردەکردووە. بە (رووداو)ی گوت "لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق خواستێکی زۆر لەسەر کڕینی ئەسپی پۆنی هەیە، بەڵام بە بەراورد بە ئاژەڵەکانی دیکە لە وڵاتانی ئەورووپاش ئەو ئاژەڵە ژمارەی کەمە، بۆیە ناتوانین وەک مامز و ئاژەڵەکانی دیکە بە قەبارەی زۆر هاوردەی بکەین".

ئەسپی پۆنی جگە لە بچووکیی قەبارەکەی، بە درێژی و زۆریی مووی کلکی و ملی، پتەوی و بەهێزی جەستە و قاچەکانی لە بەچکەی ئەسپی ئاسایی جیادەکرێتەوە، پۆنی شێوە و قەبارەی جیاوازی هەیە، بەرزییەکەی لە 60 سانتیمەترەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە مەترێک. غازی ئیسماعیل دەڵێت "ئەسپی پۆنی چەندە قەبارەی بچووک بێت و جەستەی پتەو بێت، خواستی زیاتری لەسەرە و پارەی باشتر دەکات. بۆنموونە هەندێک ئەسپی پۆنیم هێنا کە بەرزییەکەیان 70 سانتیمەتر بوو، جووتێکم بە 4000 دۆلار فرۆشت".

بەگوتەی ئەو بازرگانە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر، لەسەر ئاستی عێراقیش لە شارەکانی بەغدا و بەسرا خواستێکی زۆر لەسەر بەخێوکردن و کڕینی ئەسپی پۆنی هەیە.

کۆمپانیای Pet Ranch- Iraq بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەری جوانی، یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی زۆرتر ئەسپی پۆنی هاوردە دەکات. ئەو کۆمپانیایە تاوەکو ئێستا 150 ئەسپی پۆنی هاوردەی کوردستان کردووە. بۆ ئەمساڵیش بەنیازە 40 ئەسپی دیکە هاوردە بکات.

نەشوان نەجمەددین عەلی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای Pet Ranch-Iraq بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەری جوانی، بە (رووداو)ی گوت "ئەو ئەسپە پۆنییانەی پێشتر هاوردەمان کردوون، بەشێکیان لەسەر داوا و خواستی کڕیاران بووە، چونکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق خواستێکی زۆریان لەسەرە".

سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام نرخی ئەسپی پۆنی بە بەراورد بە ئاژەڵی دیکە دانەبەزیوە. نەشوان دەڵێت "بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لەو ئەسپانەی هاوردەی دەکەین بۆ شارەکانی عێراق دەڕوات، بۆیە نرخی دانەبەزیوە.

نرخی جووتێک ئەسپی پۆنی لە وڵاتانی ئەورووپی بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی بەتایبەتی جوانییەکەی لەنێوان 650 بۆ800 دۆلاردایە، بەڵام بەهۆی تێچووی پشکنینی پزیشکی و گواستنەوە و ئەو خواستە زۆرەی لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق لەسەر ئەو ئەسپە هەیە، جووتێکی لە کوردستان بە سێ تاوەکو شەش هەزار دۆلار دەفرۆشرێتەوە.

نەشوان نەجمەددین دەڵێت "ئەو ئەسپە پۆنییانەی ئێمە دەیانهێنین نرخی جووتێکیان بە 3-3.5 هەزار دۆلار دەفرۆشینەوە، بەڵام هەندێکیان، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر جوانن و مووی کلک و ملیان درێژە، بە نرخێکی زیاتر دەیانفرۆشینەوە". گوتیشی "ئەو ئەسپانەی دوو رەنگن و بەرزییان دەگاتە 80 سم، مووی مل و کلکیان درێژ و پڕە، جەستەیان پتەوە، خواستی زۆرتریان لەسەرە".

ئەو ئاژەڵە بەلای هەموو بازرگانێکیشەوە پەسەند نییە، هەندێک لە بازرگانان کە پێشتر بازرگانییان بەو جۆرە ئەسپەوە دەکرد، ئێستا وازیان لە بەخێوکردنی هێناوە.

مەسعود محەممەد، ئاژەڵدارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، پێشتر کێڵگەیەکی بەخێوکردنی ئەسپ و ماینی پۆنیی هەبوو، ئێستاش چوار ئەسپ و ماینی پۆنیی ماوە. ناوبراو بە (رووداو)ی گوت "بەئامانجی زیادکردن و فرۆشتنەوەی ئەو جۆرە ئەسپە، چوار ساڵ لەمەوبەر 58 ئەسپی پۆنیم کڕی، دوای ساڵێک بەشێکیان زان. بەچکەکانم فرۆشت و قازانجی باشم لێکرد، بەڵام دوای سەرهەڵدانی شەڕی داعش وەک پێشتر بازاڕیان نەما، بۆیە وازم لە بەخێوکردنی پۆنی هێنا". مەسعود محەممەد گوتیشی "ئەسپی پۆنی بە بەراورد بە ئاژەڵی دیکە بەهۆی کەمیی ژمارەیان، نرخیان زۆر دانەبەزیوە، بەڵام وەک ئاژەڵی دیکە لە بازاڕ کڕین و فرۆشتنیان خێرا نییە، بۆیە بەخێوکردنەکەی زۆر ئابوورییانە نییە".



### بۆ راهێنانی منداڵان باشە

**زێدی رەسەنی پۆنی کیشوەری ئەوروپایە، بە تایبەتی فەرەنسا. لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا خواستێکی زۆری لەسەرە. لەکۆندا بۆ گواستنەوەی خەڵوز لەنێو کانەکاندا بەکارهاتووە. ئێستاش جگە لەوەی بۆ جوانی بەخێودەکرێ، خاوەنی یانەکانی ئەسپسواریی وڵاتانی ئەوروپا بۆ راهێنانی منداڵان لەسەر ئەسپسواری بەکاریدێنن، چونکە قەبارەکەی بۆ منداڵان گونجاوە، بە سروشتی خۆشی، ئەسپێکی هێمنە. ماوەی سکپڕی ئەسپی پۆنی، هاوشێوەی ئەسپەکانی دیکە 11 مانگ و چەند رۆژێکە، ساڵانەش تەنیا بەچکەیەکی دەبێت.**

پار 1500 دانەی لێ هاوردەکراوە

# بازاڕی ئاسکی فاڵۆو گەرمە



رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بەرپرسەکان چیدی ناچارنین راوی ئاسک بکەن یان داوا لە راوچییەکان بکەن ئاسکیان بۆ راوبکەن. چونکە ئەو ئاسکانەی وێڵن بەدوای گۆشتەکەیدا، ئێستا زۆر بەئاسانی لەلای بازرگانان دەستدەکەون.

چەند ساڵێکە خواست لەسەر بەخێوکردنی جۆرە ئاسکێک بەناوی ئاسکی فاڵۆو fallow deer لە کوردستان زیادبووە. بۆیە ژمارەیەک بازرگانی ئاژەڵ و پەلەوەر ئێستا ئەو جۆرە ئاسکە هاوردە دەکەن. تەنیا ساڵی رابردوو، نزیکەی 1500 سەر لەو ئاژەڵە هاوردەی کوردستان کراوە.

زێدی رەسەنی ئاسکی فاڵۆو رۆژئاوای ئۆراسیایە. دواتر بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە. ئێستا بەشێوەیەکی فراوان لە وڵاتانی ئەورووپا و هەندێ وڵاتی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکا بۆ گۆشتەکەی یان جوانییەکەی بەخێودەکرێ.


ناوە زانستییەکەی ئەو ئاژەڵە Dama Damaیە، لە خێزانی ئاژەڵە شیردەرەکانە. توانایەکی باشی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی ناوچە جیاوازەکان هەیە، لە تەمەنی نزیکەی دوو ساڵیدا زاوزێ دەکات. نێرەکەی دەتواندرێت لەگەڵ 10 مێیە دابندرێ. بۆیە شارەزایانی ئاژەڵداری دەڵێن بەخێوکردنی سوودی ئابوورییانەی هەیە.

بەخێوکردن و هاوردەکردنی ئەو ئاژەڵە لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵام ئێستا خواست لەسەری زیادبووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی کەرەنتینی ڤێتێرنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، تەنیا لە ساڵی رابردوو 1482 سەر لەو ئاژەڵە لە ئەورووپاوە هاوردەکراون.

فەلاح حەسەن، جووتیارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، دەڵێت ئەو یەکەم کەس بووە ئەو جۆرە ئاسکەی هێناوەتە کوردستان: "10 ساڵ پێش ئێستا بە رێگەی قاچاخ بە دوو وەجبە 8 ئاسکی فاڵۆوم لە سووریاوە هێنایە هەرێمی کوردستان. ئەو ئاسکە بەرگەی گەرمی و ساردی دەگرێ، دەتوانرێ هاوشێوەی مەڕ و بزن بەشێوەیەکی فراوان بەخێوبکرێت".

ماوەی سکپڕیی ئاسکی فاڵۆو 33 تاوەکو 35 هەفتەیە. لە هەندێ وڵاتی ئەورووپی زۆرجار جمکی دەبێت، بەڵام بەهۆی کاریگەریی ژینگە و جۆری خۆراک، لە کوردستان ساڵانە تەنیا یەک بەچکەی دەبێ.



فەلاح حەسەن گوتی "لەدوای تەمەنی دوو ساڵی، ئەو ئاسکە زاوزێ دەکات. لە هەرێمی کوردستان تەنیا یەک بەچکەی دەبێت، بەڵام لە هەندێ وڵاتی ئەورووپی بەهۆی رەخساندنی ژینگەی لەبار و پێدانی خۆراکی تایبەتەوە ساڵانە دوو بەچکەی دەبێت".

ئەوکاتەی فەلاح حەسەن دەستی بەو بازرگانییە کردووە، نرخی جووتێک ئاسکی فاڵۆوی بە 8000 دۆلار داوە، بەڵام کاتێک بازرگانانی دیکە بە خێرەکەیان زانیوە، ئەوانیش هاوردەیان کردووە. بەگوتەی فەلاح دوای ئەوەی چەند بازرگانێکی دیکەش ئەو جۆرە ئاسکەیان هاوردەکرد، نرخی جووتێکی بۆ 4500 دۆلار دابەزی. ئێستا نرخەکەی زیاتریش دابەزیوە، بەجۆرێک کە نرخی جووتێک ئاسک کە تەمەنیان لە ساڵێک کەمترە، نزیکەی 1200 دۆلارە. ئەوانەشی تەمەنیان لە دوو ساڵ زیاترە نرخەکەیان لەنێوان 1600 تاوەکو 2000 دۆلارە.

پێشتر هەرکەسێک دوای وەرگرتنی رەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتیی سامانی ئاژەڵ و کەرەنتینەی ڤێتەرنەری، دەیتوانی ئاژەڵ و پەلەوەری جوان هاوردە بکات، بەڵام دوای هەموارکردنەوەی رێنماییەکان، ئێستا مۆڵەتی هاوردەکردن تەنیا بە کۆمپانیای تایبەت بە هاوردەکردنی ئاژەڵ دەدرێت. ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیای تایبەت بە هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەڕ لە کوردستان تۆمارکراون، بەڵام تەنیا 10 کۆمپانیای چالاکیان هەیە.

کۆمپانیای Pet Ranch- Iraq کە کۆمپانیایەکی کوردییە، ساڵانە 300 تاوەکو 500 ئاسکی فاڵۆو لە بەلجیکاوە هاوردە دەکات. بەشێکی لە کوردستان ساغدەکاتەوە، بەشێکیشی دەفرۆشێتە بازرگانە عەرەبەکانی عێراق.

نەشوان نەجمەددین عەلی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای Pet Ranch-Iraq بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەری جوانی، بە (رووداو)ی گوت "لە هەرێمی کوردستان و عێراق خواستێکی زۆر لەسەر ئاسکی فاڵۆو هەیە، بۆیە ساڵ لەدوای ساڵ زۆرتر هاوردە دەکرێ".

نەشوان نەجمەددین ئاماژە بە کڕیارەکانی دەدات و دەڵێت "هەندێ لەکڕیارەکان بۆ جوانی و وەچەخستنەوە دەیکڕن، هەندێ دیکەشیان بۆ گۆشتەکەی دەیکڕن، بە تایبەتی بەرپرس و سەرمایەداران، کڕیاری ئەو ئاسکەن".


ئاسکی فاڵۆو چوار رەنگی هەیە، کێشی نێرەکەی لە نێوان 46 تاوەکو 80 کیلۆدایە. تێکراکەی 67 کیلۆیە، بەڵام کێشی مێیەی کەمترە و لە نێوان 30 بۆ 50 کیلۆدایە، بەتێکرایی دەگاتە 44 کیلۆ.

### بەرگەی گەرمای هەولێریان نەگرت

**حەکیم محەممەد، ئاژەڵدارێکی شاری هەولێرە، 80 دانە ئاسکی فاڵۆوی لە کێڵگەکەیدا هەیە. بە (رووداو)ی گوت "پێش سەرهەڵدانی شەڕی داعش، ژمارەیەک ئاسکی فاڵۆو بۆ قازانج کڕی، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش نرخی دابەزی، بۆیە بەشێکیانم بۆ وەچەخستنەوە هێشتەوە". لە مانگی حوزەیران و تەمووزی ساڵی رابردوو زۆربەی ئاسکەکانی حەکیم بچوویان بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەوا گەرم بوو، حەکیمیش نەیتوانی ژینگەیەکی لەبار بۆ بێچووە ئاسکەکان دابین بکات، بۆیە بەشێک لە بێچووەکانی مردن. حەکیم محەممەد، گوتی "ئەو جۆرە ئاسکە ئەگەر ژینگەیەکی لەباری بۆ برەخسێندرێت و بەشێوەیەکی زانستانە بەخێوبکرێت ، خێرەکەی زۆر لە مەڕ و بزن زیاترە".**

## شه‌ڕه‌كانی ئه‌م ناوچه‌یه له‌سه‌ر گازی سروشتین

# توركیا پێویستی به‌ كوردستانه یان كوردستان پێویستی به‌ توركیایه‌؟






عومه‌ر ئه‌حمه‌د *

زۆربه‌ی شاره‌زایانی سیاسی پێیانوایه ئه‌و شه‌ڕانه‌ی ئێستا له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست و به‌تایبه‌تیش له‌ سووریا ڕووده‌ده‌ن، به‌شێكی زۆری به‌هۆی ململانێی نێوان وڵاتانی ناوچه‌كه‌یه له‌سه‌ر ڕێڕه‌وه‌كانی گواستنه‌وه‌ی گازی سروشتی، كه بووه‌ته سه‌رچاوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی و په‌سندكراو بۆ دابینكردنی پێویستیی ئه‌وروپا به‌ وزه.

پێشتر ده‌گوترا: "هه‌ر شه‌ڕێك ئه‌مریكا ده‌ستی تێدابێ له‌به‌ر نه‌وته‌كه‌یه‌تی"، به‌ڵام ئێستا، دوای ئه‌وه‌ی گازی سروشتی به‌هۆی خاوێنبوونی ڕێژه‌یی و هه‌رزانبوونییه‌وه شوێنی نه‌وتی خاوی گرتووه، له‌پشت ململانێ سیاسییه‌كان تێبینی ده‌كرێت كه سه‌رچاوه‌كانی گازی سروشتی و گه‌یاندنیان به‌ بازاڕه‌كان ڕۆڵی سه‌ره‌كی ده‌گێڕن. له‌م بابه‌ته‌دا تیشك ده‌خه‌ینه سه‌ر سه‌ره‌كیترین بۆڕییه‌كانی گازی ناوچه‌كه، كه پلانیان بۆ داڕێژراوه، به‌ڵام هێشتا جێبه‌جێ نه‌كراون.

### گه‌وره‌ترین كێڵگه‌ی جیهان

له‌ ساڵی 1989وه قه‌ته‌ر و ئێران ده‌ستیانكردووه به‌ په‌ره‌پێدانی كێڵگه‌ی (پارسی باشوور) یان (گومه‌زی باكوور)، كه ده‌كه‌وێته قووڵایی 3000 مه‌تری ژێر كه‌نداوی فارس. ئه‌و كێڵگه‌یه خاوه‌نی 51 تریلیۆن مه‌تر سێجا گازی سروشتی و 50 تریلیۆن مه‌تر سێجا گازی شلی كۆندێنسه‌یته. كێڵگه‌كه له‌ قه‌ته‌ر و ئێران به‌ دوو ناوی جیاواز ده‌ناسرێت، گه‌وره‌ترین كێڵگه‌ی گازی سروشتیی جیهانه و یه‌ك له‌سه‌ر سێی سامانه‌كه‌ی له‌ژێر سنووره ئاوییه‌كانی ئێرانه و دوو له‌سه‌ر سێشی له قه‌ته‌ره.

قه‌ته‌رییه‌كان له‌ چه‌ند ساڵی ڕابردوودا وه‌به‌رهێنانێكی زه‌به‌لاحیان كردووه بۆ چاره‌سه‌ركردنی گازی سروشتیی به‌رهه‌مهاتوو و شلكردنی، كه به‌ LNG ناسراوه. ئه‌گه‌ر بۆڕی بۆ گواستنه‌وه‌ی له‌به‌رده‌ست نه‌بێت، چاره‌سه‌ركردنی گازی سروشتی و گواستنه‌وه‌ی به‌ كه‌شتی دوای شلكردنی، تێچووی زۆره. بۆ قه‌ته‌ر به‌هۆی به‌رزبوونه‌وه‌ی خه‌رجییه‌كانی گواستنه‌وه و دابه‌زینی به‌های گاز مه‌ترسیی له‌ده‌ستدانی پشكی ئه‌و وڵاته ده‌كرێت له بازاڕی ئه‌وروپا، به‌تایبه‌تی له‌به‌ر هه‌بوونی بۆڕیی گازی سروشتیی ڕووسیا بۆ ئه‌وروپا. بۆ ئێرانیش، پاش ڕێككه‌وتنه ئه‌تۆمییه‌كه‌ی، به‌نیازی به‌ده‌ستهێنانی پشكی خۆیه‌تی له‌ بازاڕی ئه‌وروپا.

### بۆڕیی قه‌ته‌ر-ئه‌وروپا

ساڵی 2009، قه‌ته‌ر ڕوویكرده سووریا و پڕۆژه‌ی ڕاكێشانی بۆڕییه‌كی گازی به درێژایی 2400 كیلۆمه‌تر بۆ به‌رپرسانی ئه‌و وڵاته پێشنیازكرد، كه ڕاسته‌وخۆ گازی سروشتیی له كێڵگه‌ی گومه‌زی باكوور ده‌گواسته‌وه بۆ حه‌له‌ب له سووریا. له‌وێشه‌وه به تێپه‌ڕبوونی به خاكی توركیادا ده‌گه‌یشته بازاڕه‌كانی ئه‌وروپا. ئێستا گواستنه‌وه‌ی گازی سروشتی له قه‌ته‌ر سنووردراوه. گازی سروشتیی شلكراو LNG ی به‌رهه‌مهاتووی قه‌ته‌ر زۆربه‌ی ده‌ڕواته بازاڕه‌كانی ئاسیا، بڕێكی كه‌میشی ده‌گاته ئه‌وروپا. بڕێكیشی له‌ڕێگه‌ی بۆڕیی دۆلفینه‌وه ده‌گوازرێته‌وه بۆ ئیمارات و عوممان. بۆڕییه پێشنیازكراوه‌كه‌ی قه‌ته‌ر دوای تێپه‌ڕینی له سعودیه و ئوردن و سووریا، گازی سروشتیی ده‌گواسته‌وه بۆ ئه‌وروپا، به‌ڵام حكومه‌تی سووریا ئه‌و پێشنیازه ڕه‌تده‌كاته‌وه، له‌به‌رئه‌وه‌ی پێگه‌ی ڕووسیای هاوپه‌یمانی له بازاڕی گازی ئه‌وروپا سست ده‌كرد و له‌جیاتی ئه‌وه پڕۆژه‌ی بۆڕییه‌كی دیكه‌ی گازی سروشتیی په‌سندكرد.

### بۆڕیی دۆستایه‌تی (ئێران-عێراق-سووریا)

ساڵی 2011، ئێران و عێراق و سووریا له‌سه‌ر دروستكردنی بۆڕییه‌كی گازی سروشتی ڕێككه‌وتن، كه گازی سروشتیی به‌رهه‌مهاتوو له كێڵگه‌ی پارسی باشووری، له‌ڕێی خاكی عێراق و سووریا و لوبنانه‌وه ڕاسته‌وخۆ ده‌گواسته‌وه بۆ بازاڕی ئه‌وروپا. ئه‌و بۆڕییه یه‌كسه‌ر به پڕۆژه‌یه‌ك دژی پڕۆژه‌ی بۆڕیی گازی قه‌ته‌ر لێكدرایه‌وه و به بۆڕییه‌كی شیعی ناسێندرا. بۆیه‌ش هه‌ندێك له شرۆڤه‌كاران پڕۆژه‌ی گواستنه‌وه‌ی گازی قه‌ته‌ر و ئێران سه‌رچاوه‌ی پێكدادانی به‌ره‌ی شیعه و سوننه‌یه له ناوچه‌كه‌دا، به‌تایبه‌ت له سووریا.

### بۆڕیی تاناپ و تاپ

بۆڕیی گازی سرووشتیی تاناپ، گازی به‌رهه‌مهاتوو له كێڵگه‌ی گه‌وره‌ی شاده‌نیز-2ی ئازه‌ربایجان له‌ڕێگه‌ی خاكی جۆرجیاوه ده‌گوازرێته‌وه سنووری توركیا. له سنووری توركیاشه‌وه به بۆڕییه‌كی دیكه‌دا به‌ناوی تاپ ده‌گوازرێته‌وه یۆنان و ئه‌لبانیا. له‌وێشه‌وه به ژێر ده‌ریادا تێده‌په‌ڕێ و ده‌گاته ئیتاڵیا، له ئیتاڵیاشه‌وه ده‌چێته وڵاتانی دیكه‌ی ڕۆژئاوای ئه‌وروپا.

هه‌ردوو بۆڕیی تاناپ و تاپ به‌شێكن له پڕۆژه‌یه‌كی گه‌وره‌تری كۆمیسیۆنی ئه‌وروپا له‌ژێر ناونیشانی (ڕێڕه‌وی گازی باشوور) كه ئامانجی ئه‌وه‌یه گازی سروشتی له وڵاتانی كه‌ناری ده‌ریای قه‌زوین و وڵاتانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست بگوازرێته‌وه ئه‌وروپا و له‌و ڕێگه‌یه‌شه‌وه وابه‌سته‌بوونی ئه‌وروپا به گازی سروشتیی ڕووسیاوه كه‌مبكاته‌وه، كه به‌رده‌وام له‌لایه‌ن ڕووسه‌كان وه‌ك كارتێكی به‌هێزی سیاسی له‌دژی یه‌كێتیی ئه‌وروپا به‌كارهاتووه.

### پڕۆژه‌ی توركیش ستریم

ئه‌م پڕۆژه‌یه له‌كاتی سه‌ردانی فلادیمیر پووتین، سه‌رۆكی ڕووسیا، له ساڵی 2014 بۆ توركیا، وه‌ك كاردانه‌وه به‌رامبه‌ر دژایه‌تیكردنی وڵاتانی ئه‌وروپی بۆ پڕۆژه‌ی ته‌وژمی باشووری ئه‌و وڵاته به توركیا پێشنیازكرا. ئامانجی پڕۆژه‌كه ئه‌وه‌یه كه گازی سروشتیی ڕووسیا له‌ڕێگه‌یه‌كی دیكه‌وه، جگه له ئۆكراینا، بگوازرێته‌وه توركیا و پاشان هه‌ناردە‌ی ئه‌وروپای بكات. ئه‌م پڕۆژه‌یه له بنه‌ڕه‌تدا پڕۆژه‌ی ته‌وژمی باشوور بوو كه هه‌ڵوه‌شێندرایه‌وه. پڕۆژه‌ی ته‌وژمی باشوور بڕیاربوو گازی سروشتیی ڕووسیا له‌ڕێگه‌ی بولگاریاوه بگه‌یه‌نێته وڵاته ئه‌وروپییه‌كان.

ڕووسیا به‌نیازی جێبه‌جێكردنی پڕۆژه‌ی ته‌وژمی باشوور بوو، چونكه به جێبه‌جێكردنی ئه‌و پڕۆژه‌یه چیدیكه منه‌تی به ئۆكراینا نه‌ده‌ما له هه‌ناردەكردنی گازی سروشتیی خۆی بۆ ئه‌وروپا، به‌ڵام ئه‌وروپییه‌كان به بیانووی ئه‌وه‌ی كه گازپرۆم له‌و پڕۆژه‌یه‌دا قۆرخكاریی كردووه و ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێكاریی ڕه‌های پێدراوه، ئاماده‌نه‌بوون ئه‌و پڕۆژه‌یه جێبه‌جێ بكه‌ن. له‌به‌ر ئه‌وه‌ش له‌ڕقی ئه‌وروپییه‌كان، ڕووسیا ناوی پڕۆژه‌كه‌ی گۆڕی بۆ توركیش ستریم و پێشكه‌شی توركیای كرد. سه‌ره‌تای ئه‌م مانگه‌ش پوتین واژۆی له‌سه‌ر جێبه‌جێكردنی پڕۆژه‌كه كرد.

### پڕۆژه‌ی گازی هه‌رێمی كوردستان - توركیا

دوای شه‌ڕی عێراق له 2003 و دانپێنانی ده‌ستووریی عێراق به هه‌بوونی هه‌رێمی كوردستان وه‌ك هه‌رێمێكی خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات، یه‌كێك له‌و كاره ستراتیژییانه‌ی له‌و هه‌رێمه‌دا په‌یڕه‌وكرا، په‌ره‌پێدانی سه‌رچاوه‌كانی نه‌وت و گازی سرووشتی بوو. له‌به‌رئه‌وه‌ی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان و حكومه‌تی فیدراڵی نه‌یانتوانی به درێژایی 14 ساڵ له‌سه‌ر چۆنیه‌تیی به‌ڕێوه‌بردنی سامانی نه‌وت و گاز ڕێكبكه‌ون، هه‌رێمی كوردستان ڕێگه‌ی خۆی له عێراق جیاكرده‌وه و تاكلایه‌نانه ڕووی له په‌ره‌پێدانی سامانی سروشتیی خۆی كرد. ساڵی 2013، حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان گه‌یشته ڕێككه‌وتنێك له‌گه‌ڵ توركیا بۆ هه‌ناردەكردنی گازی سروشتی بۆ ئه‌و وڵاته له‌ڕێگه‌ی ڕاكێشانی بۆڕییه‌وه، كه ده‌بێته ڕكابه‌رێكی سه‌ره‌كی بۆ گازی هه‌ناردەكراو بۆ توركیا له‌لایه‌ن ئێران و ئازه‌ربایجان و ڕووسیاوه، چونكه سه‌رچاوه‌كانی گازی سروشتیی هه‌رێمی كوردستان له هه‌موو وڵاتێك نزیكتره له توركیا و به‌هۆی تێچووی كه‌متری گواستنه‌وه‌ی بۆ توركیا، ده‌بێته هه‌رزانترین گازی سروشتی كه ئه‌و وڵاته ده‌توانێت له هه‌موو جیهان ده‌ستیبخات. وه‌رگرتنی گازی سروشتیی هه‌رێمی كوردستان له‌لایه‌ن توركیاوه، چه‌ند بۆ توركیا گرنگه، بۆ هه‌رێمی كوردستان دوو هێنده گرنگه، له‌به‌رئه‌وه‌ی وڵاتێكی قه‌تیسماوه، كه ڕێگه‌ی بۆ سنووره ئاوییه ئازاده‌كان نییه و بۆ سه‌ربه‌خۆیی ئابووری و جیابوونه‌وه‌ی هه‌تاهه‌تایی له به‌غدا پێویستی به په‌ره‌پێدانی سه‌رچاوه سروشتییه‌كانیه‌تی، به چه‌شنێك كه بتوانێت ڕێگه‌ی خۆی بۆ بازاڕه‌كانی ده‌ره‌وه بدۆزێته‌وه.

### بۆڕیی ئاشتی

وتووێژه‌كان بۆ دروستكردنی بۆڕیی گازی سروشتی نێوان ئێران و پاكستان له‌ساڵی 1995 ده‌ستیپێكرد، پاشان له ساڵی 1999 ئێران پێشنیازی درێژكردنه‌وه‌ی پڕۆژه‌كه‌ی بۆ هیندستانیش پێشكه‌ش به پاكستان كرد، له‌به‌رئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیی نێوان هیندستان و پاكستان هیچكات باش نه‌بووه، پڕۆژه‌كه ناوی لێنرا بۆڕیی ئاشتی. له ساڵی 2012 دوای ئه‌وه‌ی گه‌مارۆ ئابوورییه‌كانی سه‌ر ئێران توندكران و به‌رده‌وامیش ئه‌مریكا گوشاری بۆ هیندستان و پاكستان ده‌هێنا كه پاشگه‌زببنه‌وه له‌و پڕۆژه‌یه، پڕۆژه‌كه په‌كیكه‌وت. ئێستا دوای لادانی گه‌مارۆكانی سه‌ر ئێران، دیسان ئه‌و پڕۆژه‌یه زیندوو بووه‌ته‌وه و به‌شێكی له دیوی ئێرانه‌وه كاری تێداده‌كرێت.

### بۆڕیی ئێران - عوممان

هه‌رچه‌نده وڵاتانی كه‌نداو خاوه‌نی سامانێكی گه‌وره‌ی نه‌وتن، به‌ڵام جگه له قه‌ته‌ر، ئه‌وانیدیكه پێویستییه‌كی زۆریان به گازی سروشتی هه‌یه. ئێران و عوممان له‌مێژه هاوپه‌یمانی ستراتیژیی یه‌كدین. له‌به‌رئه‌وه‌ش چه‌ندین ساڵه گفتوگۆ ده‌كه‌ن بۆ ڕاكێشانی بۆڕییه‌كی گازی سروشتی كه بتوانێت گازی سروشتیی ئێران له ژێر كه‌نداوه‌وه هه‌ناردە‌ی عوممان بكات. هه‌فته‌ی ڕابردوو به‌رپرسانی ئێران و عوممان چوارچێوه‌ی گشتیی ئه‌و پڕۆژه‌یه‌یان داڕشت و چاوه‌ڕێ ده‌كرێت له‌ماوه‌ی چه‌ند ساڵی داهاتوودا جێبه‌جێ بكرێ.

*** به‌ڕێوه‌به‌ری دێسكی ئابووری له تۆڕی میدیایی ڕووداو**

# تره‌مپ نرخی نه‌وت ده‌گه‌یه‌نێته سه‌رووی 60 دۆلار



د.عه‌تووف عه‌بدولموهه‌یمن بارزانی*

پتر له سێیه‌كی به‌رهه‌می نه‌وتی جیهان له‌بنده‌ستی وڵاتانی ئه‌ندام له ڕێكخراوی ئۆپێكدایه. بۆیه ئه‌و ڕێكخراوه كاریگه‌ریی زۆری به‌سه‌ر بازاڕی نه‌وته‌وه هه‌یه، به‌ڵام نابێت وڵاتانی خاوه‌ن نه‌وتی ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێكیش له‌بیر بكرێن. ئه‌وانیش ڕۆڵی به‌رچاویان هه‌یه به‌سه‌ر بازاڕی نه‌وته‌وه. هه‌ر بۆیه گه‌ڕاندنه‌وه‌ی سه‌قامگیری بۆ بازاڕه‌كانی نه‌وت به‌نده به‌و ڕێككه‌وتنانه‌ی بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی ئاستی به‌رهه‌مهێنانی وڵاتانی ئۆپێك و ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێك كراوه.

زۆرترین یه‌ده‌گی سه‌لمێندراوی نه‌وتی وڵاتان له‌بنده‌ستی 13 وڵاته‌كه‌ی ئۆپێكدایه، كه به سه‌رجه‌میان ده‌گاته یه‌ك ترلیۆن و 213 ملیار و 150 ملیۆن به‌رمیل. واته 73%ی یه‌ده‌گی سه‌لمێندراوی نه‌وت له جیهاندا. زۆرترینی ئه‌و یه‌ده‌گه سه‌لمێندراوه له ڤه‌نزوێلایه كه 298 ملیار و 350 ملیۆن به‌رمیل نه‌وته، كه‌مترینیشی له گابۆنه كه ته‌نیا 2 ملیار به‌رمیل نه‌وتی یه‌ده‌گی سه‌لمێندراوی هه‌یه.

كاتێك ئه‌و ژماره گه‌وره‌یه‌ی یه‌ده‌گی ئۆپێك ده‌بینین، گرنگی ڕێككه‌وتنی ئۆپێك له‌گه‌ڵ وڵاتانی ده‌ره‌وه‌ی ڕێكخراوه‌كانمان بۆ ده‌رده‌كه‌وێ بۆ گه‌ڕاندنه‌وه‌ی هاوسه‌نگی بۆ بازاڕه‌كانی نه‌وت.

كه‌ئه‌وانیش وڵاتانی خاوه‌ن یه‌ده‌گی گه‌وره‌یان تێدایه، له‌وانه‌ش كه‌نه‌دا كه خاوه‌نی 157ملیار به‌رمیل نه‌وتی یه‌ده‌گه، هه‌روه‌ها ڕووسیا كه خاوه‌نی 80 ملیار به‌رمیله. له كۆبوونه‌وه‌كه‌ی ڤیه‌ننا له ڕۆژی 2016/11/30 ئه‌ندامانی ئۆپێك بڕیاری كه‌مكردنه‌وه‌ی به‌رهه‌مهێنانی نه‌وتیان په‌سندكرد، كه بریتی بوو له دابه‌زاندنی به‌رهه‌می گشتی له 33.24 ملیۆن به‌رمیل ڕۆژانه بۆ 32.04 به‌رمیل.

بۆئه‌وه‌ی بڕیاره مێژووییه‌كه‌ی ئۆپێك به‌شێوه‌یه‌ك بێت كه كاریگه‌ریی ڕاسته‌وخۆ و به‌په‌له‌ی هه‌بێت له‌سه‌ر نرخی نه‌وت، ئه‌ندامانی ئۆپێك بڕیاریاندا زنجیره‌یه‌ك كۆبوونه‌وه له‌گه‌ڵ وڵاتانی به‌رهه‌مهێنه‌ری نه‌وت له ده‌ره‌وه‌ی ڕێكخراوه‌كه بكه‌ن. سه‌ره‌تای 2017 كۆبوونه‌وه‌یه‌ك له‌نێوان ئه‌ندامانی ئۆپێك و وڵاتانی ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێك كرا، هه‌ردوولا ڕێككه‌وتن كه وڵاتانی ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێكیش 608 هه‌زار به‌رمیل له نه‌وتی ڕۆژانه‌یان كه‌مبكه‌نه‌وه. له‌و كه‌مكردنه‌وه‌یه پشكی شێر به‌ر ڕووسیا كه‌وت به 300 هه‌زار به‌رمیل، پۆلیڤیاش كه‌مترین بڕی به‌ركه‌وت كه ته‌نیا چوار هه‌زار به‌رمیله له ڕۆژێكدا.

بۆ چاودێری و به‌دواداچوونی ڕێككه‌وتنه‌كان. لیژنه‌یه‌كی 5 قۆڵی له هه‌ردوولا (ئه‌ندامانی ناوه‌وه و ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێك) پێكهێنراوه كه بریتین له جه‌زائیر، كوێت، ڤه‌نزویلا، ڕووسیا و عوممان.

به‌پێی به‌دواداچوونه‌كان ڕێژه‌ی پابه‌ندبوونی ئه‌ندامانی ڕێكخراوی ئۆپێك به بڕیاری كه‌مكردنه‌وه‌ی ئاستی به‌رهه‌مهێنان گه‌یشتووه‌ته 92%. به‌ڵام ڕێژه‌ی پابه‌ندبوونی ئه‌ندامانی ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێك له 50%ی تێنه‌په‌ڕاندووه. ده‌بێت ئۆپێك گوشار بخاته سه‌ر وڵاتانی ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێك بۆئه‌وه‌ی پابه‌ندی ڕێككه‌وتنه‌كه بن، چونكه ئه‌گه‌ر ڕێككه‌وتنی نێوان هه‌ردوولا به‌ته‌واوی جێبه‌جێ نه‌كرێ، گه‌ڕانه‌وه‌ی هاوسه‌نگی بۆ بازاڕی نه‌وت زه‌حمه‌ت ده‌بێ و دره‌نگیش ده‌كه‌وێ.

لێره‌دا نابێت ڕۆڵی ئه‌مریكا وه‌ك ده‌وڵه‌تێكی به‌رهه‌مهێنه‌ری نه‌وت نادیده بگریت كه كاریگه‌ری ڕاسته‌وخۆی هه‌یه له‌سه‌ر بازاڕی نه‌وت. به‌وپێیه‌ی كه دوای 40 ساڵ گه‌ڕایه‌وه نێو بازاڕی جیهانی وزه. بڕیاری ئه‌مدواییه‌ی سه‌رۆكی نوێی ئه‌مریكاش به زیادكردنی به‌رهه‌مهێنانی نه‌وتی وڵاته‌كه‌ی، هه‌روه‌ها فراوانتركردنی پرۆسه‌ی دۆزینه‌وه و ده‌رهێنانی نه‌وت بێ كاریگه‌ری نابێ.

ئه‌مه‌ش واده‌كات ڕێكخراوی ئۆپێك نه‌توانێت 100% گه‌ره‌نتیی هاوسه‌نگی له‌نێوان خستنه‌ڕوو و خواست له بازاڕی نه‌وتدا بكات. هه‌رچه‌نده گوشاره‌كانی ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا نابێت نادیده بگیرێن، به‌ڵام نه‌وتی لیته‌یی ئه‌مریكا تێچووی زۆر زیاتره ($60 بۆ هه‌ر به‌رمیلێك) له تێچووی نه‌وتی ئۆپێك، نه‌وتی لیته‌یی ئه‌مریكا ئه‌وكاته بازاڕ ده‌خنكێنێ كه نرخی نه‌وت به ڕێژه‌یه‌كی به‌رچاو به‌رزببێته‌وه، ئه‌وه‌ش له ئاینده‌یه‌كی زۆر زوودا ڕوونادات، بۆیه نابێت نه‌وته‌كه‌ی ئه‌مریكا به هه‌ڕه‌شه‌یه‌ك بۆ سه‌ر ڕێككه‌وتننامه‌كه‌ی نێوان ئه‌ندامانی ناوه‌وه و ده‌ره‌وه‌ی ئۆپێك سه‌یر بكرێ.

ئابووریی زۆربه‌ی وڵاتانی به‌رهه‌مهێنه‌ری نه‌وت به‌هۆی دابه‌زینی نرخه‌كانی نه‌وته‌وه داته‌پیوه‌و چه‌ندین وڵات به‌ره‌وڕووی قه‌یرانی دارایی كرده‌وه، بۆیه وڵاتانی به‌رهه‌مهێنه‌ری نه‌وت تاكه ڕێگه بۆ بوژانه‌وه‌ی ئابوورییه‌كه‌یان پابه‌ندبوونه به ڕێككه‌وتنه‌كانیان.

من گه‌شبینم به پابه‌ندبوونی وڵاتانی ده‌ره‌وه و ناوه‌وه‌ی ئۆپێك به ڕێككه‌وتنه‌كانی نێوانیان. به‌مه‌ش پێشبینی ده‌كه‌م نرخی نه‌وت له ناوه‌ڕاستی ئه‌مساڵ بۆ سه‌رووی 57 به‌رزببێته‌وه. له كۆتایی ساڵیش بگاته 60 دۆلار. ئه‌گه‌ر هه‌ڕه‌شه‌كانی ئه‌مریكاش بۆ سه‌ر ئێران به‌رده‌وام بن، ئه‌گه‌ری هه‌یه نرخی نه‌وت بۆ سه‌رووی 60 دۆلار به‌رز ببێته‌وه. له‌و حاڵه‌ته‌شدا ئابووریی زۆربه‌ی وڵاتان به تایبه‌تی وڵاتانی به‌رهه‌مهێنه‌ری نه‌وت ئاهێكی به‌به‌ردا دێته‌وه.

سه‌باره‌ت به هه‌رێمی كوردستانیش چاوه‌ڕێ ده‌كرێت له ماوه‌كانی داهاتوودا ئابوورییه‌كه‌ی گه‌شه‌سه‌ندن به‌خۆیه‌وه ببینێ، ئه‌ویش له‌به‌ر چه‌ند هۆكارێك:

- به‌رزبوونه‌وه‌ی به‌رده‌وامی به‌های نه‌وت له بازاره‌كانی جیهاندا (زیادبوونی داهات)
- چاكسازییه‌كانی سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێم و حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان (كه‌مكردنه‌وه‌ی خه‌رجییه‌كان).
- دوورخستنه‌وه‌ی داعش له هه‌رێمی كوردستان (گه‌ڕانه‌وه‌ی وه‌به‌رهێنه‌رانی بیانی بۆ كوردستان)
- هه‌وڵه‌كان بۆ چاره‌سه‌ری قه‌یرانی سیاسیی هه‌رێمی كوردستان (سه‌قامگیری سیاسی، واته بووژانه‌وه‌ی بازاڕ).
- گرێبه‌ستی درێژخایه‌نی ئه‌مدواییه‌ی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان و كۆمپانیای ڕۆسنه‌فت كه حكومه‌تی پێشوه‌خته شایسته داراییه‌كانی وه‌رده‌گرێ. (بووژانه‌وه‌ی بازاڕی دراوی كوردستان).

***دكتۆرا له ئابووریی وزه**

## کورد دڵی فادی خۆشدەکەن



**دەریاز یونس/ ڕووداو – بەیرووت**


فادی حەداد، دەرهێنەری بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەڵێت کوردستان دیمەنێکی سیحراویی بۆ کلیپی گۆرانی هەیە.

فادی حەداد بە (ڕووداو)ی گوت "سروشتی کوردستان لە سروشتی زۆر وڵات جوانترە بۆ بەرهەمهێنانی کلیپی گۆرانی، بەڵام نەبوونی تەکنیکی پێویست و ستافی شارەزا لە کوردستان، کارەکە بۆ دەرهێنەر زۆر قورس دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پلانم هەیە لە کوردستان کلیپ وێنە بگرم".

بەشێک لەوانەی پەیجەکەی ئەو دەرهێنەرە لوبنانییە لایک دەکەن کوردن، ئەوەش ئەوی دڵخۆشکردووە و دەڵێت "کورد هەمیشە دڵخۆشمدەکەن، بۆیە هەموو کاتێک ئامادەم بێمە کوردستان، خول بۆ دەرهێنەرانی کورد بکەمەوە یان هەر دەرهێنەرێک بێتە بەیرووت ئامادەم یارمەتیی بدەم".

### دارین شاهین بۆ (ڕووداو):

# بێژەری کەشوهەوا نابێ جوان نەبێت



وەک بێژەری کەشوهەوا دەرکەوت، ناسناوی وروژێنەرترین و جوانترین بێژەری کەشوهەوای عەرەبیی هەیە. هاوژینەکەی دەڵێ ڕۆژنامەنووسی ئەستێرەکانە. هەمیشە کامێراکەی مەڵاسداوە، هەر چۆنێکی بۆ هەڵبکەوێ وێنەی دەگرێ و بڵاوی دەکاتەوە. وێنەکانی دارین شاهین هەمیشە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەرا دەنێنەوە. دارین شاهین ئەکتەر و بێژەری دیاری لوبنانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) زۆر لایەنی شاراوەی ژیانی خۆی ئاشکرا دەکات.

دەرباز یونس
ڕووداو - بەیرووت

**جلەکانم نا، خۆم وروژێنەرم**

**خۆزگە دەگونجا بێمە کوردستان**

**ڕووداو: چیرۆکی دەرکەوتنی تۆ چۆن دەستی پێکرد؟**

**دارین شاهین:** باوکم زۆر هاوکارم بوو بۆئەوەی دەربکەوم. لە منداڵییەوە حەزم لە بێژەری بوو، بەتایبەتی بێژەریی کەشوهەوا. بیرمە هەمیشە لەبەردەم ئاوێنە لاسایی بێژەرەکانم دەکردەوە و کەشوهەوام پێشکەش دەکرد، بەڵام بۆ خەڵک نا، بۆ دایک و باوکم. هەمیشە باوکم پشتگیریی دەکردم. ساڵی 2009 لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کەناڵی "الجدید" یەکمان ناسی، پێشنیازیان بۆ کردم کاریان لەگەڵ بکەم، گوتیان وەرە ببە بێژەر، منیش یەکسەر ڕازی بووم. تاکە مەرجم ئەوەبوو کەشوهەوا پێشکەش بکەم. ئەوانیش ڕازی بوون و دەستمپێکرد.

**ڕووداو: بۆچی هەمیشە بە جلی وروژێنەر کەشوهەوا پێشکەش دەکەیت؟**

**دارین شاهین:** کەشوهەوا سروشتی وایە، جلوبەرگی منیش وروژێنەر نین. من خۆم لەشولارم جوانە و خۆم وروژێنەر و سەرنجڕاکێشم نەک جلوبەرگەکانم. بێژەری کەشوهەوا دەبێ دوو مەرجی تێدابێت، یەکەم جوان بێت و دووەم وەک من وروژێنەر بێت. ئەگەر کچێکی جوان کەشوهەوا پێشکەش نەکات، کێ تاقەتی هەیە سەیری بکات؟ بەتایبەت ئێستا کە هەموو کەس لە مۆبایلەکەیەوە دەزانێت کەی بارانە و کەی ساردە و کەی گەرمە.

**ڕووداو: هەمیشە مانشێتی میدیا عەرەبییەکان لەبارەی تۆوە بڵاوبوونەوەی وێنە وروژێنەرەکانتە کە هاوژینەکەت بڵاوی دەکاتەوە: دارین شاهین لەکاتی خەوتن. دارین شاهین لەکاتی خۆشوشتن، دارین لەسەر دەریا. دارین لە تەوالێت. هاوژینەکەت بۆچی وادەکات؟ ئەمە سروشتی ئەوە یان سیناریۆی خۆتە بۆ بەناوبانگبوون؟**

**دارین شاهین:** من لەگەڵ هاوژینەکەم زیاتر هاوڕێم نەک هاوژین. خۆشترین و ئارامترین ژیانم هەیە. ئەگەر ئەو وێنەکانم بەڕووتیش بڵاوبکاتەوە، لێی تووڕە نابم، چونکە شەڕەفی ئەوم. ئەو سروشتی وایە و هیچ سیناریۆیەک نییە. دواتر من پێویستم بە ناوبانگ نییە. خۆم بەناوبانگم.

**ڕووداو: چۆن یەکدیتان ناسی لەگەڵ هاوژینەکەت؟ چیرۆکی خۆشەویستیتان چۆن بوو؟ چەند منداڵتان هەن؟**

**دارین شاهین:** چیرۆکی یەکترناسینمان دووروودرێژە. باس ناکرێت. بەڵام خۆشەویستیم بۆی بێ وێنەیە. دوو کچم هەن، دەتوانم بڵێم دوو فریشتە و دوو شاجوانم هەن. هێندەی هەموو دونیا خۆشمدەوێن.

**ڕووداو: تۆ وەک ئەکتەریش دەردەکەوی، کامیان بۆ تۆ گرنگترن؟ بێژەری یان ئەکتەری؟**

**دارین شاهین:** بەدڵنیاییەوە بێژەری. کە دەڵێم بێژەری، مەبەستم بێژەریی کەشوهەوایە. ئەگەرنا بەرنامەی دیکەیان زۆر بۆ پێشنیاز کردووم و نەمکردوون. من ئەکتەری زیاتر وەکو کار دەبینم، ئەگینا هەموو ژیانی من بێژەری و پێشکەشکارییە. بەدڵنیاییەوە کە دەڵێم بێژەری، مەبەستم بێژەریی کەشوهەوایە.

**ڕووداو: نوێترین پرۆژەکانت چین؟ مەبەستم پرۆژەی نواندن و دراما؟**

**دارین شاهین:** لە ڕەمەزاندا لە دوو دراما دەردەکەوم لە کەناڵەکانی ئێم بی سی و ئێڵ بی سی.

**ڕووداو: دراماکان باسی چی دەکەن؟ ڕۆڵی تۆ چییە؟**

**دارین شاهین:** ناکرێ باسی بکەم، گرێبەستەکەم ڕێگەم نادات، بەڵام لە هەردووکیاندا ڕۆڵی سەرەکیم هەیە.

**ڕووداو: ئەی فیلمی سینەمایی؟**

**دارین شاهین:** زۆر پرۆژەم بۆ دێن، بەڵام پێموایە ئاستی فیلمی سینەمایی لوبنان و وڵاتە عەرەبییەکان وەک پێویست نین.

**ڕووداو: لەبارەی کوردستانەوە چی دەزانی؟**

**لە ڕەمەزان هەوادارانم لە دوو زنجیرە درامادا دەمبینن**

**هاوژینەکەم حەزی لە بڵاوکردنەوەی وێنەکانمە**

**دارین شاهین:** زۆر شتم لەبارەی کوردستانەوە گوێ لێبووە. دەرفەتم نەبووە سەردانی بکەم. خۆزگە دەهاتم و دەمبینی. هاوڕێی کوردم هەن، زۆر بەڕێزن. زۆر خۆشەویستن. خۆشەویستیی زۆرم بۆ خەڵکی کوردستان هەیە.

**ڕووداو: بۆچی نەگونجاوە سەردانی کوردستان بکەیت؟**

**دارین شاهین:** حەزدەکەم بێم ماوەیەک بمێنمەوە، لەنزیکەوە شارەزای خەڵک بم. هاوڕێیەکم نەبووە کە پلانەکەم بۆ ڕێکبخات، ئێستا تۆم هەیە دەرباز، دڵنیابە دێم و پێشتر ئاگادارت دەکەمەوە.

**ڕووداو: بۆ پرۆژە و کار دێی یان بۆ گەشت؟**

**دارین شاهین:** بۆ پرۆژە نا، بۆ گەشتکردن. حەزدەکەم سروشتی جوانی کوردستان ببینم. حەزدەکەم خەڵکی کوردستان زیاتر بمناسن.



## سارا تەکلیفی زۆری لێدەکرێ

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

خانمە نمایشکاری فارس، سارا ڕایگەیاند لە هەرێمی کوردستان زۆر ئاسوودەیە و بەنیازە لە ئایندەدا نێوەندێکی نمایشکاری بکاتەوە.

سارا، کچێکی ئێرانییە و چەند ساڵێکە لە هەولێر دەژی. بە کوردییەکی ڕەوان قسەدەکات. ماوەیەکە وەک نمایشکاری جلوبەرگ دەردەکەوێت و ناوبانگی پەیداکردووە. سارا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نمایشکاری ئەزموونێکی باشی ژیانی فێرکردووم. حەزم لە کارەکەیە و لە باشووری کوردستانیش لە کارکردن مورتاحم. بەنیازم لە داهاتوودا نێوەندێکی نمایشکاری بکەمەوە".

سارا دەشڵێت "دایک و باوکم لە ئێرانەوە وێنەکانم دەبینن و شانازیم پێوەدەکەن، زۆر پشتگیریم دەکەن لە باشووری کوردستانیش ئەوانەی دەمناسن خۆشیان دەوێم، بۆ زۆر کاریش داوام لێدەکرێت".



## دەرکەوتنی سیرین قەدەخەیە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – بەیروت**

سیرین عەبدولنوور خانمە گۆرانیبێژ و ئەکتەری بەناوبانگی لوبنانی ئێستا زۆر سەرقاڵە. بەڕێوەبەری کارەکانیشی دەڵێت سیرین خەریکی تۆمارکردنی زنجیرە درامایەکە، کە لە مانگی ڕەمەزاندا لە کەناڵە عەرەبییەکان پەخشدەکرێت.

فەرید بەڕێوەبەری کارەکانی سیرین، کە هاوژینیشیەتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سیرین عەبدولنوور زۆر سەرقاڵە، ڕۆژانە 10 بۆ 14 کاژێر خەریکی وێنەگرتنی زنجیرە درامایەکە". فەرید گوتیشی "ئەو کۆمپانیایەی کاری بەرهەمهێنانی زنجیرە دراماکەی سیرین عەبدولنووری لەئەستۆ گرتووە، تەواوی دەرکەوتنەکانی لە سیرین قەدەخە کردووە، بەجۆرێک کە ناوبراو ناتوانێت لە هیچ میدیایەک دەربکەوێت". بەگوتەی فەرید کۆمپانیاکە مەبەستیەتی هەوادارانی بیری سیرین بکەن و بەمەش بازاڕی زنجیرە دراماکە باشتر دەبێت.



## شاجوان ئیسکپایەر بووە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

یائیل مارکۆفیچ، کە نازناوی شاجوانی ئینتەرناشناڵی 2012ی ئیسرائیلی هەیە، دەڵێ ئیسرائیلییەکان خۆشەویستیی زۆریان بۆ خەڵکی کوردستان هەیە. هەروەها دەڵێت ئەگەر بانگهێشت بکرێ، دێتە کوردستان.

یائیل مارکۆفیچ، کە لە ساڵی 2012 نازناوی Miss International Israel-ی بردەوە، لە حەیفای ئیسرائیل لەدایکبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە ئەمەریکا و وەڵاتینامەی ئەمریکیی هەیە. یائیل دەڵێت "ئیسرائیلییەکان لەگەڵ کورد و کوردستان هاوسۆزن".

مارکۆفیچ دەشڵێت "ئێستا لە ئەمەریکا دەژیم و خەریکی کاری نمایشکاریی جلوبەرگم، نازناوەکەم وەک شاجوان تەنیا بۆ مێژوو ماوەتەوە، چونکە پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە". لەبارەی سەردانیکردنی کوردستان مارکۆفیچ دەڵێت "هەرکاتێک پڕۆژەیەکی گونجاو بێتەپێشەوە و بەفەرمی بانگهێشت بکرێم، دێمە کوردستان".



## ڕیم یەکێکی باشتر دەدۆزێتەوە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – بەیروت**

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ڕیم شەریف ڕایگەیاند ئێستا خەریکی تۆمارکردنی کلیپێکی گۆرانییەکی تازەیە و لە ئایندەیەکی نزیکدا کلیپی دەکات، وەک خۆی دەڵێت، کلیپەکە بۆ مانگی چوار ئامادەدەبێت.

ڕیم شەریف، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانییەکی نوێ ئامادە دەکەم بەشێوەی خەلیجیی مۆدێرن، گۆرانییەکە باسی کچێکی بوێر دەکات کە بە خۆشەویستە کۆنەکەی دەڵێت ئیدی تۆم پێویست نییە و کەسێکی باشتر لە تۆم دۆزیوەتەوە. ئێستا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکەم".

ماوەیەکە میدیا عەرەبییەکان باسی ئاهەنگی تایبەتی ئەو ئەستێرەیە دەکەن کە لە کوێت سازیکردبوو، ڕیم شەریف لەبارەی ئاهەنگی تایبەت لە وڵاتە عەرەبییەکان دەڵێت "دوو جۆری ئاهەنگی تایبەت هەیە، بۆ نموونە گۆرانیگوتن لە ئاهەنگی هاوسەرگیریی ئاهەنگی تایبەتە، ئەمە ئاساییە و کردوومە، بەڵام گۆرانی گوتن لە ژوورێکی تاریکدا عەیبەیە و هەرگیز نەمکردووە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 447 ) - دووشەممە 2017/2/27

## ژنێکی کورد دەبێتە وەزیر

ڕووداو- برۆکسل

ژنێکی کورد بەناوی زوهەل دەمیر، دەبێتە وەزیر لە کابینەی نوێی حکومەتی بەلجیکا. ڕۆژی 2017/2/24 زوهەل دەمیر، تەمەن 34 ساڵ کە بووەتە وەزیری کاروباری بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و یەککەوتەیی و دەستەبەرکردنی هەل و سیاسەتی زانستی و شارسازی، بەشێوەیەکی فەرمی سوێندی یاسایی لە بەرامبەر پاشای ئەم وڵاتەدا خوارد. دەمیر لەدوای سوێندخواردنەکەیدا ڕایگەیاند، هەڵبژاردنی بۆ ئەم پۆستە بڕیارێکی دروستە و خۆیشی باش دەزانێت چۆن کارەکانی دەکات و ئامانجەکانی دەپێکێت، چونکە پێشتر پەرلەمانتار بووە و چاودێری کارەکان و سیاسەتی بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی حکومەتی لە نزیکەوە کردووە و شارەزاییەکی باشی هەیە.



گرووپێکی خۆبەخشی کوردی فینلاندییەکان سەرسام دەکەن

# گەنجانی کورد لە فینلاند دەبنە مامەخەمەی کۆچبەران



ڕووداو- هێڵسنکی

ژمارەیەک کۆچبەری کورد، کە لەو ساڵانەی دواییدا مافی پەنابەرییان لە فینلاند وەرگرتووە، گرووپێکی خۆبەخشیان دامەزراندووە بۆ هاوکاری و ڕێنماییکردنی ئەو کۆچبەرانەی بەمدواییانە گەیشتوونەتە فینلاند.

ئەو گرووپە، کە خولی هۆشیاری بۆ کۆچبەرانی تازەگەیشتوو دەکاتەوە، تاوەکو ئێستا 500 کۆچبەر بەشدارییان لە خولەکانی ئەو گرووپەدا کردووە. هەروەها دۆسیەی 123 کۆچبەریشیان چارەسەرکردووە.

هەژان مەحموود، 23 ساڵ، ماوەی ساڵێکە بووەتە پەنابەر و دانیشتووی شاری تورکۆ-یە لە باکووری ڕۆژئاوای فینلاند، بە (ڕووداو)ی گوت هەستی بە کێشەیەکی زۆر لە ژیانی کۆچبەراندا کردووە کە پەیوەندیی بە نەزانی و نەبوونی هۆشیاریی ئەتەکێتی مامەڵەکردنەوە هەیە "نەبوونی شارەزایی لە کولتووری ئەم وڵاتەدا و ئەتەکێتی کۆمەڵگەی ئەورووپی، زیانێکی زۆری لە کۆچبەران داوە، بۆیە ئەو گرووپە خۆبەخشەمان دامەزراند".

گرووپەکەی هەژان لە 11 گەنج پێکهاتووە. هەموویان ئەوانەن کە لەو چەند ساڵەی دواییدا مافی پەنابەرییان لە فینلاند وەرگرتووە و لە خوێندنی زماندا سەرکەوتوو بوون. ئەوان ئێستا بوونەتە فێرگەیەک بۆ ئاشناکردنی کۆچبەران بە یاسا و ڕێساکانی ئەو وڵاتە.

سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو گرووپە، هەژان گوتی: "سەرەتا وەک خۆبەخش لەگەڵ کارمەندانی کەمپەکان، وەرگێڕ، پزیشک و پارێزەرەکان کارمان دەکرد، تا وایلێهات دەرکمان بە کۆمەڵێک پێویستیی کۆچبەران کرد کە هیچ یەکێک لە پرۆژەکانی حکومەت و بەڕێوەبەرایەتیی کەمپەکان توانای چارەسەرکردنیان نەبوو یان گرنگی و بایەخیان بۆی نەبووە، کە لەڕاستیدا کاریگەریی زۆری هەیە. بۆیە کاری گرووپەکەمان کردە جۆرێک لە فەرمی و ئێستا وەک کۆمەڵەیەک کارەکان دەکەین".

هاندانی کۆچبەران بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی کار و بوارەکانی کولتووری و خوێندن لە بواری زمان، بەشێکی سەرەکیی کاری گرووپەکانی گەنجانی کوردە لە فینلاند. ڕێژوان فایەق، ئەندامێکی دیکەی گرووپەکەیە، گوتی "لەڕێگەی خولی سەرەتایی لە کەمپەکان، زانیاری لەسەر کێشە و پێداویستییەکانی کۆچبەرەکان کۆدەکەینەوە. دواتر لەڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوی خاچی سوورەوە خولیان بۆ دەدۆزینەوە". گوتیشی "لە خولی هونەری و پیشەییدا، تاوەکو ئێستا توانیومانە، نزیکەی 200 کەس بخەینە بواری پراکتیکی کارەوە".

ڕێژوان، کە پێشتر خۆی کۆمەڵناس بووە، پێیوایە خولەکانی گرووپەکەیان کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر تێکەڵبوونی کۆچبەران لەگەڵ کۆمەڵگەی فینلاندی "کۆچبەرمان هەبوو زۆر بە باشی فێری فینلاندی ببوو، بەڵام شەرمی دەکرد قسەی پێ بکات. ئێستا بوێرییەکی باشی هەیە و لەگەڵ فینلاندییەکان کراوەتەوە".

### نازانن بلیت ببڕن

زۆر بابەتی سادە کاریگەریی زۆری لەسەر کۆچبەر لە کۆمەڵگەدا هەبووە. ئەو گەنجە خۆبەخشە کۆمەڵناسە لەوبارەیەوە دەڵێت "کۆچبەر هەیە نازانێت چۆن بلیتی پاس و شەمەندەفەر یان کەشتییەکان کە هاتوچۆکردن پێی کولتووری فینلاندییەکانە، بکڕێت. نازانن چۆن بچنە لای سەرتاش یان لەکوێ هەرزانترین و باشترین شتیان دەستدەکەوێت یان پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ خاوەنکار یان فرۆشیاری دووکانێک بکەن یان لە پاسێکدا چۆن مامەڵە لەگەڵ فینلاندییەک بکەن".

سەبارەت بە پەرچەکرداری ئەو بابەتانە، ڕێژوان دەڵێت: "زۆرجار حاڵەتی دەروونیی ناخۆش بۆ کۆچبەر دروست بووە کە لەئەنجامی نەزانین و ناشارەزایی لە مامەڵەکاندا بووە، یان لەڕووی داراییەوە زیانێکی زۆریان کردووە. ئێمە لەڕێگەی چالاکیی کولتووری، لەوانەش شانۆوە هەموو ئەوانەیان بۆ شیدەکەینەوە و هۆشیاریان دەکەینەوە، فێریان دەکەین چی بکەن".

### بەهۆی نەزانییەوە دیپۆرتکراونەتەوە

کێشەی یاسایی کۆچبەران، نەبوونی شارەزایی لە چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ کەیسەکان، زیانێکی زۆری لە کۆچبەران داوە. بەجۆرێک کە بووەتە هۆی ڕەتکردنەوەی داوای مافی پەنابەرێتی. بۆیە ئەو گرووپە بیریان لەوە کردەوە کە چەند پارێزەرێکی خۆبەخش بۆ کۆچبەران دابین بکەن.

### چالاکڤانێک: گەنجانی کورد، نموونەی گەنجە چالاکەکانن

سیلیڤا سندی، پارێزەر و شارەزای یاسایی، یەکێکە لە پەنابەرە دێرینەکانی فینلاند. گەرموگوڕی و چالاکیی گرووپی گەنجانی خۆبەخش هانی ئەوی دا لەدوای کارە فەرمییەکەی، وەک خۆبەخش لەگەڵ ئەو گرووپە کاربکات: "هەرچەندە کاتێکی زۆر و وزەیەکی زۆرم دەڕوات، بەڵام چالاکی و حەماسەتی ئەو گەنجانە هانیدام زۆربەی کاتەکانی دوای دەوامەکەم بۆ خزمەتی کۆچبەران تەرخان بکەم".

چارەسەرکردنی دەیان کەیسی کۆچبەران جێگەی خۆشحاڵیی سیلیڤایە، ئەو دەڵێت: "گرووپەکە دەیان کۆچبەریان لە بڕیاری دەرکردن و ناردنەوە ڕزگارکردووە". ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵیی یەکێک لە شارەوانییەکانی باکووری فینلاند، لەبارەی چالاکییەکی ئەو گرووپەوە نووسیویەتی "کولتوورە جیاوازەکان پێکەوە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن. چالاکیی کولتووری کۆتایی بەو ململانێیانەی نێو کەمپەکان هێنا کە چەندین کەسی تێدا بووە قوربانی". ڕۆژنامەکە ئەوەی وەک دەستکەوتێکی ئەو گەنجانە باسکردووە کە خۆیان کۆچبەربوون و سەرکەوتنی ئەوان وەک پەنابەرێکی تازە لە فێربوونی زمان و چالاکیی مرۆیی، بە خزمەتکردنی کۆمەڵگە کۆتایی هاتووە.

ئانا ماڵمی ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانی فینلاندی دەڵێت "لەنێو کۆچبەراندا کەسانی وا هەن کە دەبنە شانازی بۆ کۆمەڵگەی فینلاندی و هەموو جیهان". لەبارەی کارەکانی ئەو گرووپەوە دەشڵێت: "ئەوان کەسانێکن لەماوەی تەنیا ساڵێکدا توانییان گەرموگوڕییەک بخەنە شارەوە". ئانا زۆر پەسنی گەنجانی کورد دەدات و دەڵێت "گەنجانی کورد، زۆر چالاکن، نموونەیەکی دیاری سەرکەوتنی کۆچبەرانن لە کۆمەڵگەی فینلاندیدا".

### کورد، عەرەب و ئەفغانی هەڵدەپەڕێنن

بابەتی تێکەڵاوی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و نەهێشتنی هزری بەرتەسکانەی نەژادپەرستی، یەکێکە لە کار و ئامانجەکانی گرووپی گەنجانی خۆبەخش. لە فینلاند. ئەندامێکی گرووپەکە دەڵێت "لەڕێگەی چالاکیی کولتوورییەوە، تێکەڵاوییەکی زۆر باشمان لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا دروستکردووە". دانەرحەمەسەعید، پەنابەرێکی کوردە لە فینلاند، میوزیکژەنە و شارەزاییەکی باشیشی لە هەڵپەڕکێی کوردیدا هەیە. دەیان عەرەب و ئەفغانی فێری هەڵپەرکێی کوردی کردووە. دانەر بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر شەڕی نێوان عەرەب و کریستیان و کورد و ئەفغانییەکان بابەتی گەرمی میدیاکان بوو. ئێستا هەمووان لە گرووپێکدا پێکەوە هەڵدەپەڕن و گۆرانی دەڵێن".

### پارەیان لێ دەبڕن

# لە سوێد کۆچبەران دەخرێنە سەرشەقام

ڕووداو – ستۆکهۆڵم، هێڵسنکی

حکومەتی فینلاند هاوکاریی بەشێک لە کۆچبەران دەبڕێ و ناچاریان دەکات لەسەر شەقامە ساردەکانی ئەو وڵاتە ڕۆژ بکەنەوە. چەند شارەوانییەکی سوێدیش هەمان کاری حکومەتی فینلاندیان کرد و چەندین کۆچبەریان خستە سەر شەقامەکان.

دوای ئەو بڕیارەی حکومەتی فینلاند و چەند شارەوانییەکی سوێد، ئێستا گیانی چەندین کۆچبەر کە لەسەر شەقامەکان دەمێننەوە کەوتووەتە مەترسییەوە، کە سەعید باوە نووری، تەمەن 32 ساڵ یەکێکیانە و دەڵێت "بۆ چەند مانگێک لەسەرمان نەوەستان، فڕێیان داینە سەر شەقام".

سەعید نزیکەی دوو ساڵە لە سوێد دەژی، وێڕای ئەو نەهامەتییانەی لە ڕێی کۆچ بەسەریهاتووە، لەنێو کەمپ تووشی دەیان کێشە بووە. یەکێک بووە لە قوربانییانی ئەو کەمپانەی ساڵی ڕابردوو لەلایەن نەژادپەرستەکانەوە سووتێندران. ئێستاش لە کەمپەکەی دەرکراوە و دەڵێت "پێیانڕاگەیاندم دەبێ دەستبەجێ سوێد جێبهێڵم". سەعید لەگەڵ چەند کۆچبەرێکی دیکەی عەرەب دەرکراون و شەوانە لەسەر شەقامەکان دەخەون.

هەفتەی ڕابردوو شارەوانیی هۆڵتسفرێد بەفەرمی پارەی هەموو ئەو کۆچبەرانەی بڕی کە لە سنووری شارەوانییەکەیدا نیشتەجێکراون و بەوهۆیەشەوە دەیان کۆچبەر لە خانووەکانیان دەرکراون.

هەژار جەمیل بڕیاری مانەوەی دراوە. بڕیاریشە لە داهاتوویەکی نزیکدا مافی پەنابەری وەربگرێ، بەڵام شارەوانیی هۆڵتسفرێد دەڵێت "ئاڵۆزییەک لەپشت ئەو بڕیارەوە هەیە و پێموایە وامان لێدەکەن خۆمان وڵاتەکە بەجێبهێڵین".

میدیاکانی سوێد دەیان دۆسیەی لەو شێوەیەیان بڵاوکردەوە و پاساوی شارەوانییەکەش سنووردارکردنی ژمارەی ئەو کۆچبەرانە بووە کە ڕوو لە شارەکە دەکەن. چونکە گوشارێکی زۆریان لەسەرە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) پارەی نیشتەجێکانی شاری هۆڵتسفرێد سەرەتای پرۆسەیەکە بۆ بڕینی هاوکاریی ئەو کۆچبەرانەی لە بڕیاری ناردنەوە نزیکبوونەتەوە. بەپێی یاسای کۆچبەری لە سوێد، کە ساڵی ڕابردوو هەموارکرایەوە، ئەوانەی نابنە پەنابەر ئیدی هاوکاری ناکرێن و لە خانووەکانیشیان دەردەکرێن.

سەید گوڵ محەمەد، کۆچبەرێکی کوردە، بە (ڕووداو)ی گوت ماوەیەکی زۆرە هاوکارییە داراییەکانی بڕاوە و لە کەمپیش دەرکراوە: "توانای کارم نییە و ئەو پارەیەی پێشمەرگە خەریکە تەواو دەبێ، دوورنییە نەکەوینە سەر شەقامەکان". سەیدگوڵ بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتەوە کوردستان، چونکە وەک دەڵێت: "توانای ئەوەم نەماوە لەسەر شەقامەکان بخەوم و تەواو ماندووبووم".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا حکومەتەکانی سوێد و فینلاند، بە چەند وەجبەیەک نزیکەی 500 کەس وەک قۆناغی دووەم لە کۆی ئەو ژمارە زۆری کۆچبەران بڕیاری دەرکردنیان هەیە، بنێرنەوە وڵاتەکانیان، کە ژمارەیەکی زۆر لەوان خەڵکی باشووری کوردستانن.





### کورد نایانەوێ بەشداربن

# کۆچبەران لە ئیتاڵیا بە هونەرەوە سەرقاڵدەکرێن

شوان سدیق
ڕووداو-کۆسێنزا

حکومەت و نێوەندە ڕۆشنبیرییەکانی ئیتاڵیا بە چالاکیی هونەری سەرنجی کۆچبەران بەلای خۆیاندا ڕادەکشێن و ئاشنایان دەکەن بە کۆمەڵگەی ئیتاڵی. بەوەش سەرنجیان لەسەر شەڕ و خراپەکاری لادەدەن.

ئێستا لە شاری کۆسێنزا-ی سەر بە هەرێمی کالابریا، پرۆژەیەکی هونەری، کە بریتییە لە شانۆ و هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی بۆ کۆچبەران کراوەتەوە کە ئیتاڵییەکانیش بەشداریی تێدادەکەن.

ئارینا ریگە، ئەندامی تیمی ڕاهێنەرانە لە نێوەندی "بابیلیۆنە" بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پرۆژەیە بۆ ماوەی دوو مانگە و ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کۆچبەر و ئیتاڵی بەشدارییان تێداکردووە".

بەڵێن سەلام، کۆچبەرێکی کوردە، هەفتانە دوو جار لەگەڵ چەند کۆچبەرێکی ئەفریقی دێتە شاری کۆسێنزا بۆ بەشداری لە پرۆژە هونەرییەکەی نێوەندی هونەریی بابیلیۆنە. بەڵێن بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێکی زۆرم بەدەستەوەیە. کاتێک قوتابخانە نەبێ، دەچینە کافێ یان لەماڵەوە دەمێنینەوە. بەداخەوە ئەو کۆچبەرانەی وەک من چاوەڕێی مافی پەنابەری دەکەین خوو بە شتی لاوەکییەوە دەگرین، کە هیچ سوودێکمان پێ ناگەیەنێ". ئەو قسەیەی بەڵێن گلەییەکە بۆ هاوڕێ کوردەکانی، کە نایانەوێ بەشداری لە پرۆژەکەی بابیلیۆنەدا بکەن. بەڵێن گوتی "ئەو جۆرە چالاکییانە سوودی زۆریان بۆ ئێمە هەیە. دەتوانین لەو ڕێگەیەوە ئاشنای کولتوورە جیاوازەکان بین. جگە لەوە بۆ فێربوونی زمانیش زۆر باشە. چونکە ئیتاڵییەکانیش بەشدارییان لەو پرۆژەیەدا کردووە".

ئیتاڵییەکان گرنگییەکی زۆر بە هونەرەکانی شانۆ، میوزیک، وێنەکێشان و پەیکەرتاشی دەدەن. بۆیە کارەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی گەلەرییەکان قەتیس نەکردووە، زۆرجار ئەو هونەرانە دەگوازنەوە سەر شەقام. ئارینا کە تەمەنی 36 ساڵە، زۆرجار دەبێتە وەرگێڕ بۆ ئەو کۆچبەرانەی زمانی ئینگلیزی دەزانن. ئەو گوتی "لە نێوەندی بابیلیۆنە گەنجانی بەشداربوو خۆیان سەرپشکن چی بە خەیاڵیاندا بێت. پەیکەر دروست بکەن یان تابلۆیەک بکێشن، چونکە ئامانجی پرۆژەکە سەرقاڵکردنی گەنجانە و ناساندنی کولتوورە جیاوازەکانی کۆچبەرانە".

یەکەم کاری بەڵێن لەو ناوەندە، کێشانی وێنەی ئاڵای وڵاتەکەی بووە. کە بەلای هەندێک لە کۆچبەران و تەنانەت بەشێک لە ئیتاڵییەکانیش بینینی ئاڵایەکی نوێ بووە. هەر وەکو چۆن بەلای کچە ئیتاڵییەکی وەک "سامیۆلا"ش پەیکەری کەوانەکەی "یولیانەی لێبێدێڤە"ی ئۆکرانی شتێکی نوێ بوو.

ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتی ئیتاڵیاوە پشتیوانیی دەکرێ. حکومەتی ئیتاڵیا ئامانجی لەو جۆرە پرۆژانە سەرقاڵکردنی کۆچبەرانە بۆئەوەی هەر هیچ نەبێ لە کاری نایاسایی دووربکەونەوە. ئەو وڵاتە قەیرانی ئابووری یەخەی بەرنادات، تەنیا ساڵی ڕابردوو 160 هەزار کۆچبەر ڕوویان تێکردووە. قەیرانی دارایی، هاوکارییەکانی حکومەتی ئیتاڵیای بۆ کۆچبەران زۆر سنووردارکردووە.

## کچە پێشمەرگەیەکی ڕۆژهەڵات شەهیدبوو



ڕووداو– هەولێر

کچە پێشمەرگەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەهۆی هاوەنی داعش لە میحوەری باشیک بریندارببوو، شەهیدبوو. زارا غوڵامی، تەمەن 23 ساڵ، لە ڕۆژی 7ی نۆڤەمبەری 2016 لە میحوەری باشیکی باشووری کوردستان بەهۆی هاوەنی داعش بریندارببوو، دوای سێ مانگ و 19 ڕۆژ مانەوە بەبێ هۆشی، ڕۆژی 2017/2/26 لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر شەهید بوو. زارا غوڵامی کە لەنێو هاوسەنگەرانیدا بە ئەوین ناسرابوو، خەڵکی شاری سەقز بوو. لە چەندین شەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی باشووری کوردستان لە دەست چەکدارانی داعشدا بەشداربووە.

### 22 هەزار دۆلاری ژنەکە قەرزدارە

# عەرەبێک ژنێکی کورد دەداتە بەر چەقۆ

راوچی حەسەن
ڕووداو– هەولێر

لە شارۆچکەی عەینکاوەی شاری هەولێر، پیاوێکی عەرەب ژنێکی کورد دەداتە بەر چەقۆ. ژنەکە دەڵێت ماوەی چوار مانگە بڕی 22 هەزار دۆلاری داوەتە ئەو پیاوە عەرەبە. کاتێکیش داوای پارەکەی کردووەتەوە، پیاوە عەرەبەکە نەک هەر پارەکەی نەداوەتەوە، بەڵکو 12 چەقۆشی لێداوە و برینداری کردووە.

ن. ئ. ناوی ئەو ژنەیە کە پیاوێکی عەرەب داویەتە بەر چەقۆ. (ن) بە (ڕووداو)ی گوت "مانگی 10ی ساڵی رابردوو، 22 هەزار دۆلارم دایە پیاوێکی عەرەب بەناوی (حاجی ب)، بۆئەوەی مانگانە 500 دۆلارم وەکو قازانج پێبداتەوە، چونکە من لە مێردەکەم جیاببوومەوە و ویستم لەڕێگەی ئەو پارەیەوە بژیێنم".

بەگوتەی ئەو ژنە، (حاجی ب) هاوولاتییەکی عەرەبی شیعەیە و لە هەولێر دادەنیشێ. لە پێشەنگاکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کاردەکات. (ن) گوتی "حاجی بەڵێنی پێدابووم مانگانە 500 دۆلارم بداتێ، بەڵام ئەوە زیاتر لە چوار مانگە یەک سەنتیشی نەداومەتێ".

ن.ئ. چەند جارێک لەڕێگەی تەلەفۆنەوە داوا لە حاجی دەکات پارەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو هەموو جارێک پێیدەڵێت: باشە بەسەرچاو. کەچی پارەکەشی بۆ ناگەڕێنێتەوە.

دوایینجار ڕۆژی 2017/1/29 ئەو ژنە پەیوەندی بە (حاجی ب) کردووە و هەڕەشەی لێکردووە ئەگەر پارەکەی بۆ نەگەڕێنێتەوە، سکاڵای لەسەر تۆماردەکات. بۆیە حاجی رازی دەبێت پارەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە.





(فۆتۆ: ڕووداو)

(ن) دەڵێت "حاجی پەیوەندیی پێوەکردم و گوتی: وەرە نزیک پارکی ئەڤین، لەسەر ڕێگەی هەولێر– کۆیە، لەوێ قسە لەسەر بابەتەکە دەکەین. منیش چوومە ئەو جێگەیەی خۆی دەستنیشانی کردبوو، بەڵام دوای ئەوە، پێیگوتم دەبێت لێرە بڕۆین و بچینە شوێنێکی دیکە. تاوەکو شارۆچکەی عەینکاوە ڕۆیشتین. بەڵام لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا کەوتە گیانم و نزیکەی 10 بۆ 12 چەقۆی لێدام". دەشڵێت "چەقۆکان بەر ران، قۆڵ و سەرم کەوتن. هەروەها بە بۆکسیش لە دەموچاوی دام و شینی کردەوە. دواتر منی فڕێدایە خوارەوە. ئەوەندە ئاگاداربووم کە بردیانمە نەخۆشخانە".

دوای ڕووداوەکە، (ن) هانا بۆ هاوژینی پێشووی دەبات کە حەوت مانگە لێی جیابووەتەوە. (ت.س) کە هاوژینی پێشووی ئەو ژنەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە خاوەنی دوو کوڕ و کچێکین، بەڵام بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ڕۆژی 2016/7/24، بڕیارماندا لەیەکدی جیاببینەوە، بەڵام دوای ئەوەی هاوژینی پێشووم (ن.ئ)، پەیوەندیی پێوەکردم، ناچاربووم یارمەتیی بدەم و بەهانایەوە بچم".

گوتیشی "ئێمە پەیوەندیمان بە بنکەی پۆلیسی هەڤاڵانەوە کرد، بەڵام ئەوان گوتیان لەبەرئەوەی ڕووداوەکە لە عەنکاوە ڕوویداوە، دەبێ لە بنکەی پۆلیسی عەینکاوە سکاڵا تۆماربکەن".

(ن) لەگەڵ هاوژینی پێشووی دەچنە بنکەی پۆلیسی عەنکاوە و سکاڵا لەسەر پیاوە عەرەبەکە تۆماردەکەن. (ت) گوتی "دوای ئەوەی لە پۆلیسی عەنکاوە سکاڵامان لەسەر ئەو پیاوە عەرەبە تۆمارکرد، ئەوان بۆ ماوەیەک دەستبەسەریان کرد، بەڵام دواتر بە کەفالەت ئازادکرا. تاوەکو ئێستاش هیچ بڕە پارەیەکی بە هاوژینی پێشووم نەگەڕاندووەتەوە".

ژنەکە دەڵێت دەیەوێ لەڕێگەی یاساوە کێشەکەی بۆ چارەسەر بکرێت و ئەو پارەیەشی کە لای پیاوە عەرەبەکەیە بەدەستی وەری بگرێتەوە. ژنەکە بە قوڕگی پڕ گریانەوە گوتی "زوڵمێکی گەورەم لێکراوە، زۆر ئازار دراوم. ئێستاش جێگەی چەقۆیەکان بە جەستەمەوە دیارن".

(حاجی ب) ئامادەنەبوو قسە لەسەر ئەو دۆسیەیە بکات، بەڵام عەلی ئەحمەد غولام، کە هاوڕێیی حاجییە، بە (ڕووداو)ی گوت "من برادەری ئەوم، لە پێشانگای ئۆتۆمبێل پێکەوە کاردەکەین، بەڵام حاجی ب. وای لەو ژنە نەکردووە، ڕاستە ئەو ژنە لە مەحکەمە سکاڵای تۆمارکردووە و ئەو قسانەی گوتووە، بەڵام پیاوێکی عەرەب لە هەولێر بە هیچ جۆرێک ناتوانێت وا لە ژنێک بکات و چەقۆی لێبدات". گوتیشی "ئەگەر لە دادگە ئەو تاوانەی لەسەر ساخ بووەوە، من خۆم تۆڵەی ئەو ژنەی لێدەکەمەوە".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندیی بە لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی حەدیاب لە عەینکاوە کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە. سەرچاوەیەک لە بنکەی ناوبراو تەنیا ئەوەندەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە کە ئەو ژنە سکاڵای تۆمارکردووە و دۆسیەکەی لە دادگایە.

### بێمنەتی دەکات

(ڕووداو) چەند بەڵگەیەکی دەستکەوتووە، کە دوای ڕووداوەکە لەڕێگەی نامەی مۆبایل، فەیسبووک و ڤایبەر بۆ ژنەکە هاتووە، کەسێک بە ناوی (حاجی ب) چەند نامەیەکی بۆ (ن.ئ) ناردووە. لە یەکێک لە نامەکاندا داوای لێبوردنی لێدەکات "داوای لێبووردن دەکەم خوشکەکەم، من هەڵە بووم، ئەگەر پۆلیس من بگرێ، لەلای پۆلیس دەڵێم ئەو ژنە ناناسم و من پارەم وەرنەگرتووە، دواتر من پارەم هەیە و دەتوانم لەڕێگەی مەحکەمەوە ئازادبکرێم". هەر لەو نامەکەدا نووسیویەتی "ئەگەر سکالا تۆمارنەکەی، من هەموو پارەکەت دەدەمەوە و 50 هەزار دۆلاریشت بە دیاری دەدەمێ".

# 100 ژنی خەتەنەکراو لە دهۆک ئاشکرادەبن

ناسر عەلی
ڕووداو– دهۆک

پێشتر بە پارێزگایەکی خاوێن ناسرابوو کە ژنی تێدا خەتەنە ناکرێ، بەڵام ڕووپێوی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاشکرایکردووە کە چەندین ژن لە پارێزگای دهۆک خەتەنەکراون. ئێستا ئەو ڕێکخراوە بڕێک پارەی لە کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا لە کوردستان، وەرگرتووە بۆئەوەی لەڕێگەی سازکردنی سیمینارەوە خەتەنە لە دهۆک نەهێڵێ.

ڕێکخراوی ئەلەند بۆ بە دیموکراسیکردنی گەنجان لە شاری دهۆک، ماوەی دوو ساڵە سەرقاڵی کارکردنە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی خەتەنە لە سنووری پارێزگای دهۆک. ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ ئەو سیمینارانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی مێینیە بەڕێوەیان بردووە، ڕووپێوییەکیشیان لەبارەی خەتەنە لە سنووری پارێزگای دهۆک کردووە. بەپێی ڕووپێوییەکە دەرکەوتووە کە 100 ژن لە سنووری ئەو پارێزگایە خەتەنەکراون، زۆربەی ژنە خەتەنەکراوەکانیش لە سنووری قەزای بەردەڕەش بووە، تەمەنیشیان لە سەرووی 40 ساڵانەوە بووە.

شێرزاد پیرمووس، بەرپرسی ڕێکخراوی ئەلەند، بە (ڕووداو)ی گوت "پێش دوو ساڵ بە هاوکاریی ڕێکخراوی UNICEF دەستمان بە پرۆژەیەکی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەبارەی خەتەنەکردن کرد، 50 سیمینار و وۆرکشۆپمان سازکرد، کە زیاتر لە 500 ژن و کچ بەشدارییان تێداکرد".

پیرمووس باسی ئەو ڕووپێوییەی کرد کە ڕێکخراوەکەیان لەبارەی خەتەنەکردنی ژنان لە سنووری پارێزگای دهۆک کردوویانە و دەڵێت "لەگەڵ سیمینار و وۆرکشۆپەکاندا، ڕووپێوێکیشمان لەبارەی ئاستی خەتەنە لە پارێزگای دهۆک کرد، لە ڕووپێوییەکەدا دەرکەوت 100 ژن لە دهۆک خەتەنەکراون، کە تەمەنیان لەسەرووی 40 ساڵانە، زۆربەشیان دانیشتووی قەزای بەردەڕەشن، بەڵام تێیاندایە لە سەنتەری شاری دهۆک و سنووری قەزای ئاکرێ خەتەنەکراون".

ئەو ڕێکخراوە لەسەر پرۆژەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوە و بنبڕکردنی خەتەنەکردنی ژنان بەردەوامن. ئێستا بڕێک هاوکارییان لە کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

شێرزاد پیرمووس دەڵێت "کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا لە هەولێر پاڵپشتیی ماددی چەند پرۆژەیەک دەکات لە هەرێمی کوردستان. لە هەفتەی ڕابردووەوە پرۆژەکەیمان ڕاگەیاندووە کە 600 سیمینار دەبێ، زۆربەی سیمینارەکانیش لە گوندەکانی سنووری پارێزگای دهۆک بەڕێوەدەبەین، ژنان لە مەترسییەکانی خەتەنە ئاگاداردەکەینەوە".

بەپێی ئەو ڕووپێوییانەی لە هەرێمی کوردستان لەبارەی خەتەنەوە کراون، لە دهۆک کەمترین ڕێژەی خەتەنەکردنی مێینە هەیە. شێرزاد دەڵێ "بەپێی ڕووپێوییەکەی ئێمە، ڕێژەی خەتەنە بە بەراورد بە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە زۆر کەمە، کە 0.76%ە".

سەرچاوەیەک لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە چەندین پرۆژەیان لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە هەبووە دەڵێت "خێزانێکی زۆر ناوداری پارێزگای دهۆک، ئێستاش باوەڕیان بە خەتەنەی کچەکانیان هەیە. سەرجەم کچ و ژنەکانیان خەتەنەکراون". ئەو سەرچاوەیە باسی مەلایەکی شاری هەولێری کرد و گوتی "دوو ژنی هەیە، یەکێکیان هەولێرییە و ئەوەی دیکەشیان دهۆکییە. هەردووکیان خەتەنەکراون".

خەتەنەکردنی ژنان لە کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە. سەرچاوە پزیشکییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خەتەنەکردن زۆر زیانی هەیە. لەوانەش کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکس.

بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزانی کە بە یاسای ژمارە 8 ناسراوە و ساڵی 2011 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە. خەتەنەکردن بە تاوان هەژمارکراوە. بەپێی یاساکە هەر کەسێک هانی خەتەنە بدات بە بڕێک پارە سزادەدرێ، کە لە یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێ و لە 500 هەزار دینار کەمتر نەبێ.

هەر بەپێی یاساکە هەر کەسێک کچێک خەتەنە بکات یان بەشداری تێدا بکات، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ و لە شەش مانگ کەمتر نەبێ. هەروەها بە بڕە پارەیەکیش غەرامە دەکرێ کە لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە 5 ملیۆن دۆلاریش زیاتر نەبێ.

### زانایەکی ئیسلامی:
### خەتەنەکردن سەندنەوەی ئازادییە لە ژنان

### حەرام نییە و دروستیش نییە

مەلا خدر زێویکی، کە ماستەری لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە، باسی تێڕوانینی شەرع لەبارەی خەتەنەکردنی ئافرەتانەوە دەکات و دەڵێت: "لە ئایینی ئیسلامدا خەتەنەکردن حەرامنەکراوە، بەڵام جائیزیش نییە. چونکە خەتەنەکردنی ژنان دەبێتە هۆی لێسەندنەوەی ئازادی. ئایینی ئیسلامیش دژی لێسەندنەوەی ئازادییە لە مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بەئازادی لەدایکدەبێ".

### لە لوبنان پێیانگوت شێرپەنجەتە

# شێرپەنجە نەیکوشت ئاگر سووتاندی



دیمەن بورهان
ڕووداو – هەولێر

نازدار س. کاتێک هەستیکرد گرێیەک لە مەمکەکانیدا پەیدابووە، بۆ پشکنین دەچێتە بەیرووت–ی پایتەختی لوبنان، بەڵام لەوێ پزیشکەکان هەواڵێکی ناخۆشی پێدەدەن و پێیدەڵێن: "تووشی شێرپەنجە بوویت". ئەو هەواڵە ناخۆشەش، نازدار تووشی بارێکی دەروونیی نەخوازراو دەکات. بەرلەوەی شێرپەنجە بیکوژێ، نازدار ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەستدا.

ڕۆژی 2017/2/17 ژنە کریستیانێکی دانیشتووی شارۆچکەی عەنکاوە، بە ناوی (نازدار.س.ی) تەمەن 43 ساڵ، لەنێو حەمامی ماڵەکەیدا دەبەیەک نەوتی بە جەستەی خۆیدا کرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەشی، بەرلەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە، گیانی لەدەستدا.

تاکە کەس کە ئاگاداری ژیانی ئەو ژنە بێ، کوڕەکەیەتی، کە دایکی 26 ساڵ بەدیار گەورەکردنییەوە دانیشتووە. (ک.ع) کە کوڕی نازدارە و لە کۆمپانیایەک کاردەکات، سەربووردەی دایکی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "دایکم لە بنەچەدا کریستیانی خەڵکی زاخۆیە، 26 ساڵ لەمەوبەر لە باوکم جیابووەتەوە. ئەوکاتەی جیابووەتەوە، من لە سکی ئەودا بووم، دایکم لەبەر خاتری من شووی نەکردووەتەوە".

نازدار، خاوەنی ئارایشگا بووە لە شارۆچکەی عەنکاوە. بژێویی خۆی و کوڕەکەی لەسەر ئەو ئارایشگایە بووە. بەگوتەی کوڕەکەی، هیچ کێشەیەکی نەبووە، تاوەکو چەند مانگێک لەمەوبەر بۆ چەند پشکنینێک چووەتە بەیروت.

ک.ع گوتی "دایکم کەمێک نەساغ بوو، بە سەردان چووە بەیروت. لەوێ سەردانی پزیشکی کردبوو. پزیشک پێیگوتبوو تووشی شێرپەنجەی مەمک بوویت. ئیدی دایکم بەو هەواڵە زۆر نیگەران بووو".

ک. پێیوایە ئەو هەواڵە ناخۆشە هۆکارێک بووە بۆئەوەی دایکی تووشی نەخۆشیی دەروونی ببێ. (ک) گوتی "دایکم پێشتر ژنێکی زۆر ڕووخۆش بوو. زۆر گرنگیی بەخۆی دەدا. بەردەوام جلی جوانی لەبەردەکرد، بەڵام دوای ئەو پشکنینانە دایکم نزیکەی هەشت مانگ بوو باری دەروونیی تێکچووبوو، زۆر خەفەتی بە نەخۆشییەکەی دەخوارد، هەر ئەوەش وایکرد خۆی بسووتێنێ". ک. ئاهێک هەڵدەکێشێ و باسی ساتی گیانلەدەستدانی دایکی دەکات و دەڵێت "بردمان بۆ نەخۆشخانە، نەیدەتوانی قسە بکات، بەڵام هەناسەی دەدا، بەرلەوەی بگاتە نەخۆشخانە، گیانی لەدەستدا".

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو 5000 کەس وەک تووشبووی نوێی شێرپەنجە تۆمارکراون، کە سەرووی 50%یان لە ڕەگەزی مێ بوون.

هەرچەندە دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە بەهۆی ئەوەی پزیشک ڕاستەوخۆ بەو ژنەی گوتووە تووشی شێرپەنجە بووی، بۆیە ئەو ژنە خۆی سووتاندووە، بەڵام کوڕەکەی ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و گوتی "دایکم زیاتر لە هەشت مانگە دەزانێ شێرپەنجەیەتی، لەو ماوەیەشدا لە نەخۆشخانەی پار چارەسەری وەردەگرت. بۆیە کەس تۆمەتبار ناکەم و سکاڵاش لەسەر کەس تۆمارناکەم".

پزیشکان دەڵێن پێدانی زانیاریی ڕاستەوخۆ بە نەخۆش لەبارەی نەخۆشییەکەی، لایەنی باش و خراپی هەیە. د.ڕێدار محەممەدئەمین، پسپۆڕی نەخۆشیی دەروونی لە نەخۆشخانەی هەولێر، دەڵێت لە دنیادا دوو ڕێگە هەن بۆ ئاگادارکردنەوەی نەخۆش لە نەخۆشییە مەترسیدارەکان، بۆنموونە شێرپەنجە. یەکەمیان ڕاستەوخۆ نەخۆشەکە ئاگاداردەکرێتەوە. ئەوەش لایەنی باش و خراپی هەیە. لایەنە باشەکەی ئەوەیە کە نەخۆشەکە مشووری خۆی دەخوات و زوو فریای خۆی دەکەوێ، بەڵام دەبێ پزیشکەکە کارامە بێ لە حاڵیکردنی نەخۆشەکە، چونکە ئەگەر کەسەکە زۆر متمانەی بەخۆی نەبێ، ڕەنگە ڕووداوی دڵتەزێنی لێ بکەوێتەوە و لایەنە سلبییەکە زاڵ دەبێ.


ڕێگەی دووەمی ئاگادارکردنەوەی نەخۆشەکە، بەگوتەی د.ڕێدار، لەڕێگەی کەسە نزیکەکانی نەخۆشەکەوە دەبێ. د.ڕێدار دەڵێت "ئەوە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ ئاگادارکردنەوەی نەخۆش لە نەخۆشییەکەی. دواتر پزیشک و کەسوکاری نەخۆشەکە پێکەوە لەگەڵ نەخۆشەکە دابنیشن و دڵنیایی بدەنێ کە ئەو چارەسەر دەبێ، بۆ ئەوەی نەخۆشەکە ورەی نەڕووخێ".

د.ڕێدار بە پێویستی دەزانێت پزیشکەکان بە تایبەتی ئەو پزیشکانەی پسپۆڕێتیان لە شێرپەنجە هەیە، لە کاتێکدا نەخۆشی وایان دێتەبەردەست ڕاوێژ بە پزیشکی پسپۆڕی دەروونی بکەن.

د.ڕێدار دەڵێت "بەهۆی نەبوونی پەیوەندی لەنێوان پزیشکەکان لەگەڵ پزیشکی دەروونی ئەو حاڵەتانە ڕوودەدەن. پزیشکە پسپۆڕەکانیش زۆر کەم لەسەر باری تەندروستی و دەروونی نەخۆشەکانیان پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن".

دکتۆر سامی ئەحمەد محەممەد، پسپۆڕ لە نەخۆشیی شێرپەنجە و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نانەکەلیی تایبەت بە خوێن و تووشبوانی شێرپەنجە بە (ڕووداو)ی گوت "هەر نەخۆشێک کە دێتە نەخۆشخانەکەمان پێشتر خۆی یان کەسوکاری دەزانن تووشی شێرپەنجە بووە، بەڵام ئێمە پێش چارەسەری کیمیایی لایەنی سایکۆلۆژی بەهێزدەکەین و پێیدەڵێین هەرچەندە نەخۆشییەکەت قورسە، بەڵام ئێستا زانست پێشکەوتووە و قۆناغ بە قۆناغ چارەسەر دەکرێ".

ملازم هەڵگورد خالید، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی عەینکاوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2017/2/17 ئافرەتێک بەناوی (ن. س) لە ماڵەکەی خۆی بە نەوت خۆی سووتاندووە، لەکاتێکدا بەتەنیا لەماڵەوە بووە. دواتر دراوسێکانی فریایکەوتوون. (ن) تەنیا کوڕێکی هەبووە، کە کاتی ڕووداوەکە لە ماڵەوە نەبووە". ئەو ئەفسەرەی بنکەی پۆلیسی عەینکاوە دەشڵێت "بەپێی گوتەی کوڕەکەی و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، کاتێک لەلایەن پزیشکەوە پێیدەگوترێت تووشی شێرپەنجە بووی، خۆی دەسووتێنێ".



## هاووڵاتییەک خۆی خنکاند

رووداو- کەلار

بەپێی راگەیەنراوێکی پۆلیسی گەرمیان هاووڵاتییەکی دانیشتووی کەلار بە پەت خۆی خنکاندووە. لە راگەیەنراوەکەی پۆلیسدا هاتووە رۆژی 2017/2/25 پیاوێکی تەمەن 74 ساڵ، بەناوی (ت.ع) دانیشتووی گەڕەکی شەهیدان لە شارۆچکەی کەلار لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی هەڵواسیوە و گیانی لە دەستداوە. بە گوتەی کەسوکارەکەی ئەو پیاوە دوو مانگ لەمەوبەر هاوژینەکەی گیانی لە دەستداوە، بەڵام روون نییە خۆخنکاندنەکەی پەیوەندی بە مردنی هاوژینەکەی هەبووە یان نا. پۆلیسی کەلار دەڵێ دوای رووداوە تەرمی پیاوەکە رەوانەی دادپزیشکیی کەلار کراوە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ رووداوەکە کراوەتەوە.

# هاوژینەکەی دەرکرد و ئاگری لەخۆی بەردا

عومەر چاوشین
رووداو – رانیە

بەر لەوەی لەنێو ماڵەکەیدا بسووتێ، رابەر دەستی خستە سەر شانی هاوژینەکەی و پێیگوت بەتەنیا جێمبهێڵە. هاوژینەکەی زۆر پێداگیری کردبوو، بەڵام ئەو خۆی لێ تووڕە کردبوو. هاوژینەکەی دەڵێت ئەگەر بیزانیایە رابەر وای بەسەردێت، ئەگەر لێشی دابووایە بەتەنیا جێینەدەهێشت.

کاتژێر هەشتی ئێوارەی 2017/2/15 لە گەڕەکی ئازادیی شارۆچکەی رانیە، ئاگر لە ماڵی رابەر محەممەدی تەمەن 26 ساڵ بەرزبووەوە، کاتێک خەڵک بە هانای ماڵەکە چوون، جەستەی رەشداگەڕاوی رابەریان لە نێو ماڵەکەیدا هێنایە دەرەوە.

رابەر، دوای رۆژێک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی لەدەستدا. پۆلیسی بەرگریی شارستانی دەڵێت ئەو گەنجە خۆی سووتاندووە، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن لەوە دڵنیا نین کە رابەر خۆی ئاگری لە ماڵەکەی بەردابێ.

رابەر هەشت ساڵە ژنی هێناوە و باوکی کچێک بووە، لە خانووی کرێ دابووە، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن زۆر هاوکاریان کردووە تەنانەت کرێی مۆلیدە و ئاویشیان بۆ داوە.

نیگارکە خوشکی گەورەی رابەرە بە (رووداو)ی گوت براکەی زۆرجار تووڕە دەبوو، بەڵام قەت هەڕەشەی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی نەکردووە، هەروەها نەخۆشیی دەروونیشی نەبووە، بۆیە بۆ ئەوان جێی سەرسوڕمانە ئەگەر روون ببێتەوە رابەر خۆی سووتاندبێ.

نیگار دەڵێت براکەی باری دارایی زۆرباش نەبووە، چەند جارێک باسی چوونە دەرەوەی کردووە، دووجاریش هەوڵی رۆیشتنی داوە، بەڵام سنوورداشکراوەتەوە. نیگار گوتی "رابەر هەر جارێک دەیگوت دەچمە دەوەرە، بیانووی چوونە دەرەوەمان لێ دەبڕی. ئۆتۆمبێلمان بۆ کڕی، تەنانەت کرێی مۆلیدە و ئاویشمان بۆ دەدا. کرێچی بوو، بەڵام ئێمە کرێی خانوومان بۆ دەدا".

نیگار باسی شەوی رووداوەکەی کرد و گوتی "رابەر ئەو ئێوارەیە لەلای برادەرەکانی بوو. هاوژینەکەی کاتێک زانیبووی هاتووەتەوە ماڵەوە بەدوایدا چووبوو بۆ ئەوەی بیهێنێتە ماڵی باوکم، بەڵام ئەو پێیگوتبوو دەعوەتی برادەرەکانی بووە. داواشی لێکردبوو بە تەنیا جێی بهێڵێ".

زۆری پێ ناچێ دەبێتە دەنگ دەنگ لە کۆڵان، کاتێک نیگار و خوشک و براکانی و هاوژینی رابەر دەچنە دەرەوە، خەڵکی گەڕەک دەڵێن ئاگر لە ماڵی رابەر بەربووە. بۆیە بە راکردن دەچنە ئەوێ، لەگەڵ دراوسێکان رابەر لە نێو ئاگرەکە دەهێننە دەرەوە.

نیگار سەری لە رووداوەکە سووڕماوە و دەڵێت "نازانین رووداوەکە چۆن بووە، ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەس نییە تاوەکو گومانی لێ بکەین و بە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکەی بزانین. رابەریش باسی هیچی نەکردووە. بۆیە بۆمان روون نەبووەتەوە، رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، یان بە دەستی ئەنقەست بووە".

ئەوەی لە هەمووان زۆرتر بەو رووداوە تاساوە، هاوژینی رابەرە. ئەو ئێستاش باوەڕ بەو چاوانە ناکات کە جەستەی رەشداگەڕاوی مێردەکەی پێ لە نەخۆشخانە بینیوە.



شۆخان بایز، هاوژینی رابەر، چاوەکانی سوورهەڵگەڕابوون ئەوەندەی بۆ مەرگی هاوژینەکەی بگری. ئەو بە باڵای هاوژینەکەدا هەڵدەڵێ و دەڵێت "کەسێکی زۆر خۆشەویست بوو، هیوایەتی کۆتر بەخێوکردن بوو، زۆر دڵی بە دونیا خۆشبوو، گرنگی زۆری بە خۆی دەدا، رۆژی وا هەبوو سێ جار جلەکانی دەگۆڕی و جێڵی لە قژی دەدا و خۆی بۆنخۆش دەکرد، ئینجا دەچووە دەرەوە".

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان خۆی و هاوژینەکەشی، شۆخان دەڵێت "منی زۆر خۆشدەویست، زۆر رێزی دەگرتم، قەت نەیدەهێشت بە تەنیا بم، کاتێک دەچووە دەرەوە، ئەگەر بیزانیبا درەنگ دەگەڕێتەوە، دەیگوت بڕۆوە ماڵی باوکت، نەوەک بە تەنیا بترسی".

بە گوتەی شۆخان، هەموو هیوا و ئاواتی رابەر ئەوە بووە بگاتە ئەوروپا، دووجار رۆیشت گەڕایەوە، بەنیازبوو ئەو بەهارە دیسان سەفەر بکات بۆ ئەوروپا، بەڵام مەرگ رێی پێنەدا.

شۆخان کەمتر لە سەعاتێک بەر لە رووداوەکە هاوژینەکەی بینیوە، گوتی "کە زانیم گەڕاوەتەوە، چوومەوە ماڵ، گوتم نانت بۆ ئامادە دەکەم، گوتی نانم خواردووە. دەستی خستە سەر شانم و پێیگوتم: بڕۆوە ماڵی دایکت، ئیشێکم هەیە. گوتم ناڕۆم دەبێ بە یەکەوە بڕۆین، بەڵام ئەو پێداگیری کرد کە بڕۆم".

شۆخان دەیەوێ بە ناوی ئەوەی نانی نەخواردووە لەلای هاوژینەکەی بمنێتەوە. ئەو دەڵێت "پێمگوت من نانم نەخواردووە، نان دەخۆم ئینجا دەڕۆم، بەڵام ئەو زۆرتر پێداگیری کرد و گوتی لە کوێ هاتووی، بڕۆوە ئەوێ".

شۆخان هیچ شتێکی گوماناوی لە رووخساری هاوژینەکەی بەدینەکردووە، بۆیە ماڵەکەی بۆ جێدێڵێ. شۆخان دەڵێت "ئەگەر بمزانیبا ئەوە دواجارە ئەوها بە جوانی دەیبینم، هەرگیز ماڵەکەم جێنەدەهێشت".

کاتێک هەواڵی ئاگرکەوتنەوەکەی پێگەیشتووە، شۆخان سێیەم کەس بووە گەیشتووەتە ماڵەکەی. شۆخان دەڵێت "بەو دیمەنە تاسابووم، دەسەڵاتی هیچم نەبوو، هەر هاوارم دەکرد، فریای رابەر بکەون، بەڵام کە هێنایانە دەرەوە، هەموو گیانی سووتابوو".

شۆخان، دوایینجار لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی هاوژینەکەی بینیووە، کە جەستە رەشهەڵاتووەکەی لە لەفافێکی سپی پێچراوە. شۆخان دەڵێت "رابەر لە نەخۆشخانە داوای کردبوو ببینم، کاتێک چوومە لای، گوتی جەستەم ئازاری هەیە، بمشێلە. نەمتوانی هیچ بکەم، تەنیا سەیری چاوەکانیم دەکرد".

شۆخان لە هاوژینەکەی پرسیوە، ئەو رووداوە چۆن بووە، ئەویش گوتوویەتی نازانم چۆن بوو. شۆخان دەڵێت "رابەر پەشۆکابوو، جگە لەوەی جەستەی سووتابوو، دووکەڵی ئاگرەکەش قورگی گرتبوو، توانای قسەکردنی بە باشی نەبوو". ئێستا شۆخان بەدوای وڵامی ئەو پرسیارانەدا وێڵە: هاوژینەکەی خۆی سووتاند، یان سووتا؟ ئەگەر خۆی سووتاندووە، بۆچی خۆی سووتاند؟

### رائیدەکان چی دەڵێن؟

رائیدی پۆلیس کاروان مەحمود، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی راپەڕین، سەبارەت بە سووتانی ئەو گەنجەی رانیە بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا بۆمان روون نەبووەتەوە، ئەو گەنجە خۆی سووتاندووە، یان سووتاوە. لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە. رووداوەکە گوماناوییە، دەبێ گوتەی کەسوکاری و شایەتحاڵەکان وەربگیرێ".
بەڵام رائید حوسێن عەبدوڵڵا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی بەرگریی شارستانی راپەڕین گوتی "دوای کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە لەلایەن تیمەکانمانەوە، لێکۆڵینەوەمان لە رووداوەکە کرد، دەرکەوت ئەو گەنجە نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە، بەو هۆیەش چێشتخانەی ماڵەکەیان ئاگری گرتووە". گوتیشی "رێژەی سووتانی ئەو گەنجە 90% بووە، تەنیا شەو و رۆژێک لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی، گیانی لەدەستداوە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## کەسوکارەکەی بەدبەختیان کرد

کچێک دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کوڕێکەوە. کوڕەکە یەکسەر داوای ئەڵقەگۆڕینەوەی لێدەکات. کچەکە بەمە زۆر دڵخۆش دەبێ و لە راستگۆیی کوڕەکە دڵنیا دەبێ. بەڵام جیاوازیی تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتیی بنەماڵەی هەردوولا بەربەست بۆ بەیەکگەیشتنیان دروستدەکات. کوڕەکە و کچەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ رووبەڕووی بەربەستەکان دەبنەوە و دواجار دەبنە هاوژین.

خۆشەویستیی نێوان ئەو دوو هاوژینە رۆژ بە رۆژ پتردەبوو، بەڵام کەسوکاری کچەکە بەردەوام بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕان بۆئەوەی کچەکەیان جیاببێتەوە. تاوەکو ئەو رۆژەی بۆیان دەردەکەوێت منداڵیان نابێت و هۆکارەکەش کوڕەکەیە. ئەوەندە بەس بوو بۆئەوەی کچەکەیان ناچار بکەن جیاببێتەوە. کچەکە ئێستاش خەون بەو رۆژانەوە دەبینێ کە لەگەڵ ئەو کوڕە بەیەکەوە بوون.

ماڵی باوکی کچەکە واز لە کچەیان ناهێنن. دوای دوو ساڵ ناچاری دەکەن شوو بکاتەوە. کچەکە شوو دەکاتەوە و دەبێتە دایکی منداڵێک، بەڵام دڵی هەر بۆ مێردە کۆنەکەی لێدەدات. بۆیە مێردەکەی دڵپیسی لێدەکات. هەرچەندە مێردەکەی پێشتر زانیاریی هەبووە کە ئەو کچە چۆن شوویکردووە و بۆچی جیابووەتەوە.

ناوهێنانی مێردە کۆنەکەی بەدەم خەوەوە بەس بووە بۆئەوەی مێردەکەی زۆرتر لە جاران دڵی لێ پیس ببێ. بەردەوام پێیدەڵێت: تۆ دڵت هەر لەلای مێردە کۆنەکەتە. بۆیە ئەو ئافرەتە کە سەردانی کردین گوتی چیدی بەرگەی ئەو ژیانە ناگرێ و دەیەوێ لە هاوژینی دووەمیشی جیاببێتەوە.

ئەو ئافرەتە نەیشاردەوە ئەگەرچی مێردی پێشووی سەری خۆی هەڵگرتووە و لە کوردستان نەماوە، بەڵام هێشتا هەر خۆشی دەوێت. ئەو گوتی "بریا شووم نەکربایەوە، وەکچۆن پێشتر پێداگیریم لەسەر ئەوە کرد کە شوو بەو کوڕە بکەم، دەبووایە ئەوهاش پێداگیری لەسەر ئەوە بکەم کە لێی جیانەبمەوە. هاوژینی ئێستاشم ناهەقی نییە کە ناکرێ من ژنی ئەوبم و دڵم لەلای پیاوێکی دیکە بێ. ئێستاش دەمەوێ لێی جیاببمەوە، بەڵام باوکم دەڵێت دەبێ تەحەممول بکەی".

قسە لەگەڵ کەسوکاری ئافرەتەکە کرا، ئامۆژگاری کران واز لە ژیانی کچەکەیان بهێنن. بەهۆی ئەوانەوە کچەکەیان تووشی گرێی دەروونی بووە. ناچارتان کردووە لە کەسێک جیاببێتەوە کە زۆری خۆشویستووە، ئێستاش دەتانەوێ بە زۆر لەگەڵ کەسێک بمێنێتەوە کە سۆز و خۆشەویستی بۆی نییە.

دواجار بە لێکتێگەیشتنی هەردوولا، ئافرەتەکە جیابووەوە. کچەکەشی بردەوە لای خۆی، بەڵام بەو مەرجەی باوکی کچەکەش هەرکاتێک حەزیکرد کچەکەی ببینێ. کێشەی ئەو ئافرەتە پێماندەڵێت دەستوەردان لە ژیانی تایبەتیی کەسەکان، چۆن ماڵی کەسێک وێران دەکات و چۆن وادەکات کەسێک لە ژیانی خێزانیدا شکست بهێنێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## پۆلیس دەستگیرانەکەی دەستگیرکردووە

# ساسان میراتەکەی بەشکرد و خۆی کوشت

عومەر چاوشین
رووداو – راپەڕین

رەنگە دەزگیرانەکەی تاکە کەس بێ شتێک لەبارەی خۆکوشتنی ساسان بزانێت، لە کاتی رووداوەکەش تەنیا ئەوی لەلا بووە، هەر بۆیە پۆلیس دەزگیرانەکەی دەستگیرکردووە. کەسوکارەکەشی دەڵێن نازانن بۆچی خۆی کوشتووە.

دوای نیوەڕۆی رۆژی 2017/2/23 لە ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای رانیە، پیاوێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی ساسان بەکر ئەحمەد، بە گوللەیەکی دەمانچە بریندارببوو، یەکسەر گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام لە رێگا گیانی لەدەستدا. پۆلیس تەرمەکەی رەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کرد، بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە لەوەی ئەو کەسە خۆی کوشتووە.

ساسان رۆژنامەنووس بووە، بەڵام بە کەمی کاری رۆژنامەوانی کردووە، زۆرتر بە کاسبییەوە سەرقاڵ بووە، دووکانی زەڕەنگەری هەبووە.

رەوەند کە برای ساسانە بە (رووداو)ی گوت براکەی دووجار بە خواستی خۆی ژنی هێناوە، بەڵام لە هەردوو ژنەکە جیابووەتەوە. هەفتەیەکیش بەر لەوەی خۆی بکوژێ، ژنێکی دیکەی مارەکردووە.

رەوەند دەڵێت "ساسان بەر لەوەی خۆی بکوژێ، کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردووە، پاشان گوتوویەتی سەفەر دەکەم، پاش ئەوەی سەفەرەکەی کردووە و گەڕاوەتەوە، خۆی کوشتووە".

رەوەند بە سەرسوڕمانەوە باسی خۆکوشتنی براکەی دەکات و دەڵێت "ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبووە، نەمانزانیوە نەخۆشیی دەروونیشی هەبووبێ، بۆیە نازانین بۆچی خۆی کوشت".



ساسان لەگەڵ دەزگیرانەکەی سەفەری هەولێریان کردبوو، دوای گەڕانەوەیان چووبوونە خانووەکەیان، بەڵام بەر لەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، نامەیەکی بۆ رەوەندی برای ناردووە. رەوەند باسی ناوەڕۆکی نامەکە دەکات و دەڵێت "ساسان ئامادەکاری بۆ خۆکوشتنەکەی کردبوو، بەر لەوەی خۆی بکوژێ، مەسجێکی بۆ ناردم، باسی ئەو قەرزانەی کردبوو کە قەرزدار بوو، هەروەها ئەو قەرزانەی خۆی کە لەلای خەڵک بوون. لە مەسجەکەدا نووسیبووی: ئەو کەسانەی قەرزدارن، ئەوان زێڕیان بە قەرز یان بە قیست بردووە، گەردنیان ئازابێ و دەیکەم بەخێر". بە گوتەی رەوەند، براکەی 20 هەزار دۆلاری لەلای خەڵک بووە.

رەوەند باسی ناوەڕۆکی نامەیەکی دیکەی براکەی دەکات کە بەپێی ناوەڕۆکی نامەکەی بێ، سەرجەم ماڵ و موڵکەکەی دابەشی سەر کەسوکارەکەی کردووە، دوو ژنەکەی پێشووشی لەبیر نەکردووە، بەڵام هیچی بۆ دەزگیرانەکەی دانەناوە.

رەوەندە دەڵێت "ساسان لەو نامەیەدا نووسیویەتی خانوویەکم بدەنە دوو کچەکانم، لەگەڵ بڕێک پارە. خانوویەکیش بدەنە کوڕە تاقانەکەم. بڕێک پارە و ئاڵتوون وەکو مارەیی بدەنە هاوژینی پێشووم". ساسان کە لە هاوژینی دووەمی سێ منداڵی هەیە، داوای لێکردووە ئاگای لە منداڵەکانی ببێ و زۆر بەباشی پەروەردەیان بکات.

لە دوای رووداوەکە، دەزگیرانەکەی ساسان دەزگیرکراوە. رەوەند لەبارەی دەستگیرکردنی دەزگیرانی براکەی دەڵێت "نەک تەنیا دەزگیرانەکەی، بەڵکو دایک و باوکی دەزگیرانەکەشی دەستگیرکراون. نازانین ئەوان هۆکاری خۆکوشتنی براکەمن یان نا، بەڵام هەر کەسێک لە پشت خۆکوشتنی براکەم بێ، بەهیچ شێوەیەک لێی خۆشنابین".

حەیدەر ئەبوبەکر، کە دراوسێیانە، زۆر پەسنی ساسان دەدات و دەڵێت: "کەسێکی بێ کێشە بوو، لەگەڵ کوڕەکەی بە تەنیا دەژیان، لە کاتی رووداوەکەش کوڕەکەی لەوێ نەبووە، تەنیا خۆی و دەزگیرانەکەی لەماڵ بوون کە دوو رۆژ پێش رووداوەکە مارەی کردبوو".

حەیدەر باسی کاتی رووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ئێمە لە ماڵەوە بووین، لەناکاو لە کۆڵان بووە قیژە و هاوار، کاتێک چووینە دەرەوە گوتیان ساسان خۆی کوشتووە. کەسمان گوێمان لە دەنگی تەقە نەبوو. کە چووین ساسان لە ژوورەوە کەوتبوو، بەڵام کەس دەستی بۆ نەبرد، هەتا پۆلیس هات و گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانە".

حەیدەر دەڵێت ئەوەی لەو رووداوە زۆر بە پەرۆش بوو هاوژینی دووەمی بوو. سەبارەت بە دەزگیرانەکەشی حەیدەر گوتی "دەزگیرانەکەشی هەر لە خۆی دەدا، ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێی بوو، جارێکیش بوورایەوە".

حەیدەر کە دواتر لەگەڵ دراوسێکانی قسەیان لەگەڵ دەزگیرانەکەی ساسان کردووە، دەڵێت "دەزگیرانەکەی بۆی باسکردین کاتێک چوونەتە ژوورەوە، ئەو پرسیاری کردووە تەوالێت لە کوێیە، ساسانیش پێی نیشان داوە. ئەو لە تەوالێت بووە، گوێی لە دەنگی گوللەیەک بووە. کە هاتووەتە دەرەوە بینیویەتی ساسان لە نێو خوێندا کەوتووە".

بە گوتەی حەیدەر، هەموو دراوسێکان بەو رووداوە تووشی شۆک بوون "درۆ نییە ئەگەر بڵێم تاوەکو 24 سەعات کەس نانی نەخواردووە، هەموومان بەو رووداوە تاساوین".

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت: "ساسان دوو رۆژ بوو کچێکی مارەکردبوو. لەو رووداوەدا دەردەکەوێ کە دەزگیرانەکەی هۆکار بووبێ. هەر بۆیەش لەلایەن پۆلیسەوە دەزگیرکراوە. لە کاتی رووداوەکەش تەنیا ئەوی لەلا بووە، هەر ئەویش خەڵکی لە رووداوەکە ئاگادارکردووەتەوە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری بەشی کارگێری نەخۆشخانەی گشتی رانیە بە (رووداو)ی گوت کاتژێر سێی دوای نیوەڕۆ، برینداریکیان هێنایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی رانیە کە لەماڵەکەی خۆی لەگەڕەکی راپەڕین، گوللەیەکی دەمانچە بەر سەری کەوتبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی لە نەخۆشخانەکەمان نەشتەرگەری مێشک و دەمار ناکرێ، بۆیە بەڕێمان کرد بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی".

بە گوێرەی ئەو پشکنینە سەرەتاییانەی لە نەخۆشخانەی گشتی رانیە بۆ برینەکەی ساسان کراون "دەرکەوتووە گوللەیەک بەر لای چەپی سەری ساسان کەوتووە و لەلای راستی سەری دەرچووە. گوللەکەش لە دووری کەمتر لە نیو مەتر بەری کەوتووە. پێدەچێ خۆی گوللەکەی لە خۆی دابێ". فەرمان ئەحمەد وایگوت.

### خەزووری بە گرتنی دا

رائید کاروان مەحموود، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت "دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیس لە رووداوی بریندارببوونی کەسێک بەناوی ساسان ئەحمەد، لەگەڕەکی راپەڕینی ناحیەی چوارقوڕنە. تیمەکانی پۆلیس دەستبەجێ گەیشتنە شوێنی رووداوەکە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس دەرکەوت ئەو کەسە بە دەمانچەیەکی جۆری میکارۆف، گوللەیەکی لە سەری خۆی داوە". گوتیشی "دوای رووداوەکە لەسەر داوای باوکی کوڕەکە، کچێک لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە".

# لە کوردستان پسپۆری سێکسۆلۆژی نییە

سەروەر سالار
رووداو – سلێمانی

سێکسۆلۆژی چەند سەدەیەکە وەک لقێکی پزیشکی لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە، بەڵام لە کوردستان هێشتا ئەو لقە لە زانستی پزیشکی بە سەربەخۆیی ناخوێندرێ. وەزارەتی تەندروستی دەڵێ تاوەکو ئێستا باسی ئەو بابەتەیان نەکردووە و پلانیشیان نییە بۆ داهاتوو خوێندنی ئەو پسپۆڕییە بۆ پزیشکان بکەنەوە. راپرسییەکی (رووداو)یش دەریدەخات زۆربەی پزیشکانی کوردستان بە پێویستی دەزانن سێکسۆلۆژی وەک پسپۆڕییەکی پزیشکی لە کوردستان بخوێندرێت.

سێکسۆلۆژی زانستی لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوەیە لە لایەنی سێکسیی مرۆڤ. پسپۆڕانی سێکسۆلۆژی سوود لە چەندین بواری ئەکادیمی، هەر لە زانستی پزیشکییەوە بگرە تا دەگاتە دەروونناسی، زیندەزانی و کۆمەڵناسی، وەردەگرن بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی گرفتە سێکسییەکان. ئەو بابەتانەی سێکسۆلۆژەکان لێیدەکۆڵنەوە بریتین لە پەرەسەندنی سێکسی (باڵغبوون)، ئاراستەی بیرکردنەوەی سێکسی، شوناسی جێندەری، پەیوەندییە سێکسییەکان، خولیا سێکسییە سەیرەکان و گرفتەکان، لە لایەنی جەستەییش (بۆنموونە رەپنەبوونی چووک) و دەروونی سێکس (بۆ نموونە شەرم و ترس لە سێکس).

هیندییەکان چوار سەدە پێش زایین کاماسوترایان هەبووە، کە یەکێکە لە دەقە کۆنەکانی سێکسۆلۆژی. فەرەنسییەکانیش لە سییەکانی سەدەی نۆزدەدا، توێژینەوەی سێکسییان هەبووە لەسەر سێکسفرۆشەکانی پاریس، ئەمەی دواییان بە یەکەم کاری مۆدێرن دادەنرێ لە بواری سێکسۆلۆژی.



### لە پلانی وەزارەتدا نییە

لە کوردستان خوێندنی بۆرد (هاوتای دکتۆرا) و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵ (هاوتای ماستەر) و دیپلۆمی باڵای یەک ساڵ (هاوتای دیپلۆمی باڵا) هەن بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی پزیشکی، بەڵام تاوەکو ئێستا لە چوارچێوەی هەریەک لەوانەدا شتێک نییە بەنێوی پسپۆڕی سێکسۆلۆژی.

دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (رووداو)ی گوت کردنەوەی ئەو پسپۆڕییە لەلای ئەوان هەر باسیش نەکراوە "تاوەکو ئێستا باسی ئەو بابەتەمان نەکردووە، هیچ پلانێکیشمان نییە بۆ داهاتوو بیکەینەوە".

## راپرسییەکی ئۆنلاینی رووداو: 8%ی پزیشکانی کوردستان دژی ئەوەن بخوێندرێت

## پزیشکێک: خەڵک بۆ کێشەی سێکسی نایەتە لای پزیشک

لەبارەی هۆکارەکانی نەکردنەوەی ئەو پسپۆڕییە د.هیوا یاسین، بەرپرسی بەشی هونەری لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "بۆئەوەی لقێکی پزیشکی بکەیتەوە بۆ پێگەیاندنی پسپۆڕیی نوێ، سەرەتا دەبێ پسپۆڕت هەبن بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەوانەی دەخوێنن. لە پارێزگای سلێمانی تاوەکو ئێستا هیچ پسپۆڕێکی ئەو بوارەمان نییە کە لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕابنەوە تاوەکو بیر لە کردنەوەی خوێندنی سێکسۆلۆژی بۆ پزیشکەکانمان بکەینەوە".

بە بڕوای دکتۆر هیوا دابونەریت لە کوردستان بەربەستە لەبەردەم پیادەکردنی ئەو پسپۆڕییە پزیشکییە لە کوردستان "خەڵک لێرە شەرمدەکەن باسی گرفتە سێسکییەکانیان بۆ یەکدی بکەن، نەخوازەڵڵا بە بەرچاوی خەڵکەوە سەردانی پزیشک بکەن بۆ چارەسەری کێشە سێکسییەکانیان".

بەرپرسەکەی تەندروستیی سلێمانی دەڵێ بۆ ئێستا ئەستەمە کەسێک بەهۆی پیادەکردنی ئەو پسپۆڕییەوە بتوانێ کلینیکێکی ئەوتۆی هەبێ و داهاتێکی باش پەیدا بکات، بۆیە رەنگە پزیشکان ئامادەییان نەبێ بۆ ئێستا ئەو پسپۆڕێتییە بخوێنن، تەنانەت ئەگەر بشکرێتەوە.

### سێکس وەک سەرچاوەی کێشە

مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێ گرفتە سێکسییەکان هەم بڵاون و هەم سەرچاوەی چەندین کێشەی دیکەن، بۆیە گرنگە کەسانی پسپۆڕ پێبگەیێندرێن، بۆئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو گرفتانە بکەن و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ بدۆزنەوە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، کە بۆردی پزیشکی کۆمەڵی هەیە و مامۆستای سکوڵی پزیشکییە لە زانکۆی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "گرفتی سێکسیش وەک هەر گرفتێکی دیکەی مرۆڤ پێویستی بە چارەسەرە، کە رەنگە سەرچاوەکەی جەستەیی یان دەروونی بێت. بۆیە وەک هەموو پسپۆڕییەکانی دیکە، پێویستمان بەو پسپۆڕییەش هەیە".

د.عەبدولفەتاح کە بەرپرسی بەشی توێژینەوە زانستییەکانە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، هەروەها دەڵێ "بەپێی بەدواداچوون و ئامارە جیاوازەکان، گرفتە سێکسییەکان سەرچاوەی چەندین گرفتی خێزانی و تەنانەت جیابوونەوەی هاوژینەکانیشن، هەندێکجار ئەگەر شەرم و ترس و نەزانی بهێڵێ، گرفتە سێکسییەکان زۆر سادە و ئاسانن و لەلایەن پسپۆڕی سێکسۆلۆژییەوە زۆر ئاسان چارەسەر دەکرێن".

### 34 %ی پزیشکان سێکسۆلۆژیان پێ گرنگ نییە

رووداو بەشێوەی ئۆنلاین پرسیارێکی ئاراستەی 74 پزیشک لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کرد، پرسیارەکەش ئەوە بوو "بە پێویستی دەزانیت سێکسۆلۆژی وەک پسپۆڕییەکی پزیشکی لە کوردستان بخوێندرێت؟" بەشداربووان سێ بژاردەیان خرایە بەردەم (بەڵێ، نەخێر، ئەم بابەتە جێگەی بایەخ نییە). وەڵامی بەشداربووان بەو شێوەیە بوو: 41 پزیشک (55%)ی بەشداربووان بە پێویستی دەزانن لە کوردستان ئەو پسپۆڕییە بخوێندرێ. تەنیا شەش پزیشک (8%) دژی بوون. 27 پزیشکیش کە دەکاتە 34%ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێیانوابوو ئەو بابەتە زۆر گرنگ نییە و جێی بایەخی ئەوان نییە.

## بەهۆی نەبوونی ڤیتامینێکەوە تووشی بێری بێری دەبن

# مەشرووبخۆرەکان بێ ڤیتامینن


د. زانیار نووری*

خۆراکۆکەکان ئەو خواردنانەن کە پێویستن بۆ لەشمان، چونکە بەشدارن لە کارلێکە کیمیاییەکانی جەستەی مرۆڤ یان بونیادنانی خانەکان، بەڵام وەکو چەوری و نیشاستە و پرۆتین، وزەبەخش نین. ئەمەش ڤیتامینەکان و خوێیەکان و کانزاکان دەگرێتەوە، لێرەدا تەنیا باسی ڤیتامینەکان دەکەین.

### ناتکەنە سوپەرمان

ڤیتامینەکان کۆمەڵێک خۆراکی بچووکن کە گرنگن بۆ رێکخستنی کارلێکە کیمیاییەکانی لەش و بنیادنانی هەندێک خانە و شانەی لەش. هەر ڤیتامینێک سوودێکی تایبەتی هەیە بۆ مرۆڤی ساغ و نەخۆش، بەڵام لە ئاستێکی گونجاودا. واتە وەک زانراوە ئەگەر کەم بن ئەوا دەبنە نەخۆشی، بەڵام ئەگەر زیادیش بن لە پێویست هەر دەبنە نەخۆشی! جاران وا باو بوو کە ئەگەر ڤیتامینەکان بە دەرمان بخۆین ئەوە بەهێزمان دەکەن، بەڵام ئەمە هەڵەیە. بەڵکو ئەگەر لەخۆمانەوە بیانخۆین رەنگە زیانمان پێ بگەیەنن. لە کۆمەڵگەی خۆماندا ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵکێکی زۆر ئەو ڤیتامینانە بە حەب یان گیراوە دەکڕن و دەیخۆن، وادەزانن دەبنە سوپەرمان و بەهێز دەبن، بەڵام ئەمە راست نییە.

### جۆرەکانی ڤیتامین:




**ڤیتامین A:** لە جگەری ئاژەڵدا زۆرە و کەمتر لە شیر و شیرەمەنییەکانیشدا هەیە. ئەگەر کەم بکات، دەبێتە هۆی تێکچوونی پێست. هەندێکجار لە هەندێک وڵاتی ئاسیادا دەبێتە هۆی کوێریی مندال، بەڵام لە کوردستان ئەم حاڵەتە نییە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خواردنی باش لە دایکەکاندا لای ئێمە. ئەگەر لەخۆتەوە بیخۆیت و رێژەکەی لە لەشدا زیادببێ، دەبێتە هۆی نەخۆشی. بەتایبەتی لە ئافرەتی دووگیاندا، دەبێتە هۆی نەخۆشیی زگماکی لە منداڵەکەیدا. بۆیە ئافرەتی سکپڕ ئەگەر ئەو جۆرە ڤیتامینەی کەم نەبێت، نابێ هەرگیز بیخوات. هەر لەبەر هەمان هۆکار باش نییە ئافرەتی دووگیان جگەری ئاژەڵ بخوات.

**ڤیتامین D:** لە رۆنی ماسیدا زۆرە، کەمتر لە هەتاو و زەردێنەی هێلکەشدا هەیە.

**ڤیتامین A:** لە رۆنی گوڵەبەڕۆژەدا زۆرە، کەمتر لە گوێزیشدا هەیە. دەرکەوتووە کە ئەو میللەتانەی خۆراکی پڕ لەو ڤیتامینە دەخۆن کەمتر تووشی نەخۆشیی دڵ دەبن، وەکو ژاپۆن، بەڵام لێکۆڵینەوە گەورەکان دەریانخستووە حەبی ئەو جۆرە ڤیتامینە نابێتە هۆی تووشنەبوون بە نەخۆخشیی دڵ.

**ڤیتامین K:** لە سەوزە گەڵا پانەکاندا زۆرە. کەمتر لەڕێگەی ریخۆڵەی مرۆڤیشەوە دروستدەبێت. هەموو منداڵێک کە لەدایک دەبێت، پێویستە دەرزییەکی ئەو جۆرە ڤیتامینە وەربگرێ، بۆئەوەی رێگە لە خوێنبەربوون بگرێ.

**ڤیتامین B1:** لە گۆشتی بەرازدا زۆرە، کەمتر لە گەنم و برنجیشدا هەیە. ئەگەر یەکێک لە دارستانێکدا بمێنێتەوە و خۆراکی باش نەبێت، تووشی کەمیی ئەو جۆرە ڤیتامینە دەبێت، کە نەخۆشییەکی گران دروستدەکات. هەر لە پەککەوتنی جووڵەی مرۆڤەوە تاوەکو سستیی دڵ و تێکچوونی دەروونی، بەڵام نەخۆشییەکە زۆرتر تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە کحول زۆر دەخۆنەوە، لە کوردستان بەو نەخۆشییە دەگوترێ (بێری بێری) بە سریلانکی واتە (ناتوانم ناتوانم).

**– ڤیتامین B2:** لە شیردا زۆرە، کەمتر لە ژەمی بەیانیانیشدا هەیە (ئەو ژەمە لای ئێمە زۆر کەم دەخورێت). ئەگەر کەسێک بەدخۆراک بێت، یەکێک لەو ڤیتامینانەی کە کەمدەکەن ئەمەیە، دەبێتە هۆی قڵیشانی لێو و دەم و سووربوونەوەی زمان.

**ڤیتامین B3 یان نیاسین:** لە گۆشتدا زۆرە. ئەگەر کەسێک تەنیا گەنمەشامی بخوات بەتەنیا تووشی پیلاگرا دەبێت، کە نەخۆشییەکە بەهۆی کەمبوونی ئەم ڤیتامینەوە دروستدەبێت.

**ڤیتامین B6:** لە گۆشتدا زۆرە، کەمتر لە سەوزەشدا هەیە. ئەگەر سکپڕێک زیاد لە پێویست بیخوات، دەبێتە هۆی نەخۆشیی زگماکی لە منداڵەکەیدا. جاران دەدرایە دایکی سکپڕ بۆ چارەسەری رشانەوە و دڵتێکهەڵاتنی سکپڕی، بەڵام دەرکەوتووە کە هیچ سوودێکی زانستیی نییە، بگرە خراپیشە.

**ڤیتامین فۆلەیت یان فۆلیک ئەسید:** لە جگەردا زۆرە، کەمتر لە گەڵای سەوزە گەورەکانیشدا وەک سڵق هەیە. هیچ دایکێک نابێ سکی هەبێت یان پێش سکپڕیش و حەبی فۆلیک ئەسید نەخوات، بە لایەنیکەمەوە سێ مانگی یەکەم، چونکە کەمیی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی زگماکی لە منداڵەکەیدا. بەداخەوە رۆژانە دایکی سکپڕ دەبینین کە فۆلیک ئەسید ناخوات و ئاگای لێنییە. ئەو کەسانەش کە گۆشتی سوور (گۆشتی ئاژەڵ) لە خۆیان قەدەخە دەکەن و خوێنیان کەمدەکات، بەهۆی کەمیی ئەم ڤیتامینەوەیە. جا رنا جا رێک نەخۆشێکی شەکرە دەبینم کە گۆشتی لەخۆی قەدەخە کردووە، بەڵام رۆژی دوو نانی کوردی دەخوات، دەبیینی کەمخوێنە و هێزی پێنەماوە، بەڵام شەکرەکەشی هەر بەرزە. هەموو ئەمانە لەئەنجامی تێگەشتنی هەڵەوەیە.

**– ڤیتامین B12:** لە گۆشتی ئاژەڵدا زۆرە. ئەگەر کەم ببێت دەبێتە هۆی کەمخوێنی یان سستبوون و ئیفلیجیی لاسەری مرۆڤ. هەندێکجار زۆر بە شاراوەیی کەمدەبێتەوە و دەبێتە هۆی خڵەفانی مرۆڤ. ئەمەش زۆربەی کات لەئەنجامی تەرککردنی گۆشتی ئاژەڵەوەیە بە هەڵە.

**– ڤیتامین بایۆتین:** لە زەردێنەی هێلکەدا زۆرە. گرنگە بۆ کارلێکەکانی جگەری مرۆڤ.

**– ڤیتامین C:** لە میوە ترشەکاندا زۆرە، وەکو پرتەقاڵ، کەمتر لە میوە و سەوزە فرێشەکانیشدا هەیە. کەمیی ڤیتامین سی ناسراوە لە کوردەواری خۆماندا، چونکە لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا پارە نەبووە میوەی تازە بخۆین، بۆیە نەخۆشیی ئەسکەرپووت دروست دەبوو. ئێستا زۆر کەمە یان نییە.

*** پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناو**

### لە کێدا کەمدەکات؟

زۆربەی کات ڤیتامینەکان لەو کەسانەدا کەم دەکات کە کحول زۆر دەخۆنەوە یان کەسێک خواردنێکی تایبەتی وەکو گۆشتی ئاژەڵ لەخۆی حەرام دەکات، یان منداڵن کە خۆراکی باش ناخۆن. ژەهراوی بوونیش بە ڤیتامینەکان زۆربەی کات لەو کەسانەدا رووددات کە لە خۆیانەوە حەبی ڤیتامینەکان دەخۆن.

# ئەوانەی پشتئێشەیان هەیە با وەرزش بکەن

رووداو–دەیلی تەلەگراف

کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکا The American College of Physicians رێنماییە فەرمییەکانی خۆی لەبارەی چارەسەری پشتئێشەی سادەوە گۆڕی و دەڵێ دەبێ سەرەتا چارەسەری سروشتی و وەرزشیان بۆ بنووسن نەک دەرمان.

گۆڕانی رێنماییەکە تەنیا مانگێک دوای ئەوە هات کە توێژینەوەیەکی ئوسترالی دەریخست دەرمانە دژەئازارە باوەکان رۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە چاکبوونەوەی پشتئێشەی سادە. دواتریش کۆمەڵەی پزیشکانی دڵ لە ئەمریکا هۆشدارییان دا کە پرۆفین و هاوپۆلەکانی (کە بە بەربڵاوی بۆ سەرکوتکردنی پشتئێشە بەکاردێن) رێگە خۆشدەکەن بۆ سستبوونی دڵ و چیدیکە دڵ ناتوانێت وەک پێویست خوێن بگەیێنێتە ئەندامانی جەستە.

لە بەریتانیا تاوەکو ئێستا رێنماییە فەرمییەکە ئەوەیە کە پزیشکانی خێزان دەتوانن دەرمانی پرۆفین و هاوپۆلەکانی لە چارەسەری پشتئێشەدا بەکاربهێنن.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی رێنماییە نوێیەکان لە ئەمریکا، ستیف تۆلان، سەرۆکی کۆمەڵەی بەریتانی بۆ چارەسەری فیزیایی و وەرزشی ئەو هەنگاوەی بە "دڵخۆشکەر" ناساند.

تۆلان گوتی "لە رۆڵی دەرمانە دژە ئازارەکان تێدەگەین لە رووبەڕووبوونەوەی پشتئێشەدا، بەڵام نابێ وەک تاکە چارەسەر دیاری بکرێن، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەدا وەرزشیش بۆ تووشبووان دیاریبکرێ، ئەوەش رێگەچارەیەکی هەم هەرزانتر و هەم سەلامەتترە بۆ چارەسەری پشتئێشە".

پشتئێشە گرفتێکی بڵاوە کە هەموو کات یەک لەسەر شەشی خەڵک تووشی دەبن، بەڵام زۆربەیان لەماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا چاکدەبنەوە.

پزیشکەکان هانی تووشبووانی پشتئێشە دەدەن چالاک بمێننەوە و زۆر لە جێگەدا نەکەون. وەرزش و کشاندنی پشت بکەن. گەرمی یان ساردی بخەنە سەر شوێنی ئازارەکە و دەرمانی دژەئازار بخۆن.

دکتۆر نیتین دەمڵ، سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکا، دەڵێ "پزیشکەکان دەبێ خۆیان ببوێرن لە نووسینی پشکنینی ناپێویست و دەرمانی گران و زیانبەخش بۆ تووشبووانی پشتئێشە".

لە رێنماییە نوێیەکانی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکادا ئاماژە کراوە بە رۆڵی ئەرێنی یۆگا و تایچی لە چارەسەری ئازاری خوارەوەی پشت.





## زلهێزەکانی جیهان روو لە ناوچەکە دەکەن

# لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چیدیکە ئەمریکا گەورەترین زلهێز نییە

رووداو- هەولێر

لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا، ئەمریکا گەورەترین هێزی بەشدار لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. لە ساڵی 1979ەوە (واتە دوای شۆڕشی ئێران) ئەو رۆڵە بە کردنەوەی نێوەندی هاوبەشی هاوکاریی سەربازی بەهێزتر بوو، بەڵام دەستتێوەردانی راستەوخۆی رووسیا لە جەنگی سووریا وایکردووە مۆسکۆ پێگەیەکی نوێ لەنێو سەرکردەی وڵاتانی ناوچەکە بەدەست بهێنێت. بە بۆچوونی شارەزایان ئەو رووداوە و ئاکامەکانی دواتری دەتوانێت پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لاواز بکات.

ریچارد فۆنتەین و مایکڵ سینگ لە گوتارێکدا لە گۆڤاری (ناشناڵ ئینترست)دا ئاماژە بەوە دەکەن کە دەستتێوەردانی راستەوخۆی رووسیا لە جەنگی سووریا بڕیاربەدەستانی ئەمریکای تووشی شۆک کرد. لەبەرئەوەی لە چەند دەیەی رابردوودا کە مۆسکۆ مەیلی بەشدارییەکی جیدی لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەخۆی پیشان بدات، لەکاتێکدا پێشتر زیاتر بە ناوچەکانی نزیک لە سنووری خۆیەوە سەرقاڵ بوو.

بەگوێرەی گوتارەکە، خاڵی وەرچەرخانی دووەم بۆ کاتی جەنگی کەنداوی یەکەم دەگەڕێتەوە، "لەو قۆناغەدا بەشداری سەربازیی ئەمریکا زیادیکرد". لە ئاکامی هەنگاوەکانی ئەو دوو قۆناغەشدا (واتە شۆڕشی ئێران و جەنگی کەنداوی یەکەم) ئێستا دەبینین ئەمریکا "یان هێزی پیادەی لە ناوچەکەدا هەیە، یان گەشتی جێگیر کردووە، یانیش هێزەکانی لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دان".

دوو لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێیانوایە "وڵاتانی ناوچەکەش دروستکردنی پەیوەندیی دوو لایەنەیان خستبووە ئەولەویەت "هەر بۆیەش تەنها هاوکاریی سنووردارایان لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەدا دروست دەکرد. ئەمریکا نەک هەر بوو بەو زلهێزەی کە ئاسایشی ناوچەکە دەپارێزێت، بەڵکو تاکە هێزی دەرەکیش بوو کە لە دروستکردنی گرووپەکانی هاوکاری و هەماهەنگیدا (لەوانەی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو و گرووپی 1+5) دەستی هەرە باڵای هەبوو".

بە بۆچوونی هەردوو نووسەری گوتارەکە ئەم رەوتە لە 2003ەوە گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوەش کۆمەڵێک هۆکاری لەپشت بوو:

**یەکەم:** شەڕی عێراق ئەو بەرهەمەی نەبوو کە چاوەڕێ دەکرا

**دووەم:** سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، کە لەبری ئەوەی دەسەڵاتی دیموکراتتری لێ بکەوێتەوە، جەنگ و ئاژاوەی نێوخۆیی بەدوای خۆیدا هێنا.

**سێیەم:** لەناوچوون یان کەوتنە بەر هەڕەشەی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا، لەوانەش دەسەڵاتەکەی حوسنی موبارەک.

**چوارەم:** نەمانی سنوورەکان لە دوای هێرشەکانی 2014ی داعش.

**پێنجەم:** تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل

لە پاڵ ئەم پێنج هۆکارەدا کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە، دوو هۆکاری دیکەش هەن کە پەیوەندییان بە سیاسەت و رەوشی نێوخۆیی ئەمریکاوە هەیە. هۆکاری یەکەمیان ئەوەیە ئەمریکا لە ماوەی دەیەی رابردوودا "لە بواری بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی وزەدا بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی ناوە"، هۆکاری دووەمیش پەیوەندی بە بایەخ وەرگرتنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیاوە هەیە. بە پێی گوتارەکە ئەم حەوت هۆکارە تەنها ئەمریکایان لە ناوچە دوور نەخستەوە، بەڵکو دەرگای بۆ زلهێزەکانی دیکە (واتە چین و رووسیا) والاکرد بۆ ئەوەی بێنە نێو کێشەکانەوە؛ ئاکامی ئەمەش بریتی بووە لەوەی "ئەمڕۆکە مەحاڵە کێشە بنەڕەتییەکان (لەوانەش ئێران، سەقامگیرکردنی لیبیا و هتد) بە بێ بەشداری زلهێزە دەرەکییەکان چارەسەر ببێت... بە کورتیەکەیە ململانێی زلهێزەکان زیندوو بووەتەوە".

نزیکبوونەوەی مۆسکۆ لە وڵاتانی ناوچەکە:

دەستتێوەردانی رووسیا لە قەیرانی سووریا بە شێوەیەکی دراماتیکی بوو؛ چونکە رۆژئاوا ئامادە نەبوو بەشداری راستەوخۆی لەو جەنگە هەمەلایەنەیەدا هەبێت، بۆیەش رووسیا بە ئاسانی توانی باڵانسی دەسەڵاتی بە لای ئەسەددا بشکێنێتەوە. ئامادەبوونی هێزەکانی رووسیا لە تارتۆس و حمەیمیم وایکرد رووسیا نەک هەر دۆخی مەیدانەکانی جەنگ بگۆڕێت، بەڵکو توانی دەستکاری رووداو و کۆبوونەوە دیپلۆماتیکەکانیش بکات، بە جۆرێک کە "هیچ هەنگاوێکی پەیوەندیدار بە قەیرانی سووریا نییە بەبێ پرسی مۆسکۆ بهاوێژرێت".

بە بۆچوونی دوو لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە، بەشداری رووسیا لە جەنگی سووریا دەرگایەکی نوێی لە پەیوەندییەکانی رووسیا و ئێرانیش کردەوە. جگە لەمە رووسیا رۆڵێکی سەرەکیی لە واژۆکردنی رێککەوتننامەی ئەتۆمیی نێوان تاران و گرووپی 1+5دا بینی. هەر ئەم رۆڵەش وادەکات لە قۆناغی دوای رێککەوتننامەکەشدا پشکی سەرەکی لە گرێبەستە بازرگانی و داراییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا هەبێت.

جگە لەمە پەیوەندییەکانی رووسیا لەگەڵ تورکیا و میسریش پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. بە پێی گوتارەکە پەیوەندییەکانی تورکیا و رووسیا هەتا ئەو شوێنە گەشەی کردووە کە مانگی ئابی ساڵی رابردوو، بینالی یلدرم پێشنیاری ئەوەی کرد "رووسیا دەتوانێ بنکەی ئاسمانی ئەنجەرلیک بەکاربهێنێت"، واتە هەمان ئەو شوێنەی کە هێزی سەربازی و چەکی ئەتۆمی ئەمریکای لێیە. مۆسکۆ پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ قاهیرەشدا دروستکردووە، بە جۆرێک میسر پێشنیاریکردووە رووسیا میوانداریی دانوستاندنی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان بکات، رۆڵێک کە پێشتر بەناوی ئەمریکاوە کرابوو.

### فراوانبوونەوەی چالاکییەکانی چین

لە شوباتی 2011 بڕیاریدا کەشتیی جەنگی زۆژوو لە کەنار ئاوەکانی عەدەن، لە یەمەن، بگوازێتەوە بۆ کەنار ئاوەکانی لیبیا، ئەم کەشتییە 35 هەزار فەرمانبەر و کرێکاری چینی و سەدان کرێکاری غەیرە چینی لە لیبیا رزگارکرد. ئەمە یەکەم هەنگاوی کۆماری چین بوو کە دەریدەخات بەیجین بایەخ بە هێزە نێردراوەکان دەدات.

بەشی زۆری پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چوارچێوەی گرێبەستی بازرگانی و وەبەرهێناندا خۆی دەبینێتەوە؛ بە تایبەتیش کڕینی نەوت و غازی زۆر ەو وڵاتانە. بە گوێرەی گوتارەکە لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا بازرگانی نێوان چین و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە رێژەی 600٪ بەرزبووەتەوە؛ بە جۆرێک لە 2014دا بڕی ئاڵوگۆڕە بازرگانی نێوان بەیجین و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی لە 230 ملیار دۆلار داوە. ئاستی وەبەرهێنانی چین لە ناوچەکە لە نێوان 2006 بۆ 2013 زیاتر لە 10 ملیار دۆلاربووە. بەڵام حکومەتی چین بەڵێنی داوە 55 ملیار دۆلاری دیکە بخاتە سەر کۆی وەبەرهێنان و قەرزەکانی لەم ناوچەیە.

ئێران یارمەتیدەری سەرەکی چینە بۆ ئەوەی چین بتوانێت هاوشانی رووسیا و ئەمریکا رۆڵی زلهێزێک لە ناوچەکەدا بگێڕێت؛ هەردوو وڵاتیش بە هۆکاری جیاواز حەز دەکەن رۆڵ و بەشداری ئەمریکا لە ناوچەکەدا کەم بکەنەوە. لە پاڵ ئەمەشدا ئێران (بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی کەنداو) لەسەر یەک هێڵ و مەداری ئاسۆیین، ئەمەش لە مەترسییەکانی سەر دامەزراوە و بۆرییە نەوتییەکانی نێوان تاران و بەیجین کەمدەکاتەوە.

دوو لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە رۆڵی چین لە ناوچەکەدا تەنها لە بازرگانی و ئابووریدا کورت نابێتەوە؛ "بەڵکو لە کێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی ناوچەکەشدا رۆڵ و هەڵوێستی هەیە؛ بۆ نموونە چین هەر لە سەرەتاوە پشتگیری لە هەڵوێستی رووسیا و ئێران کردووە بۆ مانەوەی ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات"، تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەیە راوێژکار و تەقەمەنی رەوانەی سووریا کردبێت. جیا لەمە چین (هاوشانی رووسیا) رۆڵی سەرەکی هەبوو لەوەی بیروڕای رۆژئاواییەکان و ئێرانییەکان لە یەکدی نزیکتر بکەنەوە، کە بەرهەمی ئەمەش رێککەوتننامەی ڤیەننا بوو.

### هیندستان و ژاپۆن و ئەورووپاش دێنە پێشەوە

گوتارەکەی فۆنتەین و سینگ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "چین و رووسیا تاکە دوو وڵات نین کە دەیانەوێت ئەو بۆشاییەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پڕ بکەنەوە. بەڵکو هیندستان، ژاپۆن و ئەورووپا بە هۆکاری جیاواز روو لەو ناوچەیە دەکەن".

هیندەکان هەتا ئێستاش بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێن "رۆژئاوای ئاسیا"، چەندین ملیۆن کرێکاری هیندی لە وڵاتانی کەنداو کار دەکەن و هیندستان گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوە. بە بۆچوونی دوو لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە ئابووری و جیۆپۆلۆتیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هۆکاری بنەڕەتی نزیکبوونەوەی هیندستانە لە وڵاتانی ئەو ناوچەیەیە. بۆ نموونە ئێران دەتوانێ یارمەتیدەر بێت گواستنەوە بازرگانییەکانی هیندستان پێویست نەکات بە پاکستاندا تێپەڕێت، بەڵکو لە ئەفغانستانەوە بەرەو بەندەری چابەهار لە ئێران بگوازرێنەوە، کە لە چەند ساڵی رابردوودا هیندستان وەبەرهێنانی بەرچاوی تێدا کردووە.

بەڕای نووسەرانی گوتارەکە، پەیوەندیی ئابووری و دابینکردنی وزە هۆکارە سەرەکییەکانی بایەخی ژاپۆن بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بە هۆی سونامییەکەی 2011ەوە پیشەسازی ئەتۆمی ژاپۆن وێران بوو، لە کاتێکدا ئەو پیشەسازییە چارەکێکی پێویستییەکانی وزەی ژاپۆنی دابین دەکرد؛ بۆیەش سەیر نییە "ژاپۆن بووە بە گەورەترین هاوردەکاری غازی سروشتی لە جیهاندا، هەروەها سعودیە بە تەنیا زیاتر لە 30٪ی پێوداویستییەکانی نەوتی ژاپۆن پڕدەکاتەوە".

بە گوێرەی گوتارەکە، ئێرانی پاش رێککەتنە ئەتۆمییەکە دەکرێت ئامانجێکی سەرەکی ژاپۆن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێت، لەبەر ئەوەی "ئێران خاوەنی دووەمی گەورەترین یەدەکی غازی سروشتییە لە جیهاندا". هەر بۆیەش بڕیارە شینزۆ ئابێ ببێت بە یەکەم سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن کە لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا سەردانی ئێرانی کردبێت.

جگە لەمە ژاپۆن یەکێکە لەو دەگمەن وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ئاسیا کە لە جەنگی دژی داعشدا بەشدارە، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ژاپۆن دایە بۆ ئەوەی رۆڵێکی سەرەکیتر لە کێشە جیۆپۆلیتیکییەکانی جیهاندا بگێڕێت.

زلهێزەکانی ئەورووپا (بە تایبەتیش بەریتانیا و فەرەنسا) لە پاڵ ئەوەی چاویان لە سەرچاوەکانی وزەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لە هەمانکاتدا بارودۆخی نالەباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئاسایش، ئابووری و تەنانەت رەوشی سیاسی وڵاتانی ئەورووپی دەبێت، لەوانەش دەکرێ ئاماژە بە لێشاوی کۆچبەران، هێرشە تیرۆریستییەکان و خێراتر بوونی تەشەنە سەندنی راستڕەوەکان لە ئەورووپا بکرێت.

دوو نووسەرە ئەمریکییەکە پێیانوایە هەوڵەکانی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ بەشداری کارا لە قەیرانی سووریا، جنگی دژی داعش لە عێراق و جیگیرکردنی دامەزراوەی سەربازی لە وڵاتانی کەنداو لەم سۆنگەیەوە ببینرێن. بە پێی گوتارەکە "گەڕانەوەی ئەورووپا بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دوای نیو سەدە، ئاماژەیە بەوەی زلهێزەکانی ئەورووپا بە نیازن بەشداری خۆیان لە ناوچەکەدا پەرە پێبدەن".

## ئەمریکا دەبێ چی بکات؟

لەم بەشە لە گوتارەکەدا هاتووە "رەنگە بەرپرسانی ئەمریکی بە گەشبینییەوە لە بەشداری چین و رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڕوانن"، چونکە بەمە قورسایی ئەرکەکان دابەش دەبن. بە بۆچوونی دوو لێکۆڵەرەکە ئیدارەی ئەمریکی ئەوەی پشتگوێ خستووە کە "چین و رووسیا بۆ سووککردنی باری سەر شانی ئەمریکا لەوێ نین، بەڵکو دەیانەوێ ئەو هەرێمە وەکوو ناوەندێک بۆ ململانێ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا (لەوانەش ژاپۆن و هیندستان) بەکار بهێنن".

گوتارەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەر چەشنە پلانێک کە بۆ نەزمێکی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێ، پێویستە تێیدا بیر لەوە بکرێتەوە کە "ئەمریکا رۆڵی پێشەنگ لە ناوچەکەدا دەگێڕێت"، هەڵبەت دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ رۆڵی زلهێزە دەرەکییەکانی دیکەش لە جاران زیاتر دەبێت.

فۆنتەین و سینگ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا پێویستە "بیر لە سیاسەتێکی دەرەوە بکەنەوە، کە تێیدا باڵادەستی و ئازادی جموجۆڵی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەست بهێنێتەوە، لە هەر شوێنێکیش بۆی گونجا هاوکاری دروستبکات و رێگە نەدات ململانێی تێکدەر دروست ببێت یانیش ئەو جۆرە ململانێیانە هێور بکاتەوە". بە بۆچوونی ئەوان بۆ ئەوەی ئەمجۆرە سیاسەتە دابنرێت، پێویستە بیر لە چوار خاڵ بکرێتەوە:

**یەکەم:** ئەمریکا دەبێت لەمپەڕێک بۆ جموجۆڵەکانی رووسیا و چین لە ناوچەکەدا دابنێت، لەبەر ئەوەی "ئێستا ئەم دوو وڵاتە کێشە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دادەنێن". بە بۆچوونی دوو لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە بەشداری راستەوخۆی رووسیا لە قەیرانی سووریا تەنها رێگری دروست نەکردووە بۆ چارەسەربوونی قەیرانی سووریا، بەڵکو دەستی حزبوڵڵا و ئێرانیشی والاکردووە بۆ ئەوەی مەترسی بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دروستبکەن.

بە پێی گوتارەکە، واشنتن "دەبێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە (لەوانەش میسر، تورکیا، ئیسرائیل و وڵاتانی کەندا) باشتر بکات"، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە کە ئێستا چین و رووسیا بە نیازی پڕکردنەوەیین.

**دووەم:** واشنتن دەبێ دەست بە دروستکردنی دامەزراوە یان ستروکتورێکی ناوچەیی فەرمی بکات کە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەستۆ بگرێت. بەڕای لێکۆڵەرەکان ئەرکی ئەم دامەزراوەیە تەنها لە کێشە ئەمنی و سەربازییەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو ناوبژیوانی لە نێوان وڵاتە هاوپەیمانە ناکۆکەکانی ئەمریکا دەکات، پەرە بە رێککەوتنە ئابوورییە فرەلایەنەکان دەدات و رێگە لە هەڵسوکەتی تێکدەرانەی لایەنە دەرەکییەکان دەگرێت.

**سێیەم:** بەشداری پێکردنی زیاتری ژاپۆن، هیندستان و ئەورووپا لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە "چالاکانە لە کاروباری دیپلۆماتیک، ئابووری و ئاسایشی ناوچەکەدا بەشدار بن". بە گوێرەی فۆنتەین و سینگ بەشێک لەوە "بەشداری کردن لە دابینکردنی خەرجییەکانی سەقامگیری، ئاسایش و گەشەکردنی ناوچەکە لە ئەستۆی خۆیان بگرن، لە بەرامبەریشدا مافی قسەی زیاتریان لە کێشە دیپلۆماتیکییەکانی ناوچەکەدا دەبێت... بۆ نموونە ئەم وڵاتانە (واتە ژاپۆن و هیندستان) دەتوانن پەیوەندییە باشەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران بەکاربهێنن بۆ ئەوەی تاران دەست لەو رۆڵە تێکدەرەی لە ناوچەکە هەیە هەڵگرێت".

**چوارەم:** بوارێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی رووسیا و چین تێیدا بەشدارییەکی بنیاتنەریان هەبێت، یان بەشدارییان دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەبێتەوە. بە گوێرەی نووسینەکە دەرفەتی ئەمە بۆ هاوکارییەکانی نێوان واشنتن و بەیجین زیاترە تاوەکوو واشنتن و مۆسکۆ، "چونکە بەرژەوەندییەکان و شێوازی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکا لەو ناوچەیەدا بە دەگمەن کۆکن". بەڵام بۆ چین گرنگە ئەم ناوچەیە ئارام بێت، بۆ ئەوەی "رەوتی سەرچاوەکانی وزە نەپچڕێت" و رووداوەکانی ئەم ناوچەیە نەبن بە سەرچاوەیەک بۆ پشتگیری لە موسڵمانە توندڕەوەکانی چین. گوتارەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هاوکارییەکانی چین و ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێ قەرەبووی ئەو گرژییە بکاتەوە لە رۆژهەڵاتی چین هەیە.

لە کۆتایی گوتارەکەدا، ریچارد فۆنتەین و مایکڵ سینگ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە "وانەی سەرەکی ئیدارەی بوش ئەوە بوو کە بەشداری لەرادەبەدەر مەترسیدارە و وانەی ئیدارەی ئۆباماش ئەوە بوو کە سستی نواندن کارەساتی بەدوادا دێت. خۆدوورگرتنی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ململانێی زلهێزەکان زیاتر دەکات"، بۆیەش پێشنیار دەکەن "ئەمریکا رۆڵی سەرکردایەتی ناوچەکە وەربگرێتەوە".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دۆزینەوەی دەرفەت بۆ دەوڵەتی کوردستان

بەپێی هەلومەرج و کاتی جیاوازی مێژوویی، هەریەک لە (فارس و کورد و عەرەب و پاشان تورک) چوار نەتەوەی کۆنی ئەم ناوچەیەن. پرسیارێکی دروستە بۆچی کورد وەک نەتەوە دراوسێیەکانی نەبووە بە خاوەن دەوڵەتی خۆی؟ ئەو هەلومەرج و بارودۆخە تایبەتانە چی بوون وایان کردووە فارس و عەرەب و تورک خاوەن ئیمپراتۆریەتی گەورە، حوکمڕانی درێژخایەنی تایبەت بەخۆیان بن و کوردیش وەک گەلێکی پەرتەوازە، نیشتمانێکی داگیرکراو و دابەشکراو بمێنێتەوە؟

هەروەها ئەوەش پرسیارێکی بەجێیە ئەگەر لە رابردوودا ئەو هەموو گۆڕانکاری و شەڕە گەورانەی ناوچەکە و جیهان، رووخانی ئیمپراتۆریەتەکانی عەرەب، سەفەوی، عوسمانی، لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئەو دەسەڵاتە تەمەن سەدان ساڵانەی ناوچەکە کە بوون بەهۆکار بۆ دروستبوونی دەیان دەوڵەتی تازە، ئەگەر ئەو رووداوانە دەرفەتیان بۆ سەربەخۆیی کورد نەرەخساندبێت، ئێستا چی وای کردووە بگوترێت هەلومەرج لەبارە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان؟

با بزانین ئەو هەلومەرج و دەرفەتە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییانە کامانەن کە دەرگا بەڕووی سەربەخۆیی کوردستاندا دەکەنەوە؟ چ گۆڕانکارییەک لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکاندا هاتووەتە ئاراوە تا تابۆی پرسی دەوڵەتی کوردستان شکێندرابێت؟ هەر بەڕاست هەڵوێستی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەو جۆرەیە کە لایەنگری دروستکردنی دەوڵەتێک بن بۆ کورد؟ ئایا سەربەخۆیی کوردستان لە پارچەیەکی خاکەکەی، مەترسی دەخاتە سەر پارچە پارچەبوونی وڵاتانی تری دراوسێی؟ وەک چۆن لە قۆناغی شۆڕشدا، ئەوە راست بوو گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردی لە پارچەیەکی کوردستان بەشێوەی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەشەکردنی گیانی کوردایەتیی پارچەکانی تر هەبووە، ئایا لە قۆناغی گواستنەوەی شۆڕشەوە بۆ دەوڵەت، ئەو تێگەیشتنە هەر راستە کە بگوترێت سەربەخۆیی کورد لە پارچەیەکی کوردستان، زەمینە بۆ سەربەخۆیی پارچەکانی تر دەڕەخسێنێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە تێگەیشتنێکی درک پێنەکراوە کە ئێستا لای وڵاتانی سەردەستەی ناوچەکە دروست بووە و پێیان وایە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لە ناوچەکەدا، کۆتایی بە مەترسی لەسەر دەوڵەتانی دیکە دەهێنێت. چونکە هیچ لۆژیکێک ئەوە ناسەلمێنێ دۆخێک دروستبێت چوار دەوڵەتی کوردی لە ناوچەکەدا سەرهەڵبدات. هەروەک ئەوەش چاوەڕوانییەکی قورسە پێتوابێت هەلومەرجێک دروستبێت نەخشەی چوار وڵات پێکەوە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی تازە لە ناوچەکەدا. ئاساییە رووداو و گۆڕانکارییەکان ببنە هۆی دەستکاریکردنی نەخشەی وڵاتێک یان دووان و بەهۆیەوە چیرۆکی کورد بگاتە کۆتایی.

گۆڕانکاری لە هزری وڵاتانی ناوچەکە بەرانبەر دەوڵەتی کوردستان لەم تێگەیشتنەوەیە. کورد بووە بە ژمارەیەکی لەبەرچاوگیراو، هەلومەرجی نێودەوڵەتی وەک ئەمری واقیع دەوڵەتێک دەسەپێنێ. دروستکردنی دەوڵەتیش لەهەر بەشێکیان، کۆتایی بە مەترسی لەسەر دەوڵەتەکانی دیکە دەهێنێت. لە تێگەیشتنی هەر کامیانەوە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەسەر حسابی پارچە پارچەبوونی وڵاتی بەرانبەر، لە کۆڵبوونەوەی بەڵای کوردە لەسەریان. ئێران و تورکیا هەریەک بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆیان دەیانەوێ لەسەر حسابی دابەشکردنی وڵاتانی عەرەبی، کێشەی کورد لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. سیاسەتی نێودەوڵەتیش بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە لەم دوو بەشەی کوردستانی سووریا و عێراق، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیا یەکانگیر بووە.

لە مێژوودا زۆرجار ململانێ یاخود ناکۆکیی نێوان دوو تەرەف، دەرفەتی بۆ لایەنی سێیەم دروستکردووە کە مەرج نییە ئامانجی هیچکام لە دوو لایەنە ناکۆکەکە بووبێت. یان جاری وا هەبووە ستراتیج و ئامانجی دەوڵەتێک، بووە بە دەرفەت بۆ گەیشتن بە ئامانجی لایەنێکی دیکە، بێ ئەوەی خواستی تەرەفی یەکەم بووبێت. ئەوەی وای کردووە بووبێتە دەرفەت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، بوونی کۆمەڵێک بەرژەوەندی و بەریەککەوتنە. ستراتیژی سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەگەڵ خواست و بەرژەوەندیی هێزە هەرێمایەتییەکان، هەروەها بوونی ناکۆکی و ململانێی نێوانیان، دەرفەتی ئەوەی دروستکردووە، لەسەر خاکی کوردستانی عێراق و سووریا دەوڵەتی کوردستان دروست بکات.

ئێستا ئەگەر تەماشای ویستێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ستراتیجی دەوڵەتی ئێران بکەین لە ناوچەکەدا چۆن یەکانگیر بووە، عەرەب لەڕووی ژمارەی مرۆییەوە نزیک دەبنەوە لە نیو ملیار، خاوەن جوگرافیایەکی پێکەوە گرێدراوی پان و بەرین، ئاو و وزە وەک دوو سەرچاوەی هێز لە نیشتمانەکەیاندا زۆرن، خاوەن ئاین و کولتوورێکن مرۆڤی شەڕانگێز بەرهەم بێنن، کۆی ئەم توانایانە پێکەوە دەبنە مەترسی لەسەر جیهان، بۆیە سیاسەتی ناودەوڵەتان کردوونی بە 22 پارچەوە. ئەوەی کە زۆرجار کەفوکوڵی کوردایەتی وەک ماف باسی دەکات، بۆچی رەوایە عەرەب 22 دەوڵەتیان هەبێت و کورد دەوڵەتێکی نەبێت؟ لە بنەڕەتەوە ئەوەی عەرەب بۆ ڕێگرییە لە یەکێتیی نێوانیان. ئێستا ئێران و رۆژئاوا لەوەدا هاوئامانجن، ئێران دەیەوێ پەرە بە تەشەیوع بدات، چاوی لەوەیە ناسنامەی عێراق بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی عەرەبی شیعی. رۆژئاواش زیاتر خوازیاری گەورەکردنەوەی درز و کەلێنی نێوان یەکێتیی عەرەبەکانن و لە هەمانکاتدا چاوی بڕیوەتە دروستکردنی لەمپەرێکیش لە نێوان تورکیا و وڵاتە سوننییەکان. بۆیە چاوپۆشییان لە ئێران کرد پەل بهاوێت بۆ عێراق و سووریا و لوبنان و بچێتە قووڵایی عەرەبەکانەوە.

ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا دەبێتە دەرفەت بۆ کورد، ئەوەیە کە مانەوەی کورد لە عێراقدا ڕێگرە لەبەردەم گەیشتنی ئێران بەو ئامانجە، بۆیە ئێران چاوی لەوەیە کورد عێراق جێبهێڵن، بەوەش لەلایەک عێراقێکی شیعی لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەش بە ئێران دەکەن و لەلایەکی تریشەوە لە سۆنگەی باوەڕبوون بە دروستبوونی یەک دەوڵەت بۆ کورد، دەستەبەری یەک پارچەیی وڵاتەکەی دەکات. بەڵام دەیەوێ دڵنیایی ئەوەشی بدەنێ کە نابن بە دراوسێیەکی خراپ. ئەوەی لە زاری عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە وروژێندرا کە دەمانەوێ لەگەڵ کوردستان ببینە دوو دراوسێی باش.

تورکیاش وەک وڵاتێکی بەهێز و خاوەن کاریگەریی لە ناوچەکەدا، ناکۆکی بۆ دروست نابێت لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان. چونکە لەلایەک لەمپەرێک دەکەوێتە نێوانی ئەو و سێ دەوڵەتی شیعییەوە، هەروەها بۆ ململانێکانی ئایندە پشتی یە ستراتیجی ئاو بەستووە، بەشێکی زۆری ئاوەکەی لە بەشە خاکەکەی کوردستاندایە. دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لەسەر حسابی پارچە پارچەبوونی عێراق و سووریا، یەکپارچەیی تورکیا دەستەبەر دەکات. لەلایەکی تریشەوە بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی چاوی لە وزەی کوردستانە. دەیەوێ بەرژەوەندییەکانی وزەی کوردستان بەخۆیەوە ببەستێتەوە، لە ئێستاشەوە جۆرێک پابەندێتی پێشوەختەی بۆ نەوت و غازی کوردستان بە تورکیاوە دروستکردووە.

تەنانەت ئەمە بۆ ئەورووپاش هەر راستە، یەکەم لەبەر بوونی سەرچاوەیەکی وزەی زۆر لەو جوگرافیایەی کوردستان و نزیکی لە ئەورووپاوە چاویان لەوەیە وەک سەرچاوەیەکی هەرزان بگاتە دەستیان. دووەمیش بەهۆی ئەوەی تورکیا وەک دەرگاوان لە سەدەی رابردوودا دەرگایەکی باش بوو بۆ ڕێگری لە پەڕینەوەی توندڕەوی ئیسلامی بۆ ئەورووپا. پێویستیان بە دەرگاوانی زیاتر و دەرگای قایمتر هەیە. کوردستان دەبێتە لەمپەرێکی بەهێز.

مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە دۆزینەوەی دەرفەتەکان هۆکاری گۆڕانکاریی گەورەیە. ئەتاتورک لەسەر پاشخانی دەوڵەتێکی رووخاو، بە قۆستنەوەی دەرفەتی خواست و پێویستی بلۆکی سەرمایەداری بۆ ڕێگری لە هەژموونی سۆڤیەت بۆ بەکاربردنی دەردەنیل و پەڕینەوە بۆ دەریای سپی، تورکیایەکی بەهێزی بنیاتنا. کۆماری ئیسلامیی ئێران و تاڵیبان بە قۆستنەوەی دەرفەتی خواستی رۆژئاوا بۆ دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم هاتنە سەر حوکم. ئێستا کوردستان بەو قۆناغەدا گوزەر دەکات، دەیان دەرفەتی نەبینراوی تر هەن یارمەتیدەرن لە پەڕینەوەی کورد بەرەو کەناری ئارامی. ئایا کورد بەدوای دۆزینەوەی دەرفەتەکانەوەیە یاخود بەهۆی خۆسەرقاڵکردنی بەخۆیەوە هەموویان لەدەست دەدات؟



زریان ڕۆژهەڵاتی

# "خاڵۆزا"کەی پەکەکە و شەڕی ڕەققە

ماراسۆنێکی نەفەسبڕ بۆ گرتنی ڕەققە دەستپێکردووە و ئەمریکا لە بەینی تورکیا و هێزەکانی سوریای دیموکراتدا ماوەتەوە. ئایا واشنتن ناچار دەبێت لە بەینی تورکیا و شەرڤانەکانی یەپەگەدا یەکیان هەڵبژێرێت یان ڕێگایەکی تر دەدۆزێتەوە؟ لەوانەیە دواتر ترەمپ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەمریکا بە ڕێگای سێیەمدا بچێ و هەوڵ بدات لە یەک کاتدا ئەو دووانە لە دەوری خۆی بهێڵێتەوە.

هەرچەندە تیمەکەی ترەمپ پلانی ئیدارەی پێشووی بۆ ڕزگاکردنی ڕەققە بە ناکامڵ وەسف کرد، بەڵام تا ئێستا بە کردەوە لەسەر ڕێچکەی هەمان سیاسەتی ئۆبامایانەی دژایەتیی داعش دەڕوات. لەگەڵ تورکیا لە دانوستاندندایە، بەڵام پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات درێژە پێداوە. هێزەکانی سوریای دیموکرات بە پاڵپشتیی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان بە لێوارەکانی فوراتدا بەرەو ڕەققە شۆڕ بوونەتەوە و ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی باکووری ڕەققە بەردەوامە.

تورکیا لە سەرەتاکاندا مەرجی وەدەرنانی یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکراتی بۆ بەشداربوونی خۆی لە شەڕی ڕەققە دانابوو. بەڵام ئیدارەی ئۆباما ئامادە نەبوو واز لە فاکتەری یەپەگە بهێنێت کە دەیڤید پترایۆس سەرۆکی پێشووی سی ئای ئەی لە کۆنفرانسی ئەمنیی میونیخدا بە "خاڵۆزا"کانی پەکەکە ناوی برد. پێناچێت ئیدارەی ترەمپیش بە ئاسانی چاوپۆشی لە کارتی کوردی بکات. چونکە:

1- بەبێ کارتی کوردی، لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ڕێککەوتنێکی سێقۆڵیی تاران- مۆسکۆ- ئەنقەرە، دیسان واشنتن دەور دەدرێتەوە.

2- بەرەنگاربوونەوەی داعش بە هێزێکی شەرکەری کوردی لە چاو سوپا و دەوڵەتێکی وەک تورکیا- سوپای سوریای ئازاد بۆ ئەمریکا لە ڕووی مادییەوە کەمخەرجترە و ئەرکی سیاسیی کەمتریشی لەسەر شان دەبێت.

3- جەنگاوەرە کوردەکان بە پێشمەرگە و شەرڤانەوە وەک هێزێکی کارای وشکانی شەڕی داعشیان کردووە و ئەمەش بۆ ئەمریکا جێی بایەخە.

تورکیا سەبارەت بە سوریا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە رووبکاتە گوتاری "هێز لە مەیدان و دانوستاندن لەسەر مێز "بەوەش دەستی بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فرات کرد. سەرەتا جەرابلووسی عەزازی گرت و دواجار بەرەو باب ڕۆیشت. بەمەش هەم ناوچەیەکی جێ نفوزی بۆ خۆی دەستبەرکرد، هەم ڕێی لە کۆریدۆری کوردی گرت. هاتنی ترەمپ بەرپرسانی ئەنکەرەی هاندا تا بەوەوە نەوەستن و باس لە ڕۆیشتن بەرەو ڕەققە بکەن. بۆیە دەیانەوێت بە پاڵپشتی ئەمریکا- سعودیە کۆریدۆرێکی گەیشتن بە پایتەختەکەی داعش بکەنەوە.

سوپای تورکیا سێ ڕێگای بۆ گەیشتن بە ڕەققە هەیە: ڕێگای یەکەم ئەوەیە کە لە بابەوە بەرەو مەسکەنە بچێت و دواتر بۆ ڕەققە بپەڕێتەوە. ئەم بژارەیە بە هاتنی سوپای سوریا هەتا دەروازەکانی باب تەقریبەن نامومکین بووە و هەرجۆرە پێشڕەوییەکی سوپای تورکیا و ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەری پێکدادانیان لەگەڵ سوریا- میلیشیا شیعییەکان و تەنانەت ڕوسیاش زیاتر دەکات. جگە لەوە، پێویستی بە نەبەردێکی سەخت و خەرجێکی زۆر هەیە.

دوو ڕێگاکەی تر ڕێگای مونبج و ڕێگای گرێ سپین. لە بژارەی مونبجدا تورکیا پێویستی بە ڕەزامەندیی ئەمریکا هەیە، چونکە هێزەکانی سوریای دیموکرات لەوێن. ئەگەر ئەمریکا ئەمە قبوڵ بکات، ئەوسا واشنتن یان دەبێ تورکیا و پەیەدە لێک نزیک بکاتەوە، یان دەبێ پشتی یەکێکیان بەربدات. بە هەمانشێوە، ڕێگای ئاکچەقەلە- (گرێ سپی)ش کە واتای لێکدابڕانی هەردوو کانتۆنی کۆبانی و جزیرە لە یەکتر دەدات، ئەو دوو ئەگەرەی لە هەناودایە.

پێناچێ ئەمریکا ڕێگە بە دەرکەوتنی شەڕێکی گەورە لە بەینی تورکیا- هێزەکانی سوریای دیموکرات بدات. لەوانەیە تورکیاش بە شێوەیەکی ناتەبا لەگەڵ گوتارە ڕەسمییەکەیدا ئەمەی نەوێت، چونکە وەدەرنانی هێزەکانی سوریای دیموکرات وادەکات بەرەی ئێران- سوریا زیاتر باوەشیان بۆ بکاتەوە و بەمەش تەگەرە بۆ پرۆژەی ئەمریکی و تورکی دروست دەبێت. بۆیە لەوانەیە ئەمریکا هەوڵی ئاشتکردنەوەی پەیەدە- پەکەکە و تورکیا و دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی دیکەی دانوستاندن بدات. ئەمە ئێستا کە تورکیا بەرەو ریفراندۆم دەچێت ئاسان نییە، بەڵام دوای ریفراندۆم مومکینە. لە بیرمان نەچێت کە پێشتر وەزارەتی دەرەوەی تورکیا چەندین جار لەگەڵ ساڵح موسلیم دانوستاندنی کردووە و تەنانەت سوپای تورکیا لەگەڵ یان بە ئاگاداریی یەپەگە ئۆپەراسیۆنی گواستنەوەی مەزارگەی شا — سلێمانی لە نێو خاکی سوریا ئەنجامداوە و دەیان برینداری یەپەگە لە تورکیا برینپێچ کراون. لەوانەیە ڕوسیاش دژی ئەمە دەرنەکەوێت، بەڵام ئەم سیناریۆیە لای ئێران و سوریا باش نابێت.

لەوانەیە چەند ڕۆژێکی تر بژارەکانی ئەمریکا سەبارەت بە شەڕی ڕەققە ڕوونتر دەرکەون. بەڵام ئەوەی ئێستا دیارە، ئەوەیە کە ئەگەر ئەمریکا، ترەمپ گوتەنی، بە پارەی خەلیج بە دوای دروستکردنی ناوچەی ئارامەوە بێت و بیەوێت لەگەڵ تورکیا شەڕی داعش بکات، ئەوسا دەبێ چارەیەک بۆ کێشەی خاڵۆزاکانی پەکەکە و تورکیا بدۆزێتەوە.

ڕێگای مونبج بۆ بەشداریکردنی تورکیا و هاوپەیمانەکانی گونجاوترینە. بژارەکانی بەردەستی تورکیا و هێزەکانی سوریای دیموکراتیش زۆر نین. هەم تورکیا ناتوانێت بە ئاسانی کانتۆنەکان لەناوبەرێت، هەم پەیەدە ناتوانێت لانیکەم لەم قۆناغەدا کانتۆنەکان بە یەک بگەیەنێت.

ئەگەر ئەمریکا بیەوێت هەم لەگەڵ تورکیا و هەم لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکراتدا بەرەو ڕەققە بچێت و نەتوانێت هەردوولا لێک نزیک بکاتەوە، ئەوسا دەبێ هێزێکی دیکە لە بەینی ئەم دووانەدا هەبێت تا بەریککەوتن ڕوونەدات. ئەمەش سەرنج بۆ هێزەکانی پیشمەرگەی ڕۆژئاوای کوردستان رادەکێشێت. هەڵبەت بەینی پەکەکە و پارتی و پەیەدە و ئەنەکەسە باش نییە، بەڵام ئەگەر ئەمە خواستی واشنتن بێت بە ئاسانی سەردەگرێت.



عەدنان سەید حوسێن

# کورد لە ئەجێندای موقتەدا سەدردا

سێ جەمسەرە بەهێزەکەی نێو ماڵی شیعە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی داعش لە عێراق کەوتونەتەخۆ، نووری مالیکی و عەممار ئەلحەکیم و موقتەدا سەدر، یەکەمیان لە کۆکردنەوەی پشتگیریی نێوخۆییدایە بۆ پێکهێنانی زۆرینەیەکی پەرلەمانی، ئەوەی دووەمیش بۆ دەرخستنی تواناکانی لە پێکەوەگرێدانی شیعە و سوننە و کوردی عێراق، تەبەننای پرۆژەیەکی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی، بۆ سەرخستنی پرۆژەکەشی لەگەڵ بەرپرسانی تاران و شاعەبدوڵای ئوردن و بەرپرسانی کوردیشدا کۆبووەوە.

هەرچی سەید موقتەدایە بە پرۆژەیەکی ٢٩ خاڵییەوە هاتۆتەپێش، کە یەکەمجارە بەوشێوەیە سیاسییەکی عێراقی دەست بخاتە سەر زیاتر لە خاڵێکی هەستیار، کە ڕەتکردنەوەی بوونی ئێرانی لە عێراق و نەرمە لێدانێکی حەشدی شەعبی دیارترین تەوەری پرۆژەکەین.

لە خاڵی دەیەمی پرۆژەکەیدا هاتووە "دەبێ حکومەتی عێراق داوابکات لە هەموو هێزە داگیرکەرەکان و هاوڕێیەکان خاکی وڵات بەجێبهێڵن بۆ پاراستنی هەیبەتی وڵات"، ئەوەش خاڵێکە وایکرد دەستبەجێ ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی هاوپەیمانیی موتەحیدون و هاوپەیمانیی هێزە نیشتمانییەکانی سوننە بەرەوپیری بچن، خەمیس خەنجەری سەرۆکی پرۆژەی عەرەبیش بە مێژوویی وەسفی بکات.

پرۆژەکەی موقتەدا سەدر بەڕوونی پرۆژەکەی عەممار ئەلحەکیم دەکاتە ئامانج و هەوڵێکی روونیشە بۆ لاوازکردنی نووری مالیکی، لەکاتێکدا مالیکی هەوڵی ڕۆیشتن بۆ زۆرینەی هەڵبژاردن دەدات، سەدر دەگەڕێتەوە بۆ تەواوی پێکهاتەکان، بە کەمایەتییەکانیشەوە. هاوکات سەدر وای پیشاندەدات کە لەم پرۆژەیەیدا پشتیوانیی تەواوی مەرجەعیەتی بەدەستهێناوە، هەرچەندە مەرجەعیەت دەمێکە بایکۆتی سیاسییە شیعییەکانی کردووە.

پرۆژە ٢٩ خاڵییەکەی موقتەدا سەدر خاڵگەلێکی بەخۆوە بینیوە کە ڕوونترن لە پرۆژەکەی حەکیم و چارەسەری بۆ پرسەکان خستۆتەڕوو، بەئاشکراش قسەی دڵی دەکات لەبارەی داهاتووەوە، ئەگەر بەدڵی کوردیش نەبێت. ئەو جیاواز لە حەکیم و عەبادی نایشارێتەوە و لە خاڵی پێنجەمدا دەڵێت: دەبێ سوپا و هێزە عێراقییەکان ئەمنییەتی ناوچە جێناکۆکان لەئەستۆ بگرن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ کورد، خاڵی شەشەمیەتی "پێویستە کەناڵی گفتوگۆی جدی و کارا لەگەڵ لایەنەکان لە کوردستان بکرێتەوە بۆئەوەی بگەنە چارەسەرێک سوود بە واقیعی عێراق و گەلەکەی بگەیەنێت و لارییەکیش نییە لەوەی بە سەرپەرشتییەکی نێودەوڵەتی بێت".

ئەمە یەکەمجارە بەم روونیە دەسەڵاتدارێکی بەغدا کورت و کرمانجی بڵێت چیتان دەوێت داوایبکەن و نەتەوە یەکگرتوەکانیش با لایەنی سێیەم بن لە گفتوگۆکان.

کورد چەندە لەسەر ئەم خاڵە بوەستێ قازانجییەتی، لەکاتێکدا پرۆژەکەی حەکیم داوایە بۆ پابەندبوون بە یەکپارچەیی خاکی عێراق پرۆژەی سەدر دەروازەیەکە بۆ جیابوونەوەیەکی ئارەزومەندانە کە جێی ڕەزامەندیی بەغدا و هەولێر بێت.

یەکێک لە هاوەڵە نزیکەکانی موقتەدا پێیگوتم پرۆژەکە جددیە و قۆناغی دوای داعش وەکو پێش داعش نابێت، ئەگەر جیهان و ناوچەکە لە گۆڕانێکی خێرادایە، بوونی عادل جوبێر لە بەغدا گەواهیدەری گۆڕانی خێرای نەخشەکەیە لە ناوچەکە.

سەدر کە داوای دەرکردنی هێزە یار و نەیارەکانیشی کردووە، زیاتر باس لە هاتنی لایەنی نێودەوڵەتی ڕەسمی دەکات. چی لە خاڵی تایبەت بە پێکهێنانی سندووقی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی شەڕ بێت یان لە خاڵی پێکهێنانی تۆڕێکی نێودەوڵەتی گرنگی بدات بە مافەکانی مرۆڤ و کەمینەکان و چاودێری دەستدرێژییە مەزهەبی و ئەتنییەکان و داواش دەکات ئەنجومەنێکی باڵا بۆ کاروباری کەمینەکان لەعێراق پێکبهێنرێت.

دەستپێشخەرییەکەی سەدر دابەشبوونی قووڵی نێو ماڵی شیعە دەردەخات، کە ڕەنگدانەوەی مەترسییانە لە قۆناغی دوای داعش، لە عێراقێکدا قۆناغی دوای داعشی بەدڵنیاییەوە قورستر دەبێت لە سەردەمی داعش .



بەرزان عەلی حەمە

# خەلافەتەکەی ئاشتی هەورامی

لە دونیادا وڵات یان کشتوکاڵییە یان پیشەسازی، ئێمە هیچیان نین، وڵات هەیە مانگی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت دەکڕێت. ژیانی لە ئێمە خۆشترە، کە مانگی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت ئەفرۆشین!

تەلی مەزرەعەی مەسئوولەکان لێبکەرەوە و قوتووی بیرە و شووشەی ویسکی و شەمپانیاکانیان کۆبکەرەوە و وەک جاران (سەدەی ئاودیوە مەزنەکە!) بە ئێرانی بفرۆشە، مووچەی مامۆستایانی پێ دابین دەکرێت!

لێرە حیزب ئەوەندەی هەلی شەڕ بۆ مرۆڤەکان دەڕەخسێنێت، هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێت، کێشەکانمان کەمدەبنەوە. لێرە (دزی و فاوڵە ئابوورییەکانی لێ دەرکە)، هیچ کارێک نییە کە مرۆڤەکان بکاتە سەرمایەدار. تەنیا بایی ئەوەندە کار هەیە کە مرۆڤەکان بتوانن نان بکڕن و کرێ موەلیدە بدەن و چەند شتێکی دیکەی ڕۆژانەیان دابین بکەن!

ئێمە هەموو کارەساتەکانمان لە یەک دەچێت، نەهامەتی و برسێتیمان وەکو یەکە، مەسەلەن هەروەکو یەک ڕقمان لە شتەکانە و وەکو یەک پارەمان پێویستە و وەکو یەک کارەبا و مووچەمان نییە، بەڵام هێشتا زمانی هاوبەشمان لەنێوانماندا نەدۆزیوەتەوە.

ئێمە چواردەورمان هەمووی شەڕە، لەنێوخۆشماندا ئامادەکاریی باشمان هەیە بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکدی. پێش چاخی فەیسبووک، تەنیا سیاسی و چەکدارەکانمان شەڕیان دەنایەوە و هەموومانی تێوە دەگلاین، بەڵام لە چاخی فەیسبووکدا، هەموومان پارچەیەکین لە دەماری تووڕە و ئاگرپارە. هەریەکەمان دەتوانین شەڕی وەها زەبەلاح دروست بکەین کە بە قەولی فایەق بێکەس: قەت گڕ و کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە!

لە کوردستان بۆئەوەی پارتی بیت، لانیکەم دەبێت تۆ دژی شەشسەد حەوتسەد هەزارکەس بیت کە پارتی نین، بۆئەوەی یەکێتی بیت، لانیکەم دەبێت دژی یەک ملیۆن کەسی دیکە بیت کە یەکێتی نین، ئەوە گۆڕان لەولاوە بوەستێت، تۆ تا زۆرتر ڕقت لە حیزبەکانی دیکە بێت، ئەوە باشتر گۆڕان بوونی خۆتت سەلماندووە، حیزب لە کوردستان مەکینەی دروستکردنی مرۆڤی دووبارە و تەقلیدی و ڕقاوی و بوغزاوی و جنێوفرۆشە...

هەتا ئێستاش ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە کە یەکێتی و پارتی شەڕ نەکەن، هەتا ئێستاش تۆقیوین لەوەی کە یەکەی حەفتا و هەشتا پێکدا هەڵنەشاخێن، تۆ سەیرکە، بە ئەگەری هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی ینک و پدک زاڵەترەک بووین، کەچی هەر خۆمان هانی یەکێتی دەدەین فڵانە ڕەفتار لەپارتی قەبووڵ نەکات، کنەی گۆڕان دەدەین کە فڵانە بڕیاری یەکێتی ئیدانە بکات، دەچینە بنکڵێشەی پارتییەوە تا فیسارە سیاسەتی گۆڕان تەحجیم بکات و هتد...

جا خۆمان چونکە ئەساسەن ئاژاوەمان زۆرە، جار جار پەرلەمانتار بۆمان دەگێڕێت و جار جاریش نوسەر و ڕۆژنامەڤان.

ئێوە دەبێت ئەوە بزانن کە نیزام، لەخراپترین جۆریدا، هەر بۆ کۆمەڵە کەسێک باشە، پارتی بە هەموو خراپییەکانییەوە بۆ پارتییەک و یەکێتی بە هەموو خراپییەکانییەوە بۆ یەکێتییەک باشە، بەڵام حیزبی باش ئەوەیە کە بۆ هەموو کەس باش بێت!!

داعش هەموو دونیای سوتاند و لەسەر داروپەردووی وێرانەکان دەینوسی: دەولە ئیسلام باقییە، خەلافەتەکەی کاک ئاشتیش هەموومانی تێکدا، گەنجێکی زۆری ئاوارە و پەڕاگەندە کرد، مامۆستای بێ مووچە کرد، هەموو شکۆی دەوڵەت و ئیدارە و حوکمڕانی باشووری کوردستانی لەپێش چاوی هەمووماندا شکاند، تەنانەت نەوتی زستانیشی بۆ دابین نەکردین و جگە لەبێ مووچەیی، سەرماشمان بوو، کەچی هێشتا خەلافەتەکەی باقییە باذن لله!

ئەوجا... بەدرێژایی مێژوو، هیچ حوکمڕانێک، هیچ پادشایەک، هیچ ئەمارەت و هیچ خەلافەتێک بە جنێو نەڕووخاوە، تکایە ئەلتەرناتیڤێکی تر بدۆزنەوە!



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی چی بۆ یەکێتی بکات؟

1

له ده ساڵی رابردوودا، که نەغمەی جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کە دواتر ناوی بووە بزووتنەوەی گۆڕان) لەنێو یەکێتیدا بەئاشکرا دەبیسترا و ماڵە گەورەکەی مام جەلال، کۆڵەگەکانی لە ساپیتە ترازابوون، پارتی شێلگیرانە پاڵپشتیی لە مانەوەی یەکێتی کرد. جیاوازیی هەرە گەورەی مامەڵەی گۆڕان و پارتی لەگەڵ یەکێتیدا ئەوەیە کە پارتی تموحی دەستبەسەرداگرتنی یەکێتیی نییە، بگرە وەک شەریکێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و هەرچی گۆڕانیشە خەون بەوەوە دەبینێ کە هەموو یەکێتی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. لەو رۆژەوەی کە باڵی ماڵباتی یەکێتی دەستیان بەسەر دراو و دەسەڵاتی یەکێتیدا گرتووە، پارتی بە پشتگیریکردن لەو باڵە (بە ناهەق) دڵی دۆستەکانی خۆی لەنێو یەکێتیدا زۆر رەنجاندووە. ئەو دۆستانەی کە لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا هەمیشە پاڵپشتیی پارتییان کردووە، بەڵام پارتی ئەگەر لە خەمی یەکڕیزی و لانیکەم نەکەوتنی دۆستەکانیدایە لەنێو یەکێتیدا، هەندێک هەنگاو هەیە دەبێ ژیرانە بیاننێت.

نەخشەرێگەکەی یەکێتی (ئەوەی تاوەکو ئێستا لە میدیادا بڵاوبووەتەوە) کە (نەخشەیە) و (رێگای) تێیدا دیارینەکراوە، رووی لە پارتییە کە بە روانگەی خۆی بە حوکمڕانیی کوردستاندا بچێتەوە. دۆستەکانی پارتی لەنێو یەکێتیدا ئەو خاڵەیان بەرەوڕوو دەکرێتەوە کە هەر هەنگاوێک بۆ نزیکبوونەوە لە پارتی و بەلاداخستنی قەیرانەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە یەکێتی لە بەرامبەر گۆڕاندا لاوازتر بێت. لەگەڵ ئەو هەوڵانەشدا کە لەنێو یەکێتیدا هەیە، پارتی کارتی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی خستۆتە سەر مێز، کە راستە رەنگبێ پارتی تێیدا سوودمەند بێت، بەڵام چارەسەر نییە. کارتی هەڵبژاردن، یەکێتی دەخاتە نێوان بەرداشی گۆڕان و پارتی و وادەکات یەکێتی نەتوانێ خۆی یەکلابکاتەوە. بەکورتی ئەگەر پارتی دەیەوێ یەکێتی بۆ لای خۆی رابکێشێت (یان رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبێت)، دەبێ واز لەو کارتە بێنێت و کارێک بکات کە هەر نەبێ تا دوو ساڵی دیکە هەڵبژاردن لە کوردستان نەکرێت. ئەوە وادەکات حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر گوشاری دەروونیی هەڵبژاردن نەمێنن و بتوانن بڕیارێک بدەن کە حیساب و کتاب بۆ سندووقی دەنگدان نەکەن. ئەوەش بە هیچ شێوەیەک دژی دیموکراسی نییە، چونکە هیچ جیاوازییەک لەنێوان پێشخستن و پاشخستنی هەڵبژاردن نییە و هەردووکی بۆ یەک مەرامە.

## هاوسەنگی یان بێ سەنگی؟

2

نەخشە بێ رێگایەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەبوایە هەر دەمودەست لە لایەن ئەنجومەنی ناوەندی ئەو حزبەوە رەزامەندیی لەسەر نیشان درابایە؛ چونکە دڵی هەموو لایەکی تێدا راگیراوە. نە بەلای گۆڕاندایە، نەبەلای پارتی، نە بەلای سەربەخۆییدایە و نە بەلای مانەوە لە گەڵ بەغدا، نە بەلای وەرگرتنی بەرپرسیارەیەتییدایە لە حکومەت و نە هەڵگرتنی ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن و... زۆر شتی دیکەش. بەڵام پێدەچێ ئەوەی درزی پێکراوە بۆ مێدیا بۆ ئەوە بێت کە بزانن کاردانەوەی لایەنەکان لەسەری چی دەبێت.

پارتی چاوەڕێی رۆڵی نێوەندگیری لە نێوان و خۆی و گۆڕان ناکات، چونکە ئەگەر پارتی بیەوێت جارێکی دیکە لەگەڵ گۆڕاندا بچێتەوە ناو بازنەی دانوستانەوە پێویستیی بە یەکێتی و هیچ حیزبێکی دیکە نییە، بەڵام بۆ یەکێتی ئەوە ناخۆشە کە بیەوێ ئەو رۆڵە ببینێ و کەسیش حیسابی بۆ نەکات! رۆڵی یەکێتی ئەوەیە کە ئەمڕۆ وەکو هێزێکی سیاسی کە مانەوەکەی بەندە بە مانەوە لە حوکمڕانیدا و وەک گۆڕان حزبی هەڵبژاردن نییە، رۆڵی خۆی لە بەلاداخستنی قەیرانەکاندا ببینێت. یەکێتی دەبێ ئەوە قەبوڵ بکات کە ناتوانێ بڕیار بدات، حزبێک هەر دامەزراوەی دیکە کە کێشەی بڕیاردانیان تێدا دروست دەبێ، ئۆتۆماتیکییەن دامەزراوە ناوخۆییەکانی هەرەس دێنن، کە دامەزراوەکان هەرەسیان هێنا، مانای ئەوەیە کە حزبەکە شەرعییەتی ناوخۆیی لەدەست داوە، کە حزبێکیش شەرعییەتی ناوخۆیی لەدەست دا، واتا شەرعییەتی دەرەکیشی لەدەست داوە. ئینجا رێک لەوێوەیە کە بوار بۆ دەستێوەردانی دەرەکی لە کێشە نێوخۆییەکان دەبێتەوە. بۆیە ئەگەر یەکێتی توانی بڕیاری نەبێت، لە هێزێک کە دەرفەتی درووستکردنی هاوسەنگیی هەیە، دەبێتە هێزێکی بێ سەنگ و هەمووان تووشی نائومێدی دەکات. دەشێ یەکێتی ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی گۆڕان و پارتی بەچۆکدا بێنێت، بەڵام کە ئەوە نەکات و لاقێکی لە دەسەڵات و یەکێکی دیکەشی لە سلێمانی بێت، ئەوا لە رانیە دەڵێن:"لەبەریەک هەڵدەقڵیشێت".

## تۆبەی گورگ مەرگە

3

لە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆییدا، پرۆژەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی سەرباری ئەوەی کە باس لەوە دەکات کە حکومەتی بەغدا ماوەی 9 ساڵە دەستوور پێشێل دەکات! داوای دەرفەتێکی دیکە دەکات بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140! ئەوە ئەگەر گاڵتەکردن نەبێ بە خوێنی شەهیدان هیچی دیکە نییە، چونکە هەموو ئەو شوێنانەی 90 ساڵە کورد خوێنیان بۆ دەڕێژێت و دواتریە دەستوور کرانە ناوچەی 140، ئێستا بە خوێنی پێشمەرگە گەڕاونەتەوە سەر کوردستان. کورد ئەگەر بۆ دەستخستن و رزگارکردنی خاکی نیشتمانی خۆی پرسی بە ئەم و ئەو کردبایە، ئێستا بستێکیش لەو خاکەمان نەدەبوو، بۆیە مەرجدارکردنی سنوورەکانی کوردستان کە بە شەرعییەتی خوێنی هەزاران پێشمەرگە نەخشێندراون، پێویستییان نە بە ماددەی دەستووری هەیە و نە بە رەزامەندیی ئەو لا و ئەملا. ئەوە دەبێ وەکو فاکتێک بێ و وەکو مافێکی خوراوی سەدان ساڵە بێت کە ئەمڕۆ بەدەست هاتۆتەوە.



کاوە ئەمین

# شیفا.. لە زێوەوە بۆ مووسڵ

ئۆردوگای زێوە مێژوویەکی تایبەتی هەیە. رژێمی بەعس گەلێکجار بۆردومانی کردووە. دەیانکەس لە خەڵکی بێتاوانی شەهیدکرد. ئیدی زێوە بووە بەشێک لە نەهامەتییەکانی کورد. بەڵام بە دیوەکەی دیکەدا، ژیان بەردەوام بوو. دەیان منداڵی کورد لەژێر بۆردوومانی فرۆکەکانی بەعسدا لەدایک بوون. ئەوان بێبەش بوون لە لەیستۆک و گەمەی منداڵان، بەڵام لەکۆتاییدا دەیان پێشمەرگە و فەرماندە و خەڵکی دیاریان لێ پەیدابوو. وەک دەڵێن لەژێر هەر بنچکێکی "قژ خۆڵاوی"دا نێرگس و گوڵاڵە و ئاڵەکۆک سەریان دەرهێنا. یەکێک لەوانە شیفا بوو، شیفا گەردی.

باسکردنی کەسێکی وەکو شیفا، نەک بۆ پیاهەڵدان و لەدوای مردن، شین و شەپۆڕکردن نییە. بەڵکو ئەو کە لە ژیاندابوو، لە هەڕەتی هێز و توانا و لاوێتیی خۆیدا بوو. خۆی جێگەی خۆی لە دڵی خەڵکدا کردبووەوە. ئەگەرچی تەنیا پێشمەرگەبوونی باوکی و سەرکردایەتی چەندین چالاکی و نەبەردی لەدژی دوژمنان، لە ئاوارەیی لەدایکبوون بەسن بۆئەوەی هەتاهەتایە لەنێو نەتەوەکەیاندا سەربڵند بن.

چەندجارێک لەلای هەڤاڵانم باسی ئەوەم دەکرد کە دەبێت ئەم شەڕە دەسکەنەی ژیانی چەند کەس بکات، کام هاوڕێمان بەرەو دوا مەنزڵگە بەرێت. من چەندین فەرماندەی پێشمەرگە کە هاوڕێم بوون لەو شەڕەدا شەهیدبوون. ئازاری لەدەستدانی ئەو هەڤاڵانە برینێکە ساڕێژ نابێت، ئێستا وا برینی شیفا گەردیشی هاتەسەر. لە چاوترووکانێکدا هەواڵی شەهیدبوونی شیفا هەموو دنیای تەنی. لە رۆژنامەیەکی سویدیدا نووسرابوو "رۆژنامەنووسی دیاری جەنگ، شیفا گەردی، لە تەقینەوەیەکدا کوژرا". بەڵێ بەڕاستی، شیفا بەناوبانگ بوو. ئەو پیاوە جامانەبەسەرەی کە ئێستاش نەمزانی ناوی چییە، لەبەردەمی نووسینگەی رووداو لە سلێمانی وێنەکەی گرتبوو بەدەستییەوە و رۆندک لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە، نیشانەی ئەوەیە کە شیفا هێندەی شاخەکانی کوردستان "شەرەف و گەورەیی" لێ دەبارێ.

شیفا زۆر چیرۆکی جەنگی بۆ گێڕاینەوە. دەنگی تەقینەوە و ئاوارەکانی بەگوێماندا دا. چیرۆکی کەروێشکە بریندارەکەی بۆ گێڕاینەوە. چیرۆکەکانی مووسڵ کە ئەو بە کوردستانی دەزانی و هەروایشە، بەداخەوە، فریانەکەوت چیرۆکەکانی ژیانی خۆی، چیرۆکەکانی زێوەمان بۆ تەواو بکات. ئای ئەو گەنجە هەڵەبجەییە چەند جوان لە شیوەنەکەیدا بۆ شیفادا دەڵێت "ئەو هەموو هەواڵەی بەخۆڕایی پێداین و بەڵام بە گران لێی سەندینەوە".

بەڵێ، ئیدی ئێمە لە رووداو چیدیکە چاوەڕێی مەسجەکانی شیفا ناکەین. لە دوانامەیدا بۆی نووسیوم "مامۆستا، من لە کۆبوونەوەم، چی بووە؟"، هەر خۆی بە پێکەنین وەڵامی خۆی داوەتەوە، منیش بە حەنەکەوە بۆم نووسیبوو "مەپرسە، بەزمە بەزم".

شیفا دوا ماڵئاوایی کرد. چیرۆکەکانی بە تەواونەکراوی بەجێهێشت. بنوو هەڤاڵ. ئارام لە باوەشی نیشتماندا بنوو. دڵنیابە چیرۆکەکانت تەواو دەکەین و پەیامەکەت دەگەیەنینە ئەو جێگەیەی مەبەستت بوو. ئەو جێگەیەی زۆر کەس نازانن کوێیە، بەڵام ئێمە دەیزانین.



هێمن لهۆنی

# رووداوی دوای شیفا

تۆڕی میدیایی رووداو لەدوای لەدەستدانی شیفا گەردی، یەکێک لە بێژەرە ناسراو و خۆشەویستەکانی دەچێتە قۆناخێکی نوێوە، قۆناخێک کە لەدەستدانی ئەو خۆشەویستە چەندە خەمباری کردین، ئەوەندەش ئەرکی قورستر کردووین، شەهیدبوونی ئەو جارێکی دیکە بیری خستینەوە کە رووداو چییە و دەبێ چۆن بێت.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی شەهیدبوونی شیفا گەردی لە مووسڵ، لە رۆژی شەممە 25ی شوباتی 2017، یەکسەر چووین بەرەو ئەو شارە بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی. لە رێگا بووین هێشتا نەگەشتبووینەوە لای تیمەکەمان، کاردانەوەکان چاوەڕوانی ئێمەی نەکرد و سەرتاپای سۆشیاڵ میدیا بووە باسی شەهیدبوونی شیفا و برینداربوونی کامێرامانی بوێر یونس مستەفا.

بەدرێژایی شەوی رووداوەکە، هاوخەمی خەڵک و بەرپرس و لایەنەکان ئەوەندە زۆربوو فریا نەدەکەوتین بیکەینە هەواڵ. هەموو رەنگەکان لە هەر چوارپارچەی کوردستان بۆ شیفا رەشبوون.

هەواداران و بەرپرسانی پارتی، یەکێتی، گۆڕان، پەکەکە، ئیسلامییەکان، چەپەکان و بێلایەنەکان هەمووی هاوخەمبوون. هەموو ئەو لایەنانە سەرەڕای جیاوازییە قووڵەکانیان بۆ شەوێکیش بێت، شیفای رووداو یەکیخستن و پێکەوە لە دەوری گیانی خۆی بە گوتنەوەی یەک پەیامی هاوخەمی کۆی کردنەوە.

پەیامەکان لە یەککاتدا لە هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان، مەهاباد، هەولێر، بادینان، قامیشلۆ، ئامەد و کوردانی تاراوگەوە دەهاتن.

جگە لەوە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکانیش هەر لە نێردەی کۆشکی سپییەوە بگرە بۆ شەڕی داعش تاوەکو دەگاتە کۆنسوڵخانەی وڵاتە گەورەکانی جیهان و میدیا بڕیارسازەکانی جیهان، هەموویان نەیانتوانی ئەو رۆژە بەبێ باسکردنی شەهیدکردنی کچە ئازا رۆژنامەنووسەکەی رووداو و کوردستان، شیفا گەردی، تێبپەڕێنن.

لەلایەک فرمێسک و ئازار، لەلایەک بیرکردنەوە، ئەم هاوخەمییە سەرتاسەرییە گەورەیە چییە بۆ بێژەرێکی رووداو؟ چی وادەکات کە ئەم هەموو دەنگە جیاوازە ئەو شەوە بە یەک ئاواز بۆ کارمەندێکی رووداو و میدیای کوردی بلاوێنەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بەقەد ئازارەکە سەخت نین. وەڵامەکان ئەوەیە کە کاردانەوەکان بۆ شەهیدبوونی شیفا پێیگوتینەوە رێگاکەی رووداو کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوویدا گرتوویەتییەبەر رێگایەکی دروستە و بە هەبوونی کەموکوڕییشەوە دەنگی هەمووان بووە و توانیویەتی ببێتە سەرچاوەی ژمارە یەکی هاونیشتیمانیان.

لە دوای شیفا جارێکی دیکە بینەر و بیسەرانی رووداو بۆیان سەلماندینەوە کە چەندە سوپاسگوزار و بەوەفان بەرامبەر بچوکترین ماندووبوون لەلایەن شیفا و هاوەڵەکانی لەماوەی رابردوودا لەکاتی گواستنەوەی رووداوەکان، کردوویانە. ئەوان دڵسۆزیی خۆیان دووپاتکردووەوە و ئەرکی ئێمەیە بە باشتربوونمان وەڵامیان بدەینەوە.

وانەی کاردانەوەکانیش بۆ رووداو ئەوەیە کە قۆناخی دوای شیفا گەردی قۆناخێکی نوێی بە ئازارە. بە ئازارە، چونکە لە لایەک کەسێکی ئاکتیڤی دڵسۆز ئیدی رۆژانە لە راپەڕاندنی ئەرکەکانمان نابینین، لە لایەکی دیکەشەوە بە ئازارە، چونکە شیفا دوای خۆی ئەرکی سەرشانی ئێمەی ئێجگار قورستر کردووە.

رووداوی دوای شیفا دەبێ زیاتر پیشەیی بێ، دەبێ زیاتر دەنگی هەموو لایەنەکان بێت، دەبێ لە خۆمان بپرسین لە کوێدا کەموکوڕ بووین، لە کوێدا هەڵەمان کردووە، لە کوێدا دەمانتوانی باشتر بین و لە ئاستی زیاتری چاوەڕوانییەکانی بیسەر و بینەر و خوێنەرەکانمان بین.

تەنیا وەڵامەکان بۆ ئەم پرسیارانە دەتوانن بە قەد گەورەیی ئەو هاوسۆزییە بن کە بۆ شیفا گەردی لە هەموو لایەک و شوێنێکەوە دەربڕان.

شیفا ئێمەی بەجێهێشت، ئەوەشی دەبێ ئێمە بۆ شیفا و هاوسۆزانی رووداو بیکەین لە قۆناخی دوای شیفادا بریتییە لە بەردەوامی لەسەر رێگا سەختەکەمان و بەرەوپێشردن و نەهێشتنی کەموکوڕییەکانمان.

شیفا گەردی رۆحت شاد و لە بیرتناکەین. گەردنیشت ئازاد بێ، چونکە بەڕاستی ئەرکی رووداوت قورستر کرد.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شیفا لەژێر ئاڵا

لەنێو ئەو تەپوتۆزەدا کە ئۆتۆمبێلەکەمان دروستیکردبوو، ئاڵای کوردستان لە دوایین خاڵی سنووری باشووری کوردستان، لە ئاوێنەکەوە بەزەحمەت دەبیندرا. زۆر جاری دیکە لە گەرمەی شەڕی داعشدا لەگەڵ هیڤیدار ئەحمەدی هاوکارم چووینەتە زۆنە جەنگییەکان، بەڵام ئەمجارەیان بۆ رووماڵ و بەرنامە نا، بەڵکو بۆ پێشوازی لە تەرمی "شیفا" شکۆدارەکەمان بەرێگەوە بووین.

بەرلەوەی بگەینە کۆڵانە چۆڵ و کلێسا رووخاو و خانووە وێران و دووکەڵاوییەکانی حەمدانییە، هیڤیدار شوێنی ئەو تەنکەرەی پیشاندام کە بە خۆی و ئەحمەدی وێنەگریدا تەقییەوە. ئەو رۆژەی ئەو باسیدەکرد، لە ئۆفیسی سەرەکیی رووداو، لەسەر مێزی کارەکەم دانیشتبووم و راستەوخۆ دیمەنی تەقینەوەی تەنکەرەکەم تەماشادەکرد. لەبیرمە تەنیا دیمەنی دووکەڵمان هەبوو و ناڵەی هیڤیدارمان دەبیست کە دەیەویست بزانێ کامێرامانەکەی زیندووە یان شەهیدبووە. دیمەنەکان هەر لەسەر شاشە بوون و دەستمان لەسەر دڵمان بوو بۆ زانینی هەواڵی تەندروستیی تیمەکەی رووداو. بێدەنگییەکی سامناک، وەک جارەکانی دیکە، باڵی بەسەر نیوزرووومی رووداودا کێشابوو. لەپڕ هەواڵ هات کە هیڤیدار و کامێرامانەکەی سەلامەتن. دیسان بە بزەیەکەوە هەمووان دەستبەکاربوونەوە و خەریکی ئامادەکاری بوون بۆ رووماڵێکی جوانتر.

لەوەتەی رووداو دامەزراوە، هەم من و هەم بەڕێوەبەرانی دیکەی رووداویش، دڵەخورپەیەکی دووبارە و رۆژانەمان هەیە. رۆژێک بۆ هاوکارە بەدیلگیراوەکانمان بەدەستی داعش، رۆژێک بۆ پەیامنێرە بەجێماو و گەمارۆدراوەکەمان لەسەر چیای شنگال، رۆژێکی دیکە بۆ تیمەکانمان لەوسەری گەرمەسێری خاکی باشووری کوردستانەوە تاوەکو دەگاتە ئەوسەری باکوور و رۆژئاوای کوردستان. دڵەخورپەی ئەوەمانە کە ئەو هاوکارەی چەند چرکەیەک پێشتر، بەرلەوەی لە پەخشی راستەوخۆدا دەربکەوێ، پرس و راوێژی کردووە و هەواڵی نوێی داوینەتێ، رەنگە چەند چرکەیەک دواتر بۆخۆی ببێتە هەواڵ و مژاری رووماڵ و چیدیکە دەنگی نەبیستین و رەنگی نەبینینەوە. دەزانین رێنمایی پێویستمان داوەتە هەموو تیمەکانمان و کەرەستەی پێویستی خۆپاراستنیشمان بۆ دابینکردوون، بەڵام لە زۆنی جەنگدا ئەوەی کۆنترۆڵی میدیاکار دەکات خۆی و بوێریی خۆی و هەندێکجار دڵسۆزیی بێسنووریەتی بۆ بەدەستهێنانی دیمەن و ستۆریی باڵکێش، کە بەداخەوە جاری وا هەیە ئەمە بەنرخی گیانی تەواودەبێت.

لە شارە چۆڵەکەی حەمدانییە، چاوەڕێی هاتنەوەی شیفامان دەکرد. ئەمە دروست ئەو رۆژە بوو کە بەردەوام دڵەخورپەمان بوو روویدات، کەچی نەماندەزانی بەوشێوەیە و لە خاکی غەریبیدا لەگەڵ "شیفا" شکۆدارەکەمان روودەدات و لە پێشوازییدا رادەوەستین. کاتێک تەرمی شیفا گەیشتەوە، بەڕێوەبەری گشتیی رووداو، کە سەرچاوەی هێز و وورەی ئێمە بووە بۆ ئەو رووماڵانەی لەو چەند ساڵانەدا کردوومانە، وەک باوکێک کە بەسەر تەرمی کچەکەیدا کەوتبێت، بە دەنگی بەرز دەگریا.

بەرەو هەولێر دەهاتینەوە. تەرمی شیفامان نزیکدەکردەوە لەو ئاڵای کوردستانەی کەمێک پێشتر لەنێو تەپوتۆزدا بەجێمانهێشتبوو و رەنگە بەیانییەکەشی شیفا بە چاوە گەشەکانی و بەو خۆشەویستییەوە کە بۆ وڵاتەکەی هەیبوو دوایینجار سەیرێکی کردبێت. لەپشت سەرمانەوە ئاڵای عێراق و سیمبۆلە مەزهەبییەکانی شیعە لەنێو تەپوتۆزی ئۆتۆمبێلەکانماندا وردە وردە بزردەبوون. لەژێر ئاڵای کوردستاندا، پۆلێک پێشمەرگە بەرێزەوە بۆ شەهید "شیفا" شکۆدارەکەی خۆیان وەستابوون و سڵاوی سەربازییان بۆ کرد. وەک بڵێی دەیانەویست بە سڵاوەکەیان رۆحی لەیلا قاسم و ئەو ژنانەی دیکەمان شادبکەن کە وەک شیفا بەئازایی و بە بوێری شەهیدبوون، بەڵام بەبێنازی ئەو رۆژەیان نەبینی کە سڵاوی ژێر ئاڵایان بۆ بکرێت.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



دارین شاهین:

## بێژەری کەشوهەوا دەبێ جوان بێت

8 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







